# بەراوردکارییەک لە نێوان قانوونی هاوسەرگیریی سویدی و قانوونی باری کەسێتیی ئێراقی هەموارکراو لە لایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە

# بەراوردكارييەک لە نێوان قانوونی هاوسەرگیریی سویدی و قانوونی باری کەسێتیی ئێراقی هەموارکراو لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە

نووسینی: کاوە ب. محەمەدئەمین
بابەت: بەراوردکاری
چاپی یەکەم:
پیتچنین: نووسەر
هەڵەچنین:
نەخشەسازی ناوەڕۆک:
نەخشەسازی بەرگ:
تیراژ:
چاپ:

(( جگە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، هیچ دەزگایەک،لایەنێک یان کەسێک بۆی نییە دەستکاری ئەو دەقە قانوونییانە بکات کە لە لایەن پەرلەمانەوە دانراون، بەڵام بە هۆی کرچ و کاڵی و هەبوونی هەڵە و کەموکوڕی لە ڕێنووس و داڕشتنی هەندێ لە دەقەکانی قانوونی ژمارە ٢٠٠٨:١٥ دا، ئامادە نەبووم هەڵەکان دووبارە بکەمەوە، بۆیە ناچار بووم بەپێی توانا هەڵەبژێری بۆ بکەم و هەندێ لە دەقەکان دابڕێژمەوە بەبێ شێواندنی ناوەڕۆک و مەبەستی دەقەکان.
لە پاشکۆی ئەم پەرتووکەشدا تەواوی قانوونەکەم جارێکی دیکە بەو شێوەیە نووسیوەتەوە کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا هاتووە و لە پاراوێزی دەقەکانیشدا ئاماژەم بە سەرنج و تێبینیەکانم کردووە)).

## پێڕست

پێشەکی........................................................٧
قانوونی هاوسەرگیریی سویدی...........................١٠
نیشانکردن.....................................................٣٠
بەربەستەکانی هاوسەرگیری............................٣٢
پشکنینی بەربەستەکانی هاوسەرگیری...............٥١
مارەبڕین......................................................٥٤
جیابوونەوە ......................................................٦٨
بژێوی.........................................................٩٤
پاشکۆ.......................................................١٢٦
سوپاس......................................................١٦٧

سڵاو:

لە حەزرەتی مەلای گەورەی کۆیە (مەلا محەمەدی جەلیزادە). ئەو زانا ئایینیەی ئازادی و کامەرانی کۆمەڵگەی لە ئازادی و کامەرانی ئافرەتدا دیووە و هەردەم دژی ئەوە بووە مرۆڤ دەروێشانە ملکەچی ئایین بێت.

ئەو بیرمەندە گەورەیەی هەرگیز قایل نەبووە کولتوور و بەرژەوەندیی نەتەوە بکرێتە قوربانی ئایین.

## پێشەکی

دوای ئەوەی مرۆڤ بۆی دەرکەوت کە ژن وەک دار بەر ناگرێت و ناشێ بەبێ بەشداریی پیاو زاووزێ بکات، و فرەمێردیش کۆسپێکە لە بەردەم باوک بۆ ناسینەوەی منداڵەکانی و هەروەها گۆڕان و پێشکەوتنە بەردەوامەکانی ژیان و پتربوونی ئەرکەکانی مرۆڤ و تێگەیشتن لەم ڕاستیانە، وای کرد خێزان فۆڕمە دروست و سروشتییەکەی خۆی وەربگرێت.

لە قانوونە نووسراوەکانی پێش زایینـدا، پەیوەنـدیی خێزان وەکو یەکەیەک ڕێکخرا بوو و تێیدا ئاماژە بە ئەرک و فەرمانەکانی خێزان و بەربەستەکانی هاوسەرگیری و پەیوەندیی سێکسی نێوان کەسە پێنەشیاوەکان و سزاکانی کرا بوو.

پاش دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان، بایەخێکی پتر بە خێزان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان درا و تەواوی مافەکانی تاک بە ئایینەوە گرێدران و تێیدا زۆربەی زۆری دەسەڵاتەکان ڕادەستی پیاو کران. بەڵام دواتر بە هۆی پێشکەوتنە بەردەوامەکانی ژیان و گۆڕانی پەیوەندییە ئابوورییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایین لە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، زۆرێک لە قانوونە زەمینییەکان پەیوەندیی هاوسەرگیرییان بە جۆرێک ڕێکخست کە هاوشان بێت لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنە بەردەوامەکانی ژیان و سنووردارکردنی دیاردەی پیاوسالاری و کەمکردنەوەی جیاکارییەکان بە مەبەستی دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان ئافرەت و پیاودا.

سەرەڕای ڕێکخستنی ماف و ئەرکەکانی خێزان لە ئایینە ئاسمانییەکان و قانوونە زەمینییەکانی هەر دەوڵەتێکدا، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ڕاگەیانراوە گشتییەکەی مافەکانی مرۆڤدا

١٩٤٨ جـەختی لەسـەر مـافی پێکهێنـانی ژیـانی هاوسـەری، تەمـەنی شووکردن و بژیوی و ... تد کرد و دواتر بەشێکی ئەم مافانـەی لـە چەند پەیمانێکی نێونەتەوەییدا دارشتەوە، تاوەکو پێبەندییەکی قانوونی بۆ ئەو وڵاتانە هەبێت کە چوونەتە پاڵ ئەم پەیمانانەوە. بەشێکی ئەم پەیمانانـە دەربـارەی لانـی کـەمی تەمـەنی شـووکردن و تۆمـارکردنی گرێبەندی هاوسەرگیری و قەدەخەکردنی بەشوودانی منداڵ و پاراستنی پرنسیپی ئـازادیی بڕیـاردان لـە پێکهێنـانی ژیـانی هاوسـەری و ....تد بوون.

بـەڵام لـەم دوو دەیـەی دواییـدا پەیوەنـدیی هاوسـەری لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا ئاراسـتەیەکی پێچەوانـەی ئـەو فەلسـەفەیەی وەرگـرت کـە پێشتر ئەم پەیوەندییەی لەبەر تیشکیدا داڕێژرا بوو، ئەمـەیش لـە ڕێی ڕێگەدان بە گرێدانی هاوسەرگیری لە نێوان هاوڕەگەزبازەکان و پێدانی مـافی وەخـۆگرتن و بـواردان بـە هاوڕەگـەزبازە ژنـەکان بـە پیتانـدنی هێلکە لە دەرەوەی کۆرپەداندا.

جگـە لـەوەی کـە ئامـانج لـە هـەڵبژاردنی ئـەم بابەتـە ئاشـناکردنی خوێنـەرانـە بـە بەشـێکی قـانوونی هاوسـەرگیریی سـویدی، هاوکـات هەوڵێکیشـە بـۆ تیشـک خسـتنە سـەر قـانوونی ژمـارە ٢٠٠٨:١٥ ی پەرلـەمانی هەرێمی کوردستان و بەراوردکردنیانە بەیەکتری.

قەدەخـەنەکردنـی دیـاردەی فرەژنـی لە قـانوونی ژمـارە ٢٠٠٨:١٥ دا، بووە مایەی نیگەرانـی و بێهیوابـوونی نەیـارانی فرەژنـی، بـەڵام ئـەمە ئـەوە ناگەیـەنێت کـە کـار بـۆ سـنووردارکردنی نـەکراوە. پەرلـەمانی هەرێمـی کوردسـتان لـەم قانوونـەدا هـەنگاوی باشـی هـەڵێناوە بـۆ سنووردارکردنی دیاردەی فرەژنی. هیوادارم لە چەند ساڵی داهاتوودا، پـاش باشـتربوونی ئاسـتی گـوزەران و کەمبونـەوەی ڕێـژەی بێکـاری و چارەسـەرکردنی قـەیرانی نیشـتەجێبوون و کەمکردنـەوەی

بەربەستەکانی دیکەی بەردەم هەڵگرتنی ئەم دیاردەیە، فرەژنی بە تەواوی قەدەخە بکرێت.
هیوادارم کار بەو قانوونە بکرێت و جێبەجێکردنی ببێتە مایەی دەستەبەربوونی یەکسانییەکی پتر لە نێوان ژن و پیاودا و گێڕانەوەی بەشێکی ماف و ئازادییە زەوتکراوەکانی ژنان.

**کاوە**

## قانوونی هاوسەرگیریی سویدی (١٩٨٧:٢٣٠ )

تا سەدەی چواردەمیش لە سوید قانوونێکی یەکگرتوو نەبووە. هەر پارێزگایەو قانوونێکی تایبەت بە خۆی هەبوو. ڤێستەریۆلاند، دالەرنە، هێلسینگلاند، سۆدەرمانلاند، ئوپلاند، ڤێستمانلاند و ڤێرملاند قانوونی تایبەت بە خۆیان هەبوو. لە پارێزگای کالمار، قانوونی ئۆستگۆتە کاری پێ کراوە و لە چەقی سمۆلاندیش قانوونێکی تایبەت هەبووە بە ناوی قانوونی سمۆلاند. (گۆتلاند) یش کە وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ دەبینرا، قانوونێکی تایبەت بە خۆی هەبووە بە ناوی گیوتە لاگن. ئەم قانوونانە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئاییندا بوون.

لە ساڵی ١٧٣٤ پەرلەمانی سویدی[1] قانوونێکی تێروتەسەڵ و یەکگرتووی بۆ تەواوی سوید دانا و جێی قانوونی کریستۆفەرس لاگ و ستادس لاگی سەدەی نێوەڕاستی گرتەوە و لە ١٧٣٦/٩/١ خرایە واری جێبەجێکردنەوە. ئەم قانوونە بە قانوونی ساڵی ١٧٣٤ ناسراوە و نۆ کۆقانوون[2] لە خۆ دەگرێت. یەکێک لەو کۆقانوونانە، کۆقانوونی

---

1

هەندێ پێیان وایە ئەو کۆبوونەوەیەی لە ساڵی١٤٣٥ لە شاری ئاربووگە بەسترا بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لە پرسە گرنگەکانی تایبەت بە وڵات، یەکەمین پەرلەمانی سویدی بووە. بەڵام زۆرێک پێیان وایە دەشێ ئەو دوو کۆبوونەوەیەی بە سەرپەرشتی شا (گوستاڤ ڤاسە) لە شاری ڤێستەرۆس لە ساڵی١٥٢٧ و١٥٤٤ گرێد را بە پەرلەمان بناسرێت، کە نوێنەرانی بەگزادەکان، پیاوە ئایینییەکان، بۆرژوا و پیشەوەران و جووتیاران تێیدا بەشدار بوون. بەڵام تێرمی (پەرلەمان) لە ساڵی١٥٤٠وە لە سوید بە کار هاتووە.

2 لە زمانی سویدیدا بۆ هەندێ لە قانوونەکان وشەی کۆقانوون بەکارهاتووە، بۆ نموونە، کۆقانوونی هاوسەرگیری، کۆقانوونی دایکوباوک. کۆقانوونی تاوان و.. تد. بەڵام بە هۆی

هاوسەرگیری بووە. لە ساڵی ١٩٢٠ کۆقانوونێکی دیکەی هاوسەرگیری دانرا کە جێی کۆقانوونە کۆنەکەی هاوسەرگیریی ساڵی ١٧٣٤ ی گرتەوە. پاش گۆڕانکاری و هەموارکارییەکی زۆر، لە ساڵی ١٩٨٧ کۆقانوونێکی نوێ دانرا و لە ١٩٨٨/١/١ وە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، کە بەشێکی زۆری دەقەکانی تا ئەمڕۆش کاریان پێ دەکرێت.

کە هەلومەرجەکانی ئەمرۆی ژیان لە سوید لەگەڵ پەنجا شەست ساڵی ڕابووردوو بەراورد بکەین، دەبینین گەلێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ڕەنگە هەر دوو فەرمانی سێکسی و زاووزێکردن ڕاستەوخۆ دەستکاری نەکرابن، بەڵام هەڵوێست و تێگەیشتنە گشتییەکەی بواری سێکسی زۆر ئازادانەتر بووە و سنوورە سروشتییەکەی بەزاندووە. لە ڕوویەکی دیکەوە وابەستەیی ئابووریی ئەندامانی خێزان بە یەکترەوە بە بەراورد لەگەڵ جاران زۆر کەمتر بۆتەوە، ئەمەیش بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست لە لایەن میرییەوە. هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی ئەم وابەستەییە بەشداربوونی ئافرەتانە لە بازاری کاردا بە شێوەیەکی بەرفراوان. هەروەها ڕۆڵی دوو ڕەگەزەکەش گۆڕاوە و دەشێ بڵێین دایکوباوک دەتوانن وەکو یەک ئەرکەکانی بواری چاودێریی ماڵ و منداڵ لە ئەستۆ بگرن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە فەرمانی پەروەردەکردنی منداڵ لە ڕێی بەرفراوانبوونی چاودێریی منداڵ لە داینگە و باخچەی منداڵان هەلومەرجی نوێی بۆ ڕەخساوە.

---

ئەوەی جارێ کۆقانوون لای ئێمە بەکارناهێنرێت، لەباتی کۆقانوون، وشەی (قانوون)م بە کار هێناوە.

تا نێوەڕاستی ١٩٦٠ ەکان هاوسەرگیری لە سوید و وڵاتانی دیکەی سکاندەناڤیدا وەک تەواوی وڵاتانی جیهان تاکە ڕێگەی پێکهێنانی خێزان بووە، بەڵام دواتر شێوەی پێکهێنانی خێزان گۆڕانکاری بەسەردا هات و مۆدێلی (هاوژینی) بە واتای پێکەوەژیانی بەردەوامی ژن و پیاو لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریدا بووە شێوەی دووەمی پێکهێنانی خێزان. ئەمرۆ سێیەکی ئەو ژن و پیاوانەی لە سوید پێکەوە دەژین، لە پەیوەندیی هاوژینیدان. بەر لە ڕێکخستنی پەیوەندیی هاوژینی لە هەموو ڕووەکانییەوە لە قانوونی ژمارە ٣٧٦ ی ساڵی ٢٠٠٣ ی تایبەت بە پەیوەندیی هاوژینی، بەشێکی ئەم پەیوەندییە لە ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٨٧ لە چەند قانوونێکی سەربەخۆدا ڕێکخرا بوو.

بەپێی ماددە ١ ی قانوونی هاوژینی: **هاوژینی بریتییە لە پێکەوە ژیانی دوو کەس کە** لە پە**یوەندییەکی** بەردەوامدان لە **ماڵێکی هاوبە**شدا.

هاوژینی لە ڕووی قانوونییەوە باری خێزانی نییە و هاوژینەکان مافی میراتگرتنیان لە یەکتری نییە. ماڵ و سامانی هاوژینەکان بریتییە لەو خانوو و ناوماڵەی کە بە هاوبەشی پێکەوەیان ناوە بۆ بەکارهێنانی هەر دوو لا. ناوماڵی هاوبەشی هاوژینەکان بریتییە لە کەلوپەلی نێوماڵ و ئەو ئامێرانەی لە ماڵەوە بە کار دەهێنرێت لەگەڵ سامانی گوێزراوەی دیکەی تەرخانکراوە بۆ بەکارهێنانی هاوبەش، بەڵام نەک ئەو کەلوپەلەی کە تەرخانکراوە بۆ بەکارهێنانی یەکێک لە ژن و پیاوەکە. ئەو خانووە یان کەلوپەلەی بۆ مەبەستی کاتی ڤالا بە کار دەهێنرێت، بە خانوو و ناوماڵی هاوبەش ئەژمار ناکرێت (ماددە ٧). بەپێی بەشی یەکەمی ماددە ٨ ، کاتێک پەیوەندیی هاوژینی کۆتایی پێ دێت لەسەر داواکاری یەکێکیان سامانەکەیان بەسەردا بەش دەکرێت. بەشێکی زۆری ڕێساکانی قانوونی هاوژینی تایبەت بە ماڵبەشکردن لە قانوونی هاوسەرگیرییەوە وەرگیراوە.

ئـەم پەیوەندییـە لـە سـێ بـاردا کۆتـایی پـێ دێـت: ١. شـووکردن یـان ژنهێنـانی هاوژینـەکان یـان یـەکێک لـەوان. ٢. یـان چیتـر پێکـەوە لـە ماڵێکدا نەژین. ٣. مردنی یەکێک لە هاوژینـەکان. سـەلماندنی نـەمانی ئـەم پەیوەندییـە لـە بـاری یەکـەم و سێیەمدا ئاسـانە، بـەڵام لـە بـاری دووەمدا کارێکی ئاسان نییە. بۆ نموونە، کاتێک یەکێک لە هاوژینـەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانـە بمێنێتەوە یان لـە ژێر چاودێرییـەکی تایبـەتدا بێت، هەرچەندە کە دەبـێ بەردەوام و پێکەوە لـە ماڵێکدا بژین، بەڵام لە باری ئەوتۆدا ئەوەندە هۆکار بەدەستەوەیە کـە پەیوەندییەکـە بە پەیوەندییەکی بەردەوامبوو دابنرێت.
پێکەوەژیان لـە پەیوەندیی هاوژینیدا دەگـەڕێتەوە بـۆ چـەنـد فاکتـەرێک، لـەوانـە:

**١. بـۆ باشـتر ناسـینی یـەکتری بـەر لـە پێکهێنـانی ژیـانی هاوسەری.**

**٢. یان فاکتەری ئابووری لە پشت ئەم پەیوەندییەدایە.**

**٣. یان حەز ناکەن خۆیان لـە پەیوەندییەکدا ببەستنەوە کـە قانوون لە هەموو ڕووێکەوە ڕێکیخستووە.**

ئـەوەی تایبـەتیشـە بـە پەیوەنـدیی سێکسـی نێـوان هاوڕەگـەزبازە پێگەیشتووەکان لە ساڵی ١٩٤٤ وە لـە سوید ڕێگەپێدراوە. لـە سـەرەتای حەفتاکانیشەوە ڕێ بە پێکەوەژیانی هاوڕەگـەزبازەکـان درا. بـەڵام ئـەو پەیوەندییە لـەو ئاستـەدا نـەوەستا، لـەم دوو دەیـەی دواییدا هـەوڵێکی زۆر درا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی هاوڕەگەزبازەکان بـەو هیوایـەی ئـەم پەیوەندییـەش وەکـو پەیوەنـدیی هـاوژینی و هاوسـەری سـەرئەنجامی قـانوونی هـەبێت. کـە پەرلـەمانی سویدی لـە سـاڵی ١٩٧٣ قـانوونێکی تایبـەت بـە (مـاڵی هاوبەشـی هاوژینـەکان) ی دانـا، لیژنـەی قـانوونیی

پەرلەمانی سویدی ڕایگەیاند کە پێکەوەژیانی هاوڕەگەزبازەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی سویدییەوە فۆرمێکی پێکەوەژیانی پەسەندکراوە، بەڵام ئەوەبوو ئەوسا هیچ قانوونێک دەربارەی پێکەوەژیانی هاوڕەگەزبازەکان دانەنرا تا لە ساڵی١٩٨٧ قانوونی ژمارە ٨١٣ ی تایبەت بە پێکەوەژیانی هاوڕەگەزبازەکان دانرا. لەم قانوونەی دواییدا هاتبوو: **ڕێساکانی تایبەت بە پەیوەندیی هاوژینی دوو ڕەگەزە جیاوازەکە لە بواری ماڵی هاوبەشی هاوژینەکان بۆ پەیوەندیی سێکسی هاوڕەگەزبازیش پراکتیزە دەکرێت.** پاش دانانی قانوونی هاوژینی تایبەت بە ڕەگەزە جیاوازەکان لە ساڵی٢٠٠٣ دا، ئەم قانوونەی سەرەوە چیتر کاری پێ ناکرێت، چونکە ئەم قانوونەی دوایی بەدەر لە پەیوەندیی هاوسەری هەموو پەیوەندییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزەکان دەگرێتەوە.

لە کۆتایی هەشتاکاندا، هاوڕەگەزبازەکان پێشنیاری گرێدانی هاوسەرگیرییان کرد، بەڵام ئەوەبوو ئەم پێشنیارە ڕەت کرایەوە بە هۆی ناکۆکبوونی لەگەڵ بەهاگەلە بنچینەییەکەی هاوسەرییەوە، کە پێکهێنانی خێزان دەشێ تەنیا لە نێوان ژن و پیاودا بکرێت. ئەم پێشنیارە لە سەرەتادا نەک تەنیا ڕەت کرایە، بەڵکو بیرۆکەی هەبوونی سەرئەنجامی قانوونی لە پەیوەندیی هاوڕەگەزبازی و تۆمارکردنیشی ڕەت کرایەوە. هەندێک پێیان وا بوو تۆمارکردنی ئەم پەیوەندییە نەک هەر شتێکی زیادەیە، ڕەنگە ناڕەزایی زۆریشی لێ بکەوێتەوە.

پاش ماوەیەکی کورت، (**دەمڕاستانی ڕەفتارکردنی چوونیەک لەگەڵ کەسانی هاوڕەگەزبازدا**) خواست و داواکاریی دیکەیان خستەڕوو. ئەم داواکارییە لە ساڵی ١٩٨٩ لە قانوونی پارتنەرشیپ[1] لە دانیمارک

[1] پارتنەرشیپ بە واتای هاوبەشی دێت. بۆ باشتر ڕوونبوون و جیاکردنەوەی پەیوەندییەکە وام بە باش زانی دەستەواژەی(پارتنەرشیپ) بە کار بهێنم.

هاتەدی و تێیدا هاتبوو: ئە**و دوو کە**سە **هاوڕە**گەزبازە**ی** پەی**وە**ندیی **خۆیان تۆمار کردووە**، لە **زۆربەی ڕووەکاندا پەیوەندییەکە هە**مان ئەو سەرئەنجامە **قانوونییەی** دە**بێ**ت **کە** لە پە**یوە**ندیی **هاوسەریدا هەیە.**

لە ساڵی ١٩٩٣ نەرویژیش قانوونێکی هاوشێوەی قانوونە دانیمارکییەکەی دانا.

ئەنجوومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی سویدیش[1] لە ساڵی ١٩٩٠ پێشنیاری (قانوونی پارتنەرشیپ)ی لەسەر بنچینەی قانوونە دانیمارکییەکە کرد. بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی سویدی لە ساڵی ١٩٩١ کۆمیتەیەکی پێک هێنا و ئەرکی ئامادەکردنی پرۆژەقانوونێکی دەربارەی پارتنەرشیپی پێ سپارد. ئەم کۆمیتەیە لە ساڵی ١٩٩٣ پێشنیاری قانوونێکی دەربارەی ئەم پەیوەندییە خستەڕوو، بەڵام ئەندامانی کۆمیتەکە لەسەر ناوەڕۆکی ئەم پێشنیارە کۆک نەبوون، بەشێک لە ئەندامەکان لەباتی ئەوە پێشنیاری قانوونێکی تایبەت بە (ماڵی هاوبەش)- یان کرد، کە سەرئەنجامی قانوونی دەبێت، بێ ئەوەی ئاماژە بە پەیوەندیی هاوڕەگەزبازی بکەن. لە نێو حکومەتی سویدیشدا زۆرینە لەگەڵ دانانی قانوونێک نەبوون لەسەر بنچینەی پرۆژەقانوونەکەی ئەم کۆمیتەیەی

---

[2] ئەنجوومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی گرێدرای وەزارەتی کۆمەڵایەتییە و کار و چالاکییەکانی ئەم ئەنجوومەنە پانتاییەکی زۆر فراوان دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایتییەکان، چاودێریی تەندروستی، پاراستنی تەندروستی، لێکۆڵینەوە لە چارەسەرکردنی پەتا و بەدواداچوون بۆ ڕووداوە سروشتییەکان دەکات تا بزانێ داخۆ کاریگەری خراپی بەسەر تەندروستی هاووڵاتیانەوە دەبێت... تد. پەرلەمان و حکومەت دیاری دەکەن کە کارەکانی ئەم ئەنجوومەنە چ ڕێباز و ئاراستەڕێیەکی هەبێت.

سـەرەوە، بـە هـەر حـاڵ دەنگـی بـۆ درا و ڕەوانـەی پەرلـەمان کـرا، پەرلـەمانیش لـە سـاڵی ١٩٩٤ پەسـەندی کـرد. ئـەم قانوونـە هـەروەکو قانوونـە دانیمـارکی و نـەرویژییەکـە هـەمان سـەرئەنجامی پەیوەنـدیی هاوسەرگیری دەبێت.

هەنـدێ لێکچـوون لـە نێـوان پارتنـەرشـیپی تۆمـارکراو و پەیوەنـدیی هاوسـەریدا هەیـە: هـەر دوو پەیوەندییەکـە سـەرئەنجامی قانوونیـان هەیـە و لـە لایـەن مـارەبڕەوە ڕادەگەیـەنرێت و لـە هـەر دوو بـاردا ڕێککەوتنێک لە نێوان لایەنەکاندا هەیە کە مەرجی ئارەزوومەندی تێدا داوا کـراوە. سـەرئەنجامە قانوونییـەکانی پەیوەنـدیی (پارتنـەرشـیپی تۆمارکراو) و (پەیوەندیی هاوسەری) لە پرنـەسیپدا وەکـو یـەکن، ئـەوەی لە یەکتریان جیا دەکاتەوە ئەو دەستەواژانەن کە بۆ پەیوەندییەکان بە کار هاتوون.

پـاش ئـەوەی ئـەم قانوونـە کەوتـە واری جێبەجێکردنـەوە، هاوڕەگەزبازەکان پێ بە پێ داوای تەواوی ئەو مافانەی دیکەشیان کرد کە لە پەیوەندیی هاوسەریدا بە هاوسەرەکان دراوە. داوایان کرد بواری منـداڵ وەخۆگرتنیـان پـێ بـدرێت. ڕێگـەدان بـە هاوڕەگـەزبازەکان بـۆ وەخۆگرتنی منداڵ ناکۆکیەکی زۆری لەسـەر بـوو، بـەڵام لـە ساڵی٢٠٠٣ ئـەم مافـەشیان بۆ سـەلمێنرا. واتـە منـداڵی وەخـۆگیراو لـەبڕی ئـەوەی باوک و دایکێکی هەبێت، دەشێ دوو بـاوک یـان دوو دایکـی هـەبێت، کـە دیاردەیەکی یـەکجار ناسروشتی و نابـەجێیـە و چاوەڕوانـی لێکەوتـە و کـاریگەریی ترسـناکی بەسـەر منداڵەکـە و تـەواوی کۆمەڵگـەوە لـێ دەکرێت. لەساڵی ٢٠٠٦ وەش بواری پیتاندن لە فۆرمی پیتانـدنی هێلکـە بە ڕێی دەستکرد لە دەرەوەی کۆرپەدان بە هاوڕەگـەزبازە ژنـەکان درا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕێسایەکی تایبەت بە دایکوباوکایەتی دابنرێت کاتێـک منـداڵ دایکوبـاوکێکی هاوڕەگـەزی دەبێـت. بـەپێی مـاددە ١ ی

تایبــەت بــە پیتانــدنی دەسـتکرد، پیتانــدنی دەسـتکرد تــەنیا بــۆ ژنــی هاوسەردار و هاوژین ئەنجام دەدرا، بەڵام دوای پەسەندکردنی قانوونی پارتنەرشیپ، ئـەم ماددەیـەی سـەرەوە بـە قـانوونی ژمـارە ٢٠٠٦:٣٥١[1] هەموار کرا، تاوەکو پارتنـەری پەیوەندیی پارتنـەرشیپیش بگرێتـەوە.

پەرلـــەمانی سـویدی لـــە مایســـی ٢٠٠٩ دا دەنگـــی بـــۆ گرێـــدانی هاوسەرگیری لـە نێوان هاوڕەگـەزبازەکان دا. هـەروەها لـە نۆڤێمبـەری هـــەمان ســـاڵدا کەنیســـەیـش دەنگـــی بـــۆ پێشـــنیازی مـــارەبڕینی هاوڕەگەزبازەکان لە کەنیسە دا. داواکاریی هاوڕەگەزبازەکان گەیشتە ئـەو ڕادەیـەی کە داوای گۆڕینـی دەستـەواژەی (هاوڕەگـەزبازی) بـکەن بـۆ دەســتـەواژەی (هاوڕەگــەزی). ئــەوەبوو ئەمــەشــیان بــۆ چووەســـەر و دەستـەواژەی هاوڕەگەزی جێی دەستـەواژەی هاوڕەگەزبازی گرتـەوە.

بــە ڕای مــن پەســەندکردنی قــانوونی پارتنـەرشــیپ و ڕێگــەدان بــە هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازەکان بووە هۆی گۆڕینی ئەو فەلسەفەیەی کە قانوونی هاوسەرگیریی سویدی لەسەر بنیاتنرا بوو. لـە کۆمەڵگەیەکدا کـــە ڕێ بـــە پێکـــەوەژیانی هاوڕەگـــەزبازەکان دەدرێـــت، پێویســـتی ڕێکخستنی ئـەم پەیوەندییـە بـە قـانوون جگـە لـە سـوکایەتیکردن بـە پـەیوەندییـە سروشـتییەکەی هاوسـەری و بەزانـدنی سـنووری مـاف و ئازادییەکانی مرۆڤ، هیچی دی نییە. جا لێرەدا پرسیارێکی ڕەوا خۆی قـووت دەکاتـەوە: بـۆ دەبـێ ئـەوانـەی کـە بـە توندی دژایـەتی دیاردەی فرەژنـی دەکەن و پێیان وایە فرەژنی ڕێزنـەگرتنە لـە بەهاکانی مرۆڤ و

[1] (دەشێ پیتاندنی دەستکرد تەنیا بۆ ئەو ژنە بکرێت کە هاوسەرداره یان هاوژینداره. بۆ پیتاندنی دەستکرد داوا دەکرێ مێردەکە یان هاوژینەکەی دی بە نووسین قایل بێت. ئــەوەی لــەم دەروازەیــەدا (دەروازە ٦) بـۆ مێـرد گـوتراوە، پارتنــەری تۆمـارکراویش دەگرێتـەوە).

سووکایەتیکردنە بە ئافرەت، لە هەمان کاتیشدا لایەنگری قێزەوەنترین و ناسروشتیترین پەیوەندی دەکەن کە ئەویش پەیوەندیی هاوسەرگیری نێوان هاوڕەگەزبازەکانە. کورد گوتەنی، بانێکە و دوو هەوا. لایەنگرانی فرەژنی، لێرە و لەوێ بە جۆرێ لە جۆرەکان دیاردەی فرەژنی پینەوپەڕۆ دەکەن و چەند فەریکە ئەرگومێنتێک دەخەنە ڕوو، بەڵام لایەنگرانی هاوسەرگیریی نێوان هاوڕەگەزبازەکان هیچ ئەرگومێنتێکی ئەوتۆیان بە دەستەوە نییە بۆ پشتگیریکردن لە پەیوەندیی ئەوتۆ. کە پرسیار دەکەیت، دانایی لە بەقانوونیکردنی پەیوەندیی هاوڕەگەزبازەکان چییە؟، دەڵێن ئەمە ڕێزگرتنە لە ئازادیی تاک و ڕای گشتیش پشتگیری لێ کردووە. دەپرسم، ئایا مەرجە ئەوەی لە ڕای گشتییەوە هاتبێت عەقڵانی بێت؟ کێبڕکێی پارتە سیاسیەکان لە پێناو بەدەستهێنانی چەند دەنگێکی زۆرتر بۆ کاتی هەڵبژاردن، وای کردووە لە زۆرێک داواکاری ئەوتۆ نەک هەر بێدەنگ بن، بەڵکو بە ناوی ڕای گشتییەوە پشتگیریشی لێ بکەن بەبێ ئەوەی بە فلتەری عەقلیدا تێپەڕێت. یان دەبێ چاوەڕوانی چ دەرئەنجام و لێکەوتەیەک لە ڕێگەدان بە وەخۆگرتنی منداڵ لە لایەن دوو پیاوی هاوڕەگەزبازەوە بکرێت کە بەپێی قانوون مارەیان بڕاوە و گوایە بوون بە هاوسەری یەکتری!.

بە پێویستم زانی زۆر بە کورتی تیشک بخەمە سەر داواکاری و هەڵوێستی (پارتی دەستپێشخەریی فێمینیستی)[1] لە پەیوەندیی

---

1

پارتی دەستپێشخەریی فێمینیستی لە ئەپریلی ٢٠٠٥ دا دامەزرا و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٦ وەکو پارتێکی سیاسی بەشداری کرد. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ئەنجوومەنی ئەو پارتە پێشنیاری کرد کە چیتر بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، بەڵکو وەکو بزووتنەوەیەکی فێمینیستی خەبات بکەن بۆ فێمینیزم و دژی جیاکاری بووەستنەوە.

هاوسەرگیریدا. بەشێک لە سەران و ئەندامانی ئەو پارتە کە پێشتر ئەندامی پارتی چەپی سویدی بوون، پێشنیاری جۆرێک لە بەرەڵایی سێکسییان کرد. ئەوە لە کاتێکدا پارتی دەستپێشخەریی فێمینیستی خۆی بە دەمڕاستی ئافرەتان دەزانی و داوای یەکسانی دوو ڕەگەزەکەی دەکرد، لە کۆبوونەوەی ساڵانەیاندا لە ٢٠٠٦ دا *داوای هەڵگرتنی هاوسەرگیرییان کرد و پێشنیازی قانوونێکی نوێی پێکەوە ژیانیان کرد، جا ئەم پێکەوە ژیانە لە نێوان دوو کەس یان پتردا بێت بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزەکان. واتە ڕێگەدان بە جۆرێک لە سێکسکردنی بە گرووپ لە چوارچێوەیەکی قانوونیدا*. یەکێک لە دەمڕاستە هەرە چالاکەکانی ئەو پارتە خاتوو(گودرون شیمان)[1] بوو. ئەم خاتوونە ڕیزەکانی پارتی چەپی سوێدی جێ هێشت بە بیانووی ئەوەی سیاسەتی پارتی چەپ لە بواری فێمینیزمدا سستە، ڕۆنتر بڵێین پارتەکەی بانگێشە بۆ بەرەڵایی سێکسی ناکات. زۆربەی زۆری هاووڵاتیانی سوید لەگەڵ ئەم پێشنیارە نەبوون، ئەوەبوو لە ڕاپرسییەکی ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئەفتون بلادێت بە ناونیشانی: (**بە ڕای تۆ هەڵگرتنی هاوسەرگیری پێویستە؟**)، کە نزیکەی ٣٥٠٠ خوێنەری ئەم ڕۆژنامەیە لە دەمی وچانی فراڤیندا بەشداریان تێدا کردبوو، ١٣%

---

[1] گودرون شیمان لە ساڵی ١٩٤٨ لە ستۆکهۆڵم لەدایک بووە و ئەندامێکی چالاکی پارتی چەپی سویدی بوو. لە ساڵی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٣ سەرۆکی ئەو پارتە بووە و لە ساڵی ٢٠٠٦/١٩٩٨ بووە بە پەرلەمانتار. لە سەرەتای دێسەمبەری ٢٠٠٤ دا ڕیزەکانی پارتی چەپی بە جێ هێشت. هەر ئەو دەمە پارتی چەپ داوای لێ کرد پەرلەمان بە جێ بهێڵێت، چونکە لە ڕێی پارتەکەیانەوە گەیشتۆتە پەرلەمان، بەڵام گودرون پێی وا بوو وەکو ڕێزێک بۆ ئەوانەی دەنگیان پێ داوە، دەبێ لە کاری پەرلەمانتاریدا بەردەوام بێت.

ی بــه (بــەڵێ) و ٨٤% یــش بــه (نــا) وەڵامیــان دایــەوە. ئــەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٦ یش بەڵگەیەکی دیکە بوو بۆ شکستهێنانی ئــەو پــارتە سیاسییە بــە هــۆی پێشنیار و داواکارییــە ناسروشــتییەکانییەوە. پــارتی دەستپێشــخەریی فێمینیســتی لــە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپای ساڵی ٢٠٠٩ توانی تەنیا ٢،٢٢% ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سویدیی ساڵی ٢٠١٠ دا تەنیا ٠،٤٠% ی دەنگەکانی بەدەست بهێنێت، بەوە دووچاری شکستێکی زۆر گــەورەتر بــوون، کــە ئەستەمە جارێکی دی بــە نــاوی فیمینیستەکانەوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن.

لە قانوونی سویدیدا هیچ دەستەواژەیەکی چوونیەک بۆ دەستەواژەی خێزان نییە. ئەو دوو کەسەی هاوسەرگیری دەکەن یان پێکەوە لە دەرەوەی گرێبەندی هاوسەرگیریدا دەژین یان ئەو دوو هاوڕەگەزبازەی خۆیان ناونووس دەکەن، دەشێ هەموو ئەم پەیوەندییانە خێزان پێک بهێنن. بە بڕوای من بەدەر لە پەیوەندیی هاوسەری، ناشێ لە ڕێی هیچ پەیوەندییەکی دیکەوە خێزان پێک بهێنرێت. ئەم پەیوەندییەی دوایی، پەیوەندییەکی سروشتییە و هەموو پەیوەندییەکی ناسروشتی لێکەوتەی نێگەتیڤ و ترسناکی دەبێت.

دوای ئەوەی بە کورتی تیشکمان خستە سەر هەر دوو پەیوەندیی هــاوژینی و پارتنەرشیپ، جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکیەکەمان کە ئەویش هاوسەرگیرییە.

قــانوونی هاوســەرگیریی ١٩٨٧ ئــەو پەیوەندییــە هاوســەرییەش دەگرێتەوە کە بەر لە کارپێکردنی ئەم قانوونە گرێدراوە.
پرنسیپی (پیشتریش گرتنــەوە)ە ی ڕێسا نوێکان بۆ پەیوەندییە قانوونییە لە ئارابووەکان لە زوویێکەوە لە سوید وەکو ڕێنوێن لە دارشتنی قانوونی خێزاندا پەسەند کراوە. بەم شێوەیە دەشێ ئەو

ڕێسـایانەی کـە لەسـەر بنچینـەی بەهاگەلـە نوێکـان دامـەزراوە لـە ماوەیەکی گونجاودا کاریگەر بێت، هاوکات خۆ لە زیانە پراکتیکیەکانی سستمی دەبڵ ڕێسا بـەدوور دەگیرێـت کـە لەوانەیـە بـۆ دەیـان ساڵ پراکتیزەکردنی پێویست بێت.

پراکتیزەکردنی ڕێساکانی(قانوونی بۆماوە/میرات) پەیوەستە بـەوەی ئەگەر خاوەنی جێماوەکـە دوای ئـەوەی کـە قانوونەکـە دەکەوێتـە واری جێبەجێکردنەوە مردبێت، ئەگەر پێشتر مردبێت بێ گومـان لـەم بـارەدا کار بە ڕێسا کۆنەکان دەکرێت.

هەروەها ڕێوشوێنە قانوونییە تایبەتـەکانی کـە بـەر لـەوەی قـانوونی هاوسەرگیری بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەنجام درابن، دەبێ هەر بەو ڕێسایانە حوکمی لێ بدرێت کە لە کاتی وەرگرتنـی ڕێوشوێنەکاندا لـە کـاردا بـوون. بـۆ نموونـە، قـانوونی هاوسـەرگیریی سوێدی مـەرجی ئامادەبوونی شایەدی بۆ بە قانوونیبوونی (ڕێککەوتنی هاوسەرەکان بـۆ دیـاریکردنی سـامانی تایبـەت و ڕێککـەوتن لەسـەر ماڵبەشـکردن) هـەڵگرتووە. ڕێککـەوتنێکی پێکهـاتوو کـە بـە هـۆی ئامادەنـەبوونی شایەدەوە پووچەڵە، ناشێ کاریگـەری هـەبێت، بـە هـۆی ئـەوەی ئێستا مـەرجی ئامـادەبوونی شـایەد لـە قـانوونی هاوسـەرگیریدا هـەڵگیراوە. قـانوونی هاوسـەرگیریی سویدی سـەد و بیست و حـەوت مـاددە لـە خـۆ دەگرێـت و بەسـەر هـەژدە دەروازەدا[1] دابـەش کـراوە. لـەم بابەتـەی بەردەستان تەنیا ئامـاژە بەو بابەتانەی قانوونی هاوسەرگیریی سویدی

[1] ڕاستتر دەبوو لەباتی وشەی (دەروازە )وشەی (بەش)م بە کار هێنابا، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە قانوونی سویدیدا وشەی بەش لە دابەشکردنی دەقە قانوونیەکاندا بە کار هاتووە، بە باشترم زانی وشەی دەروازە بە کار بهێنم بۆ تێکەڵ نەبوونی وشەی بەش کە هاوکات لە دوو شوێن بەکاردەهێنرێت.

دەکـــەین کـــە لـــە قـــانوونی ژمـــارە ١٥:٢٠٠٨ ی پەرلـــەمانی هـــەرێمی کوردستاندا هاتووە.

قـــانوونی هاوســـەرگیریی ســـویدی لـــە دەروازەی یەکەمیـــدا لـــە ژێـــر ناونیشانی ڕێسا گشتییەکان کە لە پێنج مادده پێکهاتووە بەم شێوەیە پێناسەی هاوسەرگیری کردووە:

هاوسەرگیری لە نێوان ژنێک و پیاوێکدا دەکرێت، ئەوانەی هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، دەبنە هاوسەر (مادده ١ ). دە ێ هاوسەرەکان دڵسۆز و خەمخۆری یەکتری بن و پێکەوە چاودێریی ماڵ و منداڵ بکەن و بە ڕاوێژ کار بۆ چاکە ی خێزان بکەن (مادده ٢ ). هەر یەک لە هاوسەرەکان دەسە ڵاتی بە سەر سامانی خۆیدا هەیە و بەرپرسیارە لە قەرزەکانی خۆی (مادده ٣ ). دە ێ هاوسەرەکان خەرجی و کارەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و ئەو زانیاریانە بە یەکتری بدەن کە پێویستن بۆ خەملاندنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی خێزان (مادده ٤). هاوسەرگیری لە ڕێی مردنی یەکێک لە هاوسەرەکانەوە یان لە ڕێی جیابوونەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە (مادده ٥ ).

ئەگەر سەرنج بدەینە نێوەڕۆکی مادده ١، دەبینین بە ڕوونی ئاماژە بە یەکژنی و یەکمێردی کراوە. بەڵام هەندێ لە پسپۆرانی قانوونی خێزان پێیان وابوو پێویستی نە دەکرد ئاماژە بە یەکژنی و یەکمێردی بکرایە، چونکە فرەژنی یان فرەمێردی دیاردەیەکی نامۆیە بە کولتوورە ئەوروپاییەکان و دەبوو ڕوونیش بکرایەتەوە کە هاوسەرگیری تەنیا لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا دەکرێت.

من پێم وایە جگە لەوەی کە مادده ١ بە ڕوونی ئاماژەی بە یەکژنی و یەکمێردی کردووە، لە هەمان کاتدا جەختیشی لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ لە نێوان دوو ڕەگەزە جیاوازەکەدا بێت. بەڵام دوای

پەسەندکردنی قانوونی پارتنەشیپ، بەشێک لە دەقەکانی قانوونی هاوسەرگیری وردە وردە هەموار کران و بواری ئەم مشتومڕەی نەهێشتەوە. دەقی مادده ۱:۱ لە ڕێی قانوونی ژمارە ۲۰۰۹:۲۵۳، بەم شێوەیە هەموار کرا:

**لەم قانوونەدا چەندین ڕێسای لەمەڕ پێکەوەژیان لە هاوسەرگیریدا هەیە**. ئەو دوو کە **سەی هاوسەرگیری دەکەن**، دەبنە **هاوسەر**.

مەبەست لەم هەموارکارییە زەمینەخۆشکردن بوو بۆ یەکگرتنەوەی ڕێساکانی قانوونی پارتنەرشیپ و قانوونی هاوسەرگیری. ئەگەر سەرنج بدەین،(**ئەو دوو کەسەی هاوسەرگیری دەکەن....**) جێی (**هاوسەرگیری لەنێوان ژنێک و پیاوێکدا دەکرێت**)ی گرتۆتەوە. (**دەبنە هاوسەر**) وەک خۆی ماوەتەوە بەبێ سەربارکردنی دەستەواژەی(پارتنەر) کە تایبەتە بە پەیوەندیی پارتنەرشیپ. ئەم دەستەواژەیە بۆ چەند دەقێکی ئەم قانوونە سەربار کراوە، کە دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین. هێشتنەوەی دەستەواژەی (هاوسەر) لەم دەقەی سەرەوە مەبەست لێی دووبارە هەموارنەکردنەوەی ئەم دەقە بووە لە کاتی بواردان بە هاوسەرگیریی لە نێوان هاوڕەگەزبازەکاندا، کە هاوڕەگەزبازەکان بەردەوام لە هەوڵی بێوچاندا بوون بۆ ئەوەی پەرلەمان دان بنێت بە مافی هاوسەرگیریکردنیان.

ئەوەی تایبەتیشە بە نێوەڕۆکی دەقی مادده ۲ هەر لە قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ۱۹۲۰وە ئاماژە بە ڕێسای تایبەت بە ئەرکداری ژن و مێرد کراوە کە ژن و مێرد دڵسۆز و خەمخۆر و هاوکاری یەکدی بن و بە ڕاوێژ پێکەوە کار بکەن بۆ چاکەی خێزان. لیژنەی دارشتنی قانوون پێی وا بوو ناشێ ئەو ماف و ئەرکانەی کە تەواو کەسین بە قانوون ڕێک بخرێن، بەو واتایەی ناشێ هەستی دوو کەس بەرامبەر یەکتری بە قانوون ڕابگیرێت، لەبەر ئەوەی بەر لە هەموو شتێک سروشتێکی

ئاکاری هەیە و پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی تاکەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا نابێ لە یاد بکرێت، کەمتەرخەمی و هەڵسوکەوتی نادروستی هەر یەک لە هاوسەرەکان کاریگەری بەسەر هاوسەرەکەی بەرامبەری و تەواوی خێزانەکەوە دەبێت، بۆیە بەشێکی هەرە زۆری ماف و ئەرکە کەسییەکان دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری چیتر کەسی نامێنێت، بەلکو هەر دوو لا بەشدار و هاوبەش دەبن تێیدا، بۆیە دەبێ تەواوی سەرئەنجامەکانی پەیوەندیی هاوسەری بە قانوون ڕێک بخرێت. بۆ نموونە، پێشێلکردنی ئەرکی داوێنپاکی بەپێی قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ١٩٢٠ و تا ئەم دواییەش لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکێکی کەسی بووە، تاوانێکی هاوسەریش بووە و هاوسەرەکەی دی توانیویەتی ڕاستەوخۆ داوای جیابوونەوە بکات.

هەروەها لە ماددە ٢ دا جەختی لەوە کراوەتەوە چۆن کاری ناوماڵ و چاودێریکردنی منداڵ ئەرکی ژنە هی پیاویشە، واتە هاوبەشن لە ئەنجامدانیدا. دەقی قانوونیی ئەوتۆ توانیویەتی کار بکاتە سەر هەڵوێستی مرۆڤ لە پەرەپێدانی یەکسانیی ڕاستینە لە نێوان ئافرەت و پیاودا.

لە ڕێکخستنی ماڵ و سامانیشدا، پرنسیپی دەسەڵاتداری هەر یەک لە هاوسەرەکان بەسەر سامانی خۆیدا و بەرپرسیاربوون لە قەرزەکانی لەو دەمەوە کاری پێ دەکرێت کە قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ١٩٢٠ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە.

ماددە ٤ یش کۆمەڵێک ڕێسای لەمەڕ پەیوەندیی نێوخۆیی هاوسەرەکان لە خۆ گرتووە، کە هاوسەرەکان بەرپرسیاریەتییەکی هاوبەشیان هەیە لە چەندین شتی جیاواز لە بەخێوکردنی خێزاندا. دەبێ هەر دووکیان تێبکۆشن بۆ بەشداریکردن لەو شتە جیاوازانەدا.

بێ گومـان پێویستـە هاوسـەرەکان لـەگـەڵ یەکدی ڕاشکاو بـن و متمانـە لـە نێوانیاندا هـەبێت و هـیچ زانیارییـەک دەربـارەی بـاری ئابووریییـان نـەشارنـەوە. ڕێسای لـەمەڕ ئـەرکداری پێدانـی زانیاری ئـەو دەمە بایـەخـی پتـر دەبێـت کـە هاوســەرەکان ناتــەبان و ئـەگــەری هــەڵوەشـانـەوەی پەیوەندییەکـە گەورەیـە. لـە بـاری ئـەوتۆدا گرنگـە هاوسـەرەکان لـە دەســەڵاتی ڕەفتـارکردنـی یـەکتری ئاگـادار بـن و دەرفـەتی چـاودێریی بـەرژەوەندییـەکانیان هـەبێت. لـە مـاددە( ٥ )یشدا ئامـاژە بـە چـۆنێتی هەڵوەشـانـەوەی گرێبـەنـدی هاوســەرگیری کـراوە کـە لـە ڕێـی مردنــی یەکێک لە هاوسەرەکانەوە یان لە ڕێی جیابوونەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە، کە لـە زووربـەی هـەرە زۆری قانوونـەکاندا بـەو شێوەیە هاتووە.

لــە پـاڵ دەقــەکانی قـانوونی هاوســەرگیریی سـویدیدا، ئامــاژە بــەو دەقانــەی قـانوونی بـاری کەسێتیش دەکـەیـن کـە لـە قـانوونی ژمـارە ٢٠٠٨:١٥ ی پەرلــەمانی هــەرێمی کوردســتاندا هــاتووە. پەرلــەمانی هەرێمــی کوردســتان تــوانی لــەم قانوونــەدا بــەرگێکی تـا ڕادەیــەک کوردستانـی بە بەر هەندێ لە دەقـە ئێراقییەکانـدا بکـات و کاریگـەریی کولتووری ئومەی عەرەبییان بەسەردا کەم بکاتەوە.

پەرلـەمانی هەرێمی کوردستان بـەپێی قانوونـی ژمارە ٢٠٠٨:١٥ ، بڕگـە ١ ی مــاددە ٣ ی قــانوونی بــاری کەســێتی ئێراقیــی ژمــارە ١٩٥٩:١٨٨ ی تایبـەت بـە پێناسـەکردنـی هاوسـەرگیری ڕاگـرت و لـە مـاددە ١ یـدا بـەم شێوەیە پێناسەی هاوسەرگیری کردووە:

**هاوسەرگیری گرێبەندێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاودا، کە بە هۆیەوە هەر یەک بۆ ئەوەکەی دی بەپێی شەرع حەلاڵ دەبێت و مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لە سەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەیی و بەرپرسیارێتی هاوبەش بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونە.**

ئامـــاژەدانی ڕاســـتەوخۆ بـــە ئارەزوومەنـــدی لـــە پێناســـەکردنی هاوسـەرگیریدا دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی دیـاردەی بـەزۆر بەشـوودان لـە کۆمەڵگــەی کوردســتانیدا. نــەبوونی ئارەزوومەنــدی وەک یــەکێک لــە پایەکانی گرێبەندی هاوسەرگیری دەبێتە کۆسپێک لە بەردەم دروستی گرێبەندی هاوسەرگیریدا. بەڵام لە وڵاتێکی وەک سوید و زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە هۆی دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانی تاک و نـەبوونی دیـاردەی زۆرلێکـردن لـە پێکهێنـانی ژیـانی هاوسـەریدا، لـە پێناســەی هاوســەرگیریدا **بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ** ئامــاژە بــە دەســتەواژەی(ئارەزوومەنــدی) نــەکراوە. بــەڵام دوای نیشــتەجێبوونی نزیکەی چوارسەد هەزار مسوڵمان لە سوید و ڕوودانی چەندین کێشـەی بــە زۆر بــەشــوودان وای کــرد حکومــەتی ســویدی لــە ســاڵی٢٠٠٣ پـرۆژەبڕیارێـک (٢٠٠٣/٤:٤٨)[1] پێشـکەش بـە پەرلـەمان بکـات بـە مەبەستی وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ پتەوکردنی پاراستنی تاک و ڕێگرتن لە بەشوودانی منداڵ و هاوسەرگیریی بەزۆر لە لایەن خێزانە مسوڵمانە کۆچبەرەکانەوە.

---

[1] ناوەڕۆکی ئـەم پرۆژەبڕیـارە گۆڕینی قانوونەکـە بـوو بـەو ئامانجـەی پاراستنی تـاک پتەوتر بکات لە بە تۆبزی بەشوودان و هاوسەرگیریکردن لە تەمەنێکی زوودا. ڕێساکان بــە شـێوازێک پێشـنیاری گۆڕانکارییــەکانی کـردووە کــە پشـکنینی بەربەسـتەکانی هاوسەرگیری لە بەردەم دەسەڵاتداریی سویدیدا هەردەم بەپێی قانوونی سویدی بێت. ئەگەر هیچ کام لە لایەنەکان پەیوەستی بە سویدەوە نەبێت لە ڕێی هاووڵاتینامە یان شوێنی نیشتەجێبوونەوە، دەشێ قانوونی هەر یەک لـە لایەنەکانیش پراکتیزە بکرێن، جا قانوونی ئەو وڵاتە بێ کە هەڵگری هاووڵاتینامەکەیەتی یان نیشتەجێی ئـەو وڵاتـە بێت. یەکێک لە سەرئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییە ئەوەیە کە هیچ کەسێک لـە سوید بەبێ بوونی مۆڵەتی تایبەت ناتوانێت بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵی هاوسەرگیری بکات.

لــەم ڕووەوە پەرلــەمانی هەرێمــی کوردســتانیش ســزای دیــاردەی زۆرلێکردنــی تونــدتر کــرد و لــە مــاددە ٦ ی قــانوونی ژمــارە ٢٠٠٨١٥ دا کــارکردنی بــە هــەر دوو بڕگــەی ١ و ٢ ی مــاددە ٩ ی قانوونــە ئێراقییەکــە ڕاگرت. بەپێی بڕگە ١ ی ماددە ٦ ی قانوونە کوردستانییەکە ناچارکردنی هاوســەرگیری دوای چوونــە پــەردەوەش ڕادەگیرێــت بــە پێچەوانــەی قانوونە ئێراقییەکە. لە بڕگە ١ ی ماددە ٦ دا هاتووە:

**بێ هیچ خزمێک یان کەسێکی بیانی کەسێک ناچار بکات چ نێر بێت چ ێ بۆ هاوسەرگیریکردن بە ێ ڕەزامەندیی خۆی. گرێبەندیی ب زۆری بە نادروست دادەنرێت ئەگەر نەچووبێتە پەردەوە و لەگەڵیدا جووت نەبووبێت، ئەگەر چووبیش ئەوا ڕادەگیرێت**[1].

**هەروەها ابێ هیچ خزمێک یان کەسێکی بیانی ڕێ لە هاوسەرگیریکردنی کەسێک بگرێت کە بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونە شایستەیی هاوسەرگیریکردنی هەیە.**

ئەوەی جێی سەرنجە ناچارکردنی کەسێک بۆ هاوسەرگیریکردن بە واتای ئەوە دێت کە ئەو کەسە بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نییە، بۆیە پێویستی نەدەکرد پەرلەمانی هەرێم ئاماژە بە( بەبێ ڕەزامەندی خۆی) لەو دەقەدا بکات.

بەپێی بڕگە ٢ ی هەمان ماددە: **هەر کەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگە ١ ی ئەم ماددەیە بکات، بە لانی کەم دوو ساڵ، ئەوپەڕی پێنج ساڵ زیندانی سزا دەدرێت ئەگەر خزمی پلە یەک بێت. بەڵام ئەگەر سەرپێچیکارەکە خزمی پلە یەک نەبوو، بە لانی کە سێ ساڵ، ئەوپەڕی دە ساڵ زیندانی سزا دەدرێت.**

---

[1] ئەم بڕگەیە و بڕگەی دووەمی هەمان ماددەم داڕشتۆتەوە، بڕوانە پاشکۆی ئەم پەرتووکە.

ئامانج لە هەمواركردنی دەقە ئیراقییەكە و دارشتنی برگەی دووەمی ئەم ماددەیە سنووردارکردنی دەسەڵاتی دادوەرە لە دیاریکردنی سزاکەدا، ئەمەش لە رێی دیاریکردنی لانی کەمی سزاکە بە پێچەوانەی دەقە ئێراقییەکە کە لانی کەمی سزاکەی دیاری نەکردووە. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەم برگەیەدا سزای بژاردنیشی هەڵگرت. بە رای من توندکردنی ئەم سزایە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کارێکی زۆر پێویست بوو.

*زۆر گرنگە لێکدانەوەیەکی جیاوازمان هەبێت لە دیاریکردنی سزای تاوانی زۆرلێکردنی کەسوکار یان کەسانی بیانی لە بەشوودان و ژنهێنانی کەسانی دی بە بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی دیکە، چونکە ئەم تاوانە لە کاتی شڵەژان و زاڵبوونی هەست بەسەر هۆشدا روونادات.*

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ماددە ۱ دا ئاماژە کراوە بەوەی کە پێکهێنانی خێزان لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەییدا دەبێت کە ئەمەش خەمخۆری و دڵسۆزی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها لەم دەقەدا هەروەکو دەقە سویدییەکە ئاماژە بە **بەرپرسیاریەتی هاوبەش** کراوە، کە مەبەست لێی جەختکردنە لەسەر بەرپرسیاریەتی هاوبەشی ژن و مێرد و هەروەها پتەوکردنی یەکسانی نێوان هەر دوو رەگەزەکەیە. هەرچەندە لە ماددە ۸ ی قانوونەکەدا ئەو بەرپرسیاریەتە هاوبەشە بەدی ناکرێت.

هەموارکارییەکی دیکەی کە لە برگە ۱ ی ماددە ۳ ی قانوونی باری کەسێتی ئێراقی (۱۹۵۹:۱۸۸) تایبەت بە پێناسەی هاوسەرگیری کرا، هەڵگرتنی دەستەواژەی (وەچە) و سەربارکردنی دەستەواژەی (بەرپرسیاریەتی هاوبەش) بوو بۆ دەقەکە وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا. بە رای من لادانی دەستەواژەی وەچە خاڵێکی پۆزەتیڤی قانوونی ژمارە ۲۰۰۸:۱۵ یە، چونکە مەرج نییە هەموو هاوسەرگیرییەک منداڵی

لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر منداڵیان بوو، ئەوسا بەرپرسیاریەتییەکە لە بواری چاودێریی منداڵ و تەواوی ئەرک و مافەکانی دیکە بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونە هاوبەش دەبێت.

ئەوەی تایبەتیشە بە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستاندا هەروەکو قانوونی هاوسەرگیریی سویدی لە ڕێی مردنی یەکێک لە هاوسەرەکان یان لە ڕێی جیابوونەوەی هاوسەرەکانەوە دەبێت بە جیاوازی مافی جیابوونەوە و هۆکارەکانی کە دواتر تیشکی دەخەینە سەر.

هیوادارم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا بەکارهێنانی *هەر دوو دەستەواژەی (شەرع و حەلال) سنووردار بکات و ئەوەندەی بکرێت ئایین تێکەڵ بە قانوون نەکرێت، چونکە ئایین پەیوەستە بە ژیانی رۆحی مرۆڤەوە و پێویستە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە قانووندا ڕێک بخرێن و بپارێزرێن، نەک بە ئایینەوە گرێ بدرێن.*

## نیشانکردن

نیشـانکردن، وەکـو قۆنـاخـی یەکـەمـی هاوسـەرگیری لـە سوید و وڵاتـانـی دیکەی سکاندەناڤیدا لـە ڕۆژگارێکی زووەوە بـە پێویست زانـراوە. بـەڵام ئـەوە هـیچ کاتێـک مـەرجێک نـەبووە کـە ئـەو ژن و پیـاوەی ئەلقـەیان گۆڕیوەتـەوە دەبێ ژیانـی هاوسەری پێک بهێنن. ئەمڕۆ داوا نـەکراوە کـە دەبێ نیشانکردن پێش مارەبڕین ئـەنجام بـدرێت، بـەڵام وەک نـەریتێک تا ئێستاش نیشانکردن لـە سوید و کوردستان و زۆربـەی وڵاتـانـی جیهاندا سیرمۆنییەکی باوە.

کـە دەقـەکانی تایبـەت بـە نیشـانکردن لـە سـاڵی ١٩٧٣ لـە قـانوونی هاوسەرگیریی سویدیدا هەڵگیران، کارەکتـەری نیشـانکردن وەک مـاوەی تاقیکردنـەوە ئامازەی بۆ کراوە و هەر دوو لا تەواو ئازادن لـە پێکهێنانـی ژیانـی هاوسەری یان هەڵوەشاندنـەوەی ئەو پەیوەندییـە. زۆرێک پێیـان وایـە هـەبوونی سـەرئەنجامی قـانوونی لـە نیشـانکردندا دەبێتـە هـۆی پێکهێنـانـی پەیوەندییـەکی نەشـیاو کـە کـار دەکاتـە سـەر (ئـازادیی هەڵبژاردن) ی پیاوەکە یان ژنـەکە.

سەرهەڵدانی(پەیوەندیی هاوژینی) وای کردووە دیاردەی نیشانکردن لـە سوید و وڵاتـە سکاندەناڤیـەکـانی دیکـەدا کـەمتر ببێتـەوە. پچڕانـی ئـەم پەیوەندییە جا پێکەوەژیانی ژن و پیاوەکـە لـە چوارچێوەی پەیوەنـدیی هـاوژینی یـان نیشـانکردندا بێـت هەمیشـە هـۆ بەدەستەوە دەدات کـە سـەرئەنجامی قـانوونی لـێ بکەوێتـەوە، ئەگەرچـی قـانوونی هاوسەرگیریی سویدی ئامازەی بۆ هیچ ڕێسـایەکی ئـەوتۆش نـەکردبێت. بۆیە دەبینین سەرەڕای هەڵگرتنی دەقەکانی تایبەت بە نیشانکردن لـە قانوونی هاوسەرگیریی سویدیدا، بنەما گشتییە قانوونییەکانی تایبـەت

بە توانستی ئابووری لە پرسی گێڕانەوەی دیاری و بەرپرسیاریەتی لە پێدانی قەرەبوو بە لایەنی بەرامبەر، هەر پراکتیزە دەکرێن. هەروەها دەشێ ئەو پیاوەی ژنەکە دووگیان دەکات و دوای ئەوەیش هەر خۆیشی پەیمانەکە دەشکێنێت، ناچار بکرێت بە پێدانی قەرەبوو. لەدایکبوونی منداڵ لە ماوەی نیشانکردن یان نیشانکردن دوای لەدایکبوونی منداڵەکە، ماف بە ژنەکە دەدات داوای بژێوی لە سامانە جێماوەکەی پیاوەکە بکات، ئەگەر پیاوەکە مردبێت و ژنەکەش دەستکورت بێت.

لە هەرێمی کوردستانیشدا نیشانکردن بە گرێبەندی هاوسەرگیری دانانرێت.

## بەربەستەکانی هاوسەرگیری

بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی مارەبڕین، دەبێ ئەو بەربەستانە بپشکنرێن کە ڕێگرن لە بەردەم گرێدانی هاوسەرگیریدا. بۆ ئەم مەبەستە داخوازینامەی تایبەت بە پشکنینی بەربەستەکان لە سوید لە لایەن ژن و پیاوەکەوە پێشکەش بە فەرمانگەی باج دەکرێت[1].

قانوونی هاوسەرگیریی سویدی لە ساڵی١٩٦٨ و١٩٧٣ زۆرێک لەو بەربەستانەی هەڵگرت کە پێشتر لە قانوونەکەدا هاتبوون، ئەمەیش بە پشتیوانی و پشتگیری ئەو بۆچوونە بوو، کە ناشێ بەربەستێکی بەردەم هاوسەرگیری ببێتە کۆسپ لە بەردەم پێکەوەژیانی ژن و پیاودا.

فاکتەرە بۆماوەیی و کۆمەڵایەتییەکان لە پشت بەربەستەکانی هاوسەرگیرییەوەن. ئێستا ژمارەی بەربەستەکانی هاوسەرگیری زۆر سنووردار کراوە و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکە گەورەترین بەربەستی بەردەم هاوسەرگیرییە، دانەرانی قانوونیش ویستوویانە ئاماژە بۆ هەندێ لەو پەیوەندییانە بکەن کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە بە پەیوەندیی نەشیاو و ناپەسەند ناسراون. قانوونی هاوسەرگیریی سویدی دەروازەی دووەم و سێیەمی تایبەت کردووە بە بەربەستەکانی هاوسەرگیری و پشکنینی بەربەستەکان.

---

[1] لە سوید، فەرمانگەی باج چەندین ئەرکی دیکەش ڕادەپەڕێنێت، لەوانە: وەرگرتنی باج، تۆمارکردنی ناوی لەدایکبووان، ناو گۆڕین، پێدانی ژمارەی کەسی، بەڵگەنامەی تایبەت بە زانیاریی کەسی، تۆمارکردنی ئەدرێس و گۆڕینی و تۆمارکردنی گرێبەندی هاوسەرگیری و تد.

بەربەستەکانی هاوسەرگیری بریتین لە سێ بەربەستی جیاواز، بە هۆی:

- **تەمەن** (مادده ٢:١)[1]
- **خزمایەتی** (مادده ٢:٣)
- **هاوسەرداری پیاوەکە یان ژنەکە** (مادده ٢:٤)، **یان پارتنەربوون لە پارتنەرشیپی تۆمارکراودا** (قانوونی ژمارە ١٩٩٤:١١١٧).

بەپێی قانوونی ساڵی ١٧٣٤ تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ژن و پیاو جیاواز بوو. تەمەنی ژنهێنان ٢١ ساڵ و تەمەنی شووکردن ١٥ ساڵ بوو. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ دا تەمەنی ژنهێنان کەم کرایەوە بۆ ١٨ ساڵ و تەمەنی شووکردن هەر لە ساڵی ١٨٩٢ وە بەرزکرایەوە بۆ ١٧ ساڵ و لە ساڵی ١٩١٦ وە کرا بە ١٨ ساڵ.

ئەوەی تەمەنی لە ژێر ١٨ ساڵاندایە و دەیەوێت شوو بکات یان ژن بهێنێت، دەبێ داوای مۆڵەت لە ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایە بکات کە لێی نیشتەجێیە. لانی کەمی تەمەنی شووکردن لە سوید ١٦ ساڵە. لە مادده ١ ی دەروازە ٢ ی قانوونی هاوسەرگیریی سویدیدا هاتووە:

**ئەوەی** تەمەن**ی** لە **ژێر** ١٨ **ساڵاندایە بۆی نییە** بە **ێ مۆڵەتی** ئەو دەسە**ڵاتدارییەی کە** لە مادده ١٥:١ دا ئاماژە**ی بۆ** کراوە **هاوسەرگیری بکات. دە**ش **ێ مۆڵە**ت تە**نیا ئەو کاتە بدرێت کە هۆکاری تایبەت هەبێت**.

وەک لە مادده ١ ی دەروازە ١٥ دا هاتووە: داخوازینامەی وەرگرتنی مۆڵەتی هاوسەرگیری بەپێی ئەم دەقەی سەرەوە و مادده ٢:٣ لە لایەن

---

[1] مادده ٢ ی ئەم دەروازەیە بە قانوونی ژمارە ١١٩٨:١٢٥٤ لە قانوونی هاوسەرگیریدا هەڵگیرا.

ئـەو ئـەنجوومـەنـی پارێزگـایـەوە دەپشـکنرێت کـە داواکارەکـەی لـێ ناونووس کراوە. ئەگەر ئـەنجوومەنێکی ئـەوتۆ لـە شوێنی نیشتـەجێبوونی ئـەو کەسـە نـەبوو، داخوازینامەکـە لـە لایـەن ئـەنجوومـەنـی پارێزگـای سـتۆکهۆڵمەوە دەپشـکنرێت. لـە بابەتـەکانی پەیوەندیـدار بـە خوارتـەمەنـەوە[1]، دەبـێ ئـەنجوومـەنـی پارێزگـا بەخێوکـەری خوارتـەمـەنـەکە ئاگـادار بکـات و بـواری ڕا دەربڕینـی پـێ بـدات، ئـەگـەر ئـەوە کردەبـار بـوو. ڕا دەربـڕین و ئـەو زانیاریـانـەی بایەخـدارن بـۆ هەڵسـەنگاندنی پرسـەکە لـە لیژنـەی کۆمەڵایـەتی[2] ئـەو شـارەوانییەوە وەردەگیرێـت کـە خوارتـەمـەنـەکـە نـاوی لـێ تۆمـارکراوە. ئـەگـەر خوارتـەمـەنـەکە لـە سوید نـاوی تۆمـار نـەکرابێت، لـەو شـارەوانیـەی ئـەو ژنـە یـان پیـاوەی لـێ نیشتـەجێیە زانیارییـە پێویستـەکان وەردەگیرێت. هەر لیژنـەیەکی دیکـەی کۆمـەڵایـەتی کـە دەرفـەتی لـەبەردەستدابوونی ئـەو زانیارییانـەی هـەیـە و دەشـێ بایەخـدار بـن بـۆ پرسـەکە، پێبـەنـد دەبێـت بـە پێـدانی زانیارییـەکان لـەسـەر داواکـاری ئـەو لیژنـە کۆمەڵایـەتییەی کـە ڕای خۆی لـێ دەدات. لـەو بابـەتـەی کـە پەیوەنـدی بـە خوشـکوبرای زڕەوە هـەیـە، دەبـێ ئـەنجوومـەنـی شـارەوانـی پـرس و ڕای ئـەنجوومـەنـی کاروبـاری کۆمـەڵایـەتی وەربگرێت.

---

[1] خوارتـەمەن (کەمتـەمـەن) کەسێکە کـە ١٨ ساڵی پڕ نـەکردووە.

[2] لیژنـەی کۆمەڵایـەتی بـەرپرسیارە لـە ئەرکەکانی شـارەوانی لـە بـواری خزمـەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و ئـەوەی لـە قانووندا دەربـارەی ئـەم لیژنـەیـە گوتراوە. هـەروەها لیژنـەی نـاوبراو بـەرپرسـیارە لـە بـواری تـەندروسـتی و چـاودێریی نەخۆشـی، خزمـەتگوزاری گواستنـەوە، یارمـەتی بۆ شوێنی ژیانکردنی گونجاو بۆ کەمئەندامی دەروونـی و مۆڵـەتی و .. تد.

**تەمەنی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستاندا**

لە بواری دیاریکردنی تەمەنی هاوسەرگیریدا، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی ٢٠٠٨ دا گفتوگۆیەکی چڕ و پڕی ئەنجام دا و توانی هەموارکاری لە بەشێکی قانوونی باری کەسێتیی ئێراقی ژمارە ١٩٥٩:١٨٨ دا بکات.

بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پێداگری زۆریان لەسەر ئەوە کرد کە نابێ هەڵاوێرد لە تەمەنی شووکردن کە ١٨ ساڵە بکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ ئەرگومێنتێکی دڵنیاکەر و سەلمێنەریان هەبێت. ئەندامێکی لیژنەی هەموارکردنی قانوونەکە پێشنیاری گەورەکردنی تەمەنی منداڵەکەی بەر لە ئەنجامدانی مارەبڕین لە ١٦ وە بۆ ١٨ کرد. ئەم پەرلەمانتارە وای دەزانی کێشەکە لە ژمارەدایە، لە کاتێکدا ئەمە پەیوەندی بە پێگەیشتنی فیزیکی و دەروونی و توانستی منداڵەکەوە هەیە تا بتوانێت ئەو بەرپرسیاریەتییە گەورەیەی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لە ئەستۆ بگرێت. پەرلەمانتارێکی دیکە پێی وا بوو ڕێگەدان بە شووکردن لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا زیان بە تەندروستی کچەکە دەگەیەنێت، بە واتایەکی دیکە سێکسکردن لە تەمەنێکی زوودا کاریگەریی نێگەتیڤی بەسەر تەندروستییەوە دەبێت. بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی دوایی بێت، دەبێت زۆربەی منداڵانی ئەورووپا دووچاری نەخۆشی هاتبن بە هۆی ئەوەی قانوونی وڵاتەکەیان مافی خۆبڕیاردانی سێکسکردنی لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە پێ داون.

سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگەی سویدی کۆمەڵگەیەکی ژنسالارە و ئەوپەڕی ماف و ئازادییەکانی ئافرەت و منداڵی تێدا دەستەبەر کراوە و سێکسکردن لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریشدا ڕێگەپێدراوە، هەبوونی

هەڵاوێرد لە تەمەنی شووکردن کە ١٨ ساڵە بە پێویست زانراوە. دەبێ ئەم هەڵاوێردە بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی، پیاوسالاری، خێڵەکی، هەژار و ژێردەستەی وەک کۆمەڵگەی کوردستانی چەند پێویست بێت؟ پاش ئەو مشتومڕە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کارکردنی بە مادده ٨ ی قانوونە ئێراقییەکە ڕاگرت[1] و لە مادده ٥ ی قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨ دا بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی بە تەمەنی هاوسەرگیری کردووە:

**هەر کەسێکی شانزە ساڵی تەمەنی پڕ کردەوە و داوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە ی پێ بدات، ئەگەر دەرکەوت شایستەیی و توانای جەستەیی هەیە، ئەمەیش دوای ڕەزامەندیی سەرپەرشتیاری شەرعی دەبێت. ئەگەر سەرپەرشتیار ڕێگر بوو، ئەوا دادوە داوای لێ دەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا قایل بێت، ئەگەر ڕەخنەی نەگرت یان ڕەخنەکەی شیاوی ئەوە نەبوو گوێ ی پێ بدرێت، ئەوا دادوەر ڕێ بەو هاوسەرگیرییە دەدات.**

کە باسی تەمەنی شووکردن و زوو بە شوودانی منداڵ دەکرێت، لایەنگرانی بە شوودانی منداڵ پێیان وایە بەشوودانی منداڵ هیچ سەرئەنجامێکی نێگەتیڤی لێ ناکەوێتەوە و ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بە شوودانی منداڵی هەشت- نۆ ساڵی، دیاردەیەکی زۆر باو بووە و ئیسلامیش ڕێی پێداوە و ئەو گوتەیەش وەکو بەڵگەیەک دەهێننەوە کە دەڵێت: **کچۆڵەی هەشت ساڵە بخوازە و لە ئەستۆی من**(بنت الثمان علی الضمان). باوەڕم وایە مەبەست لە بەشوودانی منداڵی هەشت نۆ

---

[1] بەپێی مادده ٨ ی قانوونە ئێراقییەکە، هەر کەسێکی پانزە ساڵی تەمەنی پڕ کردەوە و داوای هاوسەرگیری کرد، دەشێ دادوەر ڕێی پێ بدات، ئەگەر دەرکەوت شایستەیی و توانای جەستەیی هەیە، .... .

ساڵی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا کەم و زۆر پەیوەندی بە هاوسەرگیرییەوە نەبووە، بەلکو ئەلتەرنەتیڤی دیاردەی نێربازی بووە کاتێک قورئان لێی حەرام کردن[1].
لە وڵاتێکی وەکو یەمەن تا ئەمرۆش تەمەنی شووکردن دیاری نەکراوە. لەم ساڵانەی دواییدا بەشوودانی کچێکی نۆ ساڵان لەو وڵاتە، نارەزاییەکی جیهانیی توندی لێکەوتەوە. بەڵام بە هۆی ئەوەی یەمەنییەکان خۆیان بە عەرەبی ڕەسەن دەزانن، هەردەم هەوڵیان داوە ئەوەندەی بۆیان بلوێت کولتوور و نەریتە ڕەسەن و ڕاستینەکەی ئوممەی عەرەبی بپارێزن. لە بواری تێرۆریشدا وەک ڕەگەزێکی بەرچاوی کولتووری ئوممەی عەرەبی، زۆر دڵسۆزانە پاراستوویانە و درێژەیان پێداوە و بە شانازییەوە کردەی تێرۆرستی ئەنجام دەدەن. بەپێی ئامارەکان پتر لە نیوەی گیراوەکانی بەندیخانەی گوانتانامۆ یەمەنین. هەروەها سەدام حوسێنش وەکو قائیدی ئوممەی عەرەبی لە دانیشتنەکانی دادگاییکردنیدا قورئانی لە کۆشێدا بوو، کە هەردەم بە ریسالە خالیدەی زانیوە، هەر لەبەر ئەمەیش بوو شاڵاوەکانی قڕکردنی کوردی ناونا ئەنفال. بۆیە ناشێ دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆیش لەو باشتر بن، بەڵام ئەمجارەیان بە ناوی دیموکراسیەت و زۆرینەوە.

- **بەربەستی دووەم، هەبوونی پەیوەندیی خزمایەتییە لە نێوان ئەو ژن و پیاوەی دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن. ئەوانەی خوشکوبرای بایلۆژین یان خزمی بەرەو ژوور و خوارووی یەکترین ناشێ هاوسەرگیری بکەن، وەک لە مادده ٢:٣ ی قانوونە سویدییەکە ئامازەی بۆ کراوە.**

---

[1] لە سوورەتی ئەلئەعراف، ئەلعەنکەبوت و ئەلشعرا بە ڕوونی ئامازە بۆ دیاردەی نێربازی کراوە.

واتــه خوشـک ناتوانێـت شـوو بــه بــرا بکــات و دایکوبــاوکیش نــاتوانن هاوســەرگیری لـەگـەڵ منداڵـەکانیان یـان منـداڵـی منداڵــەکانیان بکـەن. بەپێی دەقی مـاددە ٦:٧ ی قـانوونـی سزای سویدی، نـەک هاوسـەرگیری، بەلکو جووتبوونیش لـەگەڵ منداڵـی خـۆ و خوشکوبرای بـایلۆژی قەدەغـە کراوە[1].

لــە مــاددە ٢:٣ ی قــانوونی هاوســەرگیریی ســویدیدا کــە تایبەتــە بــە بەربەسـتی هاوســەرگیری لــە نێـوان خزمــی بــەرەو ژوور و خــواروو و خوشکوبرای زڕدا، هاتووە:

**ناشێ هاوســەرگیری لـە نێـوان ئـەو کەسانەدا بکرێـت کـە خزمـی بـەرەو ژوور و خـوارووی یـەکترین یـان خوشـکوبرای بایلۆژین.**

**هەروەها بەبێ مۆڵەتی ئەو دەسەڵاتدارییەی کە لە ماددە ١٥:١ دا ئامــاژەی بــۆ کــراوە ناشــێ خوشــــکوبرای زڕ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتریدا بکەن.**

لە ڕێی قانوونی ژمـارە ٧٦٣ ی ساڵی ٢٠٠٤ دا ئـەم بەشـەی خـوارەوە بـۆ مـاددە ٢:٣ ســەربارکرا و لــە مــانگی جــانیوەری ٢٠٠٥ وە کەوتــە واری جێبەجێکردنەوە:

---

[1]. لـەو دەقـەدا هـاتووە: (( **ئەوەی لە کارێکی دی لەوەی پێشتر لەم دەروازەیە ئاماژەی بۆ کراوە لەگەڵ منداڵی خۆی یان وەچەکانیان جووت بێت، بە تاوانی جووتبوون لەگەڵ وەچە حوکم دەدرێت، کە سزاکەی ئەوپەڕی دوو ساڵ زیندانییە.**

**ئەوەی لەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو کەسە ناگرێتەوە کە لە ڕێی زۆرلێکردنی ناقانوونی یان لە ڕێی شێوازێکی نابەجێی دیکەوە ناچار دەکرێت بۆ کارێکی سێکسی** )).

مەبەست لـەم دەروازەیە، دەروازەی شەشەمی قانوونی سزای سویدییە.

**لە کاتی پراکتیزەکردنی بەشی یەکەم** و دووە**می ئەم** ماددەیە، پە**یوە**ندی**ی وەخۆگری یەکسان دەبێت** بە **خزمایەتی.**

پەیوەندیی وەخۆگری لە پرەنسیپدا لە چەندین بواری قانوونیی جیاوازدا یەکسانە بە خزمایەتی. خوشکوبرای وەخۆگیراو دەرفەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ منداڵە بایلۆژیەکانی وەخۆگرەکە هەیە، ئەوە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە لایەنی پەیوەندیدار کە لە ماددە ١٥:١ ی قانوونی هاوسەرگیریدا ئاماژەی بۆ کراوە.

لە هەرێمی کوردستاندا خزمایەتی وەک یەکێک لە بەربەستەکانی هاوسەرگیری گرێدرای ئایینی ئیسلامە. لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئامـاژە بە کەسانی پێنەشیاو و هۆکارەنی تەحریم کراوە، کە هەتاهەتایی و کاتین. هەتاهەتاییەکە بریتییە لە خزمایەتی(سورەتی ئەلنیسا:٢٣ )، خزمایەتی بە هۆی ژنخوازییەوە(سوورەتی ئەلنیسا:٢٢)و بە هۆی شیرخواردنەوە(ئەلنیسا:٢٣ ). هۆکارە کاتییەکانیش بریتین لە گرێدانی هاوسەرگیری لەگەڵ پتر لە چوار ژن یان لەگەڵ ژنی هاوسەردار یان لەگەڵ ژنی معتد لە تەلاقی رجعی، تەڵاقی بائن یان مردن. بەڵام دوای نەمانی بەربەستەکە بە جیابوونەوەی ژنە هاوسەردارەکە لە مێردەکەی، تەڵاقدانی یەکێک لە چوار ژنەکە، بەسەرچوونی عیدەی جیابوونەوە و مردن ئەوجا هاوسەرگیرییەکە ڕێگەپێدراو دەبێت.

بەربەستێکی دیکەی هاوسەرگیریکردن، شووکردنی ژنی مسوڵمانە بە پیاوی کریستیان یان هەر ئاینێکی دیکەی نائیسلام، بەڵام هاوسەرگیریکردنی پیاوێکی مسوڵمان لەگەڵ ژنێکی کریستیان یان پەیڕوانی هەر ئایینێکی دیکە ڕێگە پێدراوە. ئەم بەربەستەی دوایی پێشێلکردنێکی زەقی ئازادیی تاکە لە هەڵبژاردنی هاوسەر و گرێدانی

هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێک کە لە پەیڕەوانی ئاییینی ئیسلام نین. دەبا هەندێ بیر لەم بەربەستە بکەینەوە و دان بەو ڕاستییە بنێین کە ئەم جۆرە سنووردارکردنە ڕەهەندێکی ئەتنیکی هەیە، هەروەکو تەورات کە تایبەت بووە بە جوولەکە و ڕەنگدانەوەی کولتوورەکەیان بووە، قورئانیش لە بنەڕەتدا تایبەت بووە بە عەرەب و دوایی بە زەبری شمشێر بەسەر گەلانی ناعەرەبدا سەپێنراوە.

- پیاوەکە یان ژنەکە هاوسەردار بێت، واتە ژنەکە یان پیاوەکە لە پەیوەندییەکی خێزانی دیکەدا بێت. قانوونی هاوسەرگیریی سویدی ساڵی ١٩٨٧ لە مادده ٢:٤ یدا بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ بۆ ئەم بەربەستە کردووە:

ئەوە**ی هاوسە**ردارە **بۆی نییە هاوسەرگیرییەکی نوێ بکات**.

بەڵام دوای پەسندکردنی قانوونی پارتنەرشیپ ئەم دەقەی سەرەوە بە قانوونی ژمارە ١٩٩٤:١١١٨ هەموار کرا بۆ ئەوەی پەیوەندیی هاوڕەگەزبازیش بگرێتەوە:

ئەوە**ی هاوسە**ردارە **یان پارتنە**رە لە پارتنە**شیپی تۆمارکراودا بۆی نییە هاوسەرگیری بکات.**

بەپێی مادده ٧:١ ی قانوونی سزای سویدی تایبەت بە تاوانەکانی دژ بە خێزان، سزای فرەژنی یان فرەمێردی[1] بژاردن یان زیندانییە:

ئەوە**ی هاوسە**ردارە **و هاوسەرگیرییەکی دیکەیش** دە**کات یان کەسێکی بێهاوسەر هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی هاوسە**رداردا دە**کات بە تاوانی دووژنی- دوومێردی حوکم**

---

[1] لە قانوونی سویدیدا لەباتی دەستەواژەی فرەژنی یان فرەمێردی، دەستەواژەی دووژنی یان دوومێردی بە کار هاتووە.

**دەدرێـت کـە** سـزاکەی **بـژاردن یـان ئەو**پـەڕی **دوو سـاڵ زیندانییە.**

لـە کۆتـایی سـاڵی ٢٠٠٨ دا پەرلـەمانی هـەرێمـی کوردسـتان تـوانی کۆمـەڵێک هـەموارکاری تایبـەت بـە دیـاردەی فـرەژنـی لـە قانوونـە ئێراقییەکەدا بکـات. هەرچەنـدە پەرلـەمانی هەرێم نـەیتوانی دیـاردەی فرەژنـی قەدەخـە بکـات، بـەڵام لـە ڕێـی چەنـد دەقێکـەوە تـوانی زەمینـەخۆشـی بـۆ هـەڵگرتنی بکـات و تـا ڕادەیـەک سنووورداری بکـات. پەرلـەمانی هـەرێمـی کوردسـتان بـەپێی قـانوونی ژمـارە ١٥:٢٠٠٠٨ کـارکردنی بـە هـەر یـەک لـە بڕگـەی٤،٥، ٦، و٧ی مـاددە ٣ ی قانوونـە ئێراقیەکە ڕاگرت و بەرگێکی تا ڕادەیەک کوردستانی بـە بـەر بەشێکی دەقە قانوونییـەکانی تایبـەت بەم دیاردەیـەدا کرد و سزاکەیشـی تونـدتر کرد. لـە بڕگە٢ ی ماددە ١ ی قانوونـە کوردستانییەکە ڕێگـە بـە فرەژنـی دراوە، بەڵام دوای ڕێگەپێدانی دادوەر و ئەو مەرجانـەی لەوێ ئامـاژەیان بۆ کراوە، لـە بڕگە٢ ی ماددە ١ دا هاتووە:

**نـابێ هاوسـەرگیری لەگـەڵ ژنێـک** پتـر **بکرێـت، مەگـەر** بـە **ڕێگەپێدانی دادوەر** نەبێت. دە ێ **ڕێگەدانیش ئەم** مەرجانە**ی** خوارەوە**ی تێدا بێت:**

ا) لە بەردەم دادگە **ڕە**زامەندیی **هاوسـەری یەکـە**م لە سـەر **ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی وە**ربگیرێت.

ب) **تووشـبوونی ژنەکـە** بـە نە**خۆشـییەکی** درێژخایـەنی سە**لمێنراو کە ڕێگر** بێـت لـە **کـاری سـەرجێی هاوسـەری** و **هیوای چاکبوونەو**ەی نەبێت،**یان نـە ڕۆک بێـت** و بـە **راپـۆرتی لیژنەی تایبەتی پزیشکی** سە**لمێنرا بێت.**

ج) ئه‌و پیاوه‌ی ژنی دووه‌می دێنێت، ده ی[1] توانای دارایی وای هه‌بێت که‌ به‌شی به‌ڕێوه‌بردنی پتر له‌ ژنێک بکات و ئه‌مه‌یش به‌ به‌ڵگه‌نامه‌ی فه‌رمی بسه‌لمێنێت و له‌ کاتی ڕێکک ری گرێبه‌ندی هاوسه‌رگیرییه‌که‌دا پێشکه‌ش به‌ دادگه‌ی بکات.

د) ده ی مێرده‌که‌ له‌ به‌رده‌م دادگه‌ به‌رله‌ گرێدانی گرێبه‌ندی هاوسه‌رگیرییه‌که‌ به‌ڵێننامه‌یه‌ک به‌ نووسین پێشکه‌ش بکات به‌ به‌دیهێنانی دادپه‌روه‌ری و یه‌کسانی له‌ نێوانی هه‌ر دوو هاوسه‌ره‌که‌ی له‌ چوونه‌ سه‌رجێی هاوسه‌ری و په‌یوه‌ندییه‌کانی دیکه‌ی هاوسه‌ری له‌ ڕووی مادی و مه‌عنه‌وییه‌وه‌.

ه) بێ ژنه‌که‌ مه‌رجی هه‌وێ به‌سه‌ر نه‌هاتنی له‌ گرێبه‌ندی هاوسه‌رگیرییه‌که‌ دانابێت[2].

و) هه‌ر که‌سێکی گرێبه‌ندی هاوسه‌رگیری بۆ پتر له‌ ژنێک به‌ پێچه‌وانه‌ی هه‌ر یه‌ک له‌ خاڵی (ا. ب، ج، د، ه )ی بڕگه‌ی دووه‌می ئه‌م مادده‌یه‌ بکات، به‌ لانی که‌م شه‌ش مانگ، ئه‌وپه‌ڕی ساڵێک زیندانی و به‌ بژاردنی ده‌ ملیۆن دیناریش سزا ده‌درێت[3].

---

[1] من خۆم وشه‌ی(ده‌بێ)م بۆ ئه‌م ده‌قه‌ سه‌ربار کردووه‌، که‌ له‌ ده‌قه‌که‌ی په‌رله‌مانی هه‌رێمی کوردستاندا له‌بیر کرابوو. وشه‌ی ( ده‌بێ )ی ڕسته‌ی دووه‌میشم هه‌ڵگرتووه‌. بڕوانه‌ پاشکۆی ئه‌م بابه‌ته‌. په‌رله‌مانی کوردستان له‌ خاڵی( ب )دا نووسیوویه‌تی( سه‌رجێی ژنومێردایه‌تی) و له‌ خاڵی( د )ی هه‌مان بڕگه‌شدا نووسیوویه‌تی(سه‌رجێی هاوسه‌ری). یاریکردن به‌ وشه‌ له‌ داڕشتنی ده‌قی قانوونیدا له‌ هیچ په‌رله‌مانێکدا ڕێگه‌پێدراو نییه‌.

٢. داڕشتنی ئه‌م ده‌قه‌م به‌م شێوه‌یه‌ پێ ڕاستتر بوو.

[3] من خۆم ئه‌م ده‌قه‌م داڕشتۆته‌وه‌، وا باشتره‌ په‌رله‌مانی هه‌رێمی کوردستان چیتر کار به‌ مادده‌ ٨٧ و ٨٨ ی قانوونی سزای ئێراقی نه‌کات و وه‌کو په‌رله‌مانی سویدی له‌باتی حه‌بس و سجن، ده‌سته‌واژه‌ی زیندانی به‌کاربهێنێت و لانی که‌می زیندانیش به‌ دوو

**ز) نابێ دادوەر جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی** لە **خاڵی** (و) دا **هاتوون،ڕابگرێت.**

گرنگی خاڵی (ا) لەوەدایە کە ڕەزامەندی ژنەکە یەکلاکەرەوە دەبێت، واتە ئەو ماف و ئازادییەی بەپێی ترادسیۆنی ئوممەی عەرەبی لە ژن زەوت کراوە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان توانیویەتی وەک هەنگاوی یەکەم بەشێکی بۆ بگێڕێتەوە. دەبێ مێردەکە ڕەچاوی هەست و مافی ژنەکەی لە پەیوەندیی هاوسەریدا بکات و سنووری ئازادییەکانی خۆی بزانێت. رووێکی ئەرێنی دیکەی ئەم خاڵە لەوەدایە کە زۆرێک لەو مێردانە وەرگرتنی ڕەزامەندیی ژنەکانیان لە بەردەم دادگە بە سازش و سووکایەتی دەزانن، ڕەنگە ئەمە ببێتە فاکتەرێک بۆ کەمتر بیرکردنەوە لە هێنانی ژنی دووەمی.

سەلماندنی هەبوونی توانستی دارایی بە بەڵگەی فەرمی، ڕەنگە کاریگەری هەبێت لە سنووردارکردنی دیاردەی فرەژنی، چونکە زۆرێک لەو پیاوانەی ئارەزووی فرەژنی دەکەن، بیر لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی ژنی دووەم ناکەنەوە، ئەوەندەی بیر لە گۆڕینی ژینگەی سێکسی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی ئەرکی دابینکردنی بژێویی دوو خێزان لەبەرچاو بگرن.

پێشکەشکردنی بەڵێننامەیەکی نووسراو بە دادگە، کە مێردەکە دادپەروەر دەبێت و یەکسانی لە نێوان هەر دوو هاوسەرەکەی لە چوونە سەرجێی هاوسەری و پەیوەندییەکانی دیکەی هاوسەری لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە دەستەبەر دەکات، مەرجێکی یەکجار نەشیاو و ناڕاستینەیە، لەبەر ئەوەی هیچ پیاوێک نییە خۆی بە دادپەروەر

---

هەفتە دیاری بکات. ناشێ زمانی کوردی بکەینە دیلی زمانی عەرەبی، کە دوو زمانی زۆر جیاوزن.

نەزانێت. لەوانەیە لایەنگرانی فرەژنی بپرسن باشە ئەگەر لەخۆمان ڕانەدیت دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان ژنەکانماندا دەستەبەر بکەین، چارە چیە، چی بکەین باشە؟ خۆ لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا کەنیزەک نەماوە تاوەکو لە بڕی ژنێکی دیکە قەناعەتی پێ بکەین وەک لە سوورەتی ئەلنیسا:٣ دا هاتووە:

( ..... لەو ژنانەی **دڵخوازتانن دوو دوو سێ سێ و چوار چوار بێنن، ئەگەر** ترسان لە ئەنجامنە**دانی دادپە**روەر**ی لە نێوانیاندا، ئەو**ە تە**نیا ژنێک بە**سە **یان بە کەنیزەک قە**ناعەت **بکە**ن، ئەمە **یان باشترە بۆ ئەوەی خێزانتان زۆر نەبێت،** مارە**یی ژنان بە** تە**واوی بدە**ن، ئەگەر بە**خۆیان شتێکیان لێ خۆشبوون، بیخۆن و لە گیانتان خۆش بێت** ).

قانوونە ئێراقییەکە لە بڕگە ٧ ی مادده ٣ یدا درێژەی بە نێوەڕۆکی ئەم ئایەتەی سەرەوە داوە و بۆ ئەم مەبەستە هەڵاوێردێکی لە بڕگە ٤ و ٥ ی هەمان مادده کردووە. دەبێ دانایی لەو هەڵاوێردە ڕێزلێنان بێ لە ئافرەت؟ یان پاراستن و دەستبەردارنەبوونی کولتووری ئوممەی عەرەبی بێت؟ بەپێی بڕگە ٤ نابێت هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک پتر بکرێت، مەگەر بە ڕێگەپێدانی دادوەر، کە دەبێ ئەم دوو مەرجەیشی لێ بێتەدی:

- **مێردەکە توانای دارایی** ئە**وتۆی هە**بێ کە لە ژنێک **نری پێ بەڕێوە** ببات.
- بەرژەوە**ندێکی ڕەوا هەبێت.**

لە بڕگە ٥ یشدا هاتووە:

ئەگەر نادادپەروە**ری لە** نێ**وان ژنەکانی بۆ سەربار بکرێت،** ناشێ **فرەژنی بکرێت،** ئەمە **بۆ خە ڵادنی دادوە**ر بە ... **دەهێڵرێت.**

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئێراقییەکان هەڵاوێردێکیان لەم دوو بڕگەیەدا کردووە و لە بڕگە ٧ دا هاتووە:

**دەبێ هاوسەرگیری** لەگەڵ **ژنێک پتر بکرێت بە هەڵاوێردنی حوکمەکانی بڕگە** ٤ و ٥ **ی ئەم** ماددە**یە** ئەگەر ئەوە**ی مە**بەستە **هاوسەرگیری لەگەڵدا بکرێت بێوەژن بێت.**

بە بڕوای من لەم ماددەیەدا بێوەژن جێگەی کەنیزەکی گرتۆتەوە. چۆن لە کاتی خۆیدا سووکایەتی بە کەنیزەک کراوە، ئەمڕۆ ئێراقییەکان هەمان سووکایەتی بە بێوەژن دەکەن، وەک ئەوەی بێوەژن بە گوناهی بێوەژنبوونیەوە بەهای مرۆیی لەدەست دابێت و لە ژنی دیکە کەمتر بێت. ڕەنگە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش هەر لەم سۆنگەیەوە کارکردنی بە بڕگە ٤ ، ٥، ٦ و٧ ڕاگرتبێت.

پاش تێپەڕبوونی پتر لە نەوەت ساڵ ئەوجا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان توانی بەشێکی کەمی ئاوات و خەونەکانی حەزرەتی مەلای گەورەی کۆیە بهێنێتە دی بە حیسابکردنی ژن وەکو پیاو لە شایەدیداندا[1]. پەرلەمانی کوردستان کارکردنی بە خاڵی (د)ی بڕگە ١ی ماددە ٦ ی قانوونە ئێراقیەکەی تایبەت بە مەرجی ئامادەبوونی شایەد لە کاتی گرێدانی گرێبەندی هاوسەرگیریدا کە تێیدا دوو ژن بە شایەدێک دەچێت ڕاگرت و خاڵی (د)ی بڕگە ١ ی ماددە ٣ ی قانوونە کوردستانییەکە جێی دەگرێتەوە:

**شایەتیدانی دوو شایەد کە شایستەیی قانوونییان هەبێت بۆ گرێبەندی هاوسەرگیری کە، لێرەدا ژن و پیاو یەکسانن.**

لەم دەقەدا پەرلەمانی هەرێم هەنگاوێکی دیکەی ئەرێنی هەڵێناوە بۆ دەستەبەربوونی یەکسانی لە پرسی شایەدیداندا تا چیتر دوو ژن بە شایەدێک نەشێت.

---

[1] تەنانەت جارێک بە شایەدی یەک ژن مەلای گەورە کردوویەتە جەژن.

*ئەوەی جێی سەرنجە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەر دوو خاڵی (و) و (ز) ی بڕگە٢ ی ماددە١ ی بە مەرج ناوبردووە، کە مەرج نین و دەبوو لە بڕگەیەک یان ماددەیەکی سەربەخۆدا ڕێک بخرێت.*

قانوونە کوردستانییەکە لە خاڵی (و) ی بڕگە٢ ی ماددە١ دا بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە دەقە ئێراقییەکە هاتووە، سزای فرەژنی توندتر کرد:

**هەر کەسێکی گرێبەندی هاوسەرگیری بۆ پتر لە ژنێک بە پێچەوانەی هەر یەک لە خاڵەکانی** (ا، ب، ج، د، ە) **ی بڕگە** ٢ **ی ئەم** ماددەیە **بکات، بە لانی کەم** شەش مانگ، ئەوپەڕی **ساڵێک زیندانی و** بە بژاردنی دە **ملیۆن دیناریش** سزا دە**درێت**.

لەگەڵ ئەوەی من خۆم لەگەڵ سزای توندا نیم و دڵنیام لەوەی کە سزا ئامانج نییە، بەلکو ئامرازە، بەڵام توندکردنی ئەم سزایە بە تایبەتی بڕی بژاردنەکە لە لایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە کارێکی پێویست بوو.

دەقێکی گرنگی دیکەی ئەم هەموارکارییە، دەسەڵات نەدانە بە دادوەر بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەم سزایە وەک لە خاڵی (ز) ی هەمان بڕگەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

بۆ پتر سنووردارکردنی دیاردەی فرەژنی دەبوو پەرلەمانی کوردستان ئەم دەقەی بۆ بڕگە٢ ی ماددە١ سەربار بکردایە:

**هەر هاووڵاتیەکی دانیشتووی هەرێمی کوردستان هاوسەرگیری بۆ پتر لە ژنێک لە** دەرەوە**ی هەرێمیش بکات** بە**و سزایە حوکم دەدرێت کە** لە **خاڵی** ( و ) **ی بڕگە** ٢ **ی** ماددە ١ **ی ئەم** قانوونەدا **هاتووە**.

لە ڕێی ئەم دەقەوە دەتوانرێت بەر بە گرێدانی ئەو هاوسەرگیریەش بگیرێت کە کەسێکی دانیشووی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم دەیکات.

کە پەرلەمان دەنگی بۆ فرەژنی دا، من خۆم زۆر پێی تورە و نیگەران بووم و لەم ڕووەوە وتارێکیشم نووسی، بەڵام دوای خوێندنەوەیەکی ورد بۆ باری ئابووری و ڕامیاری هەرێمی کوردستان و پێگە جوگرافییەکەی و باڵکێشانی شەپۆلێکی ئیسلامی نائاسایی مەترسیدار و نەبوونی پارتی سیرکولار و ئامادەنەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست لە بواری هەڵگرتن و هێشتنەوەی ئەم دیاردە قێزەوەنە، هاتمە ئەو باوەڕەی جارێ زەمینەخۆشی بۆ هەڵگرتنی فرەژنی نەکراوە و ناشێ قانوون پێش هۆشیاری کۆمەڵگە بکەوێت، بەلکو دەبێ قانوون هاوتەریب بێت لەگەڵ هۆشیاری کۆمەڵگەدا. پێویستە بەردەوام بکۆشین بۆ پتر سنووردارکردنی و پاشان قەدەغەکردنی. واتە قەدەغەکردنی فرەژنی ئەوسا هەر لەسەر کاغەز دەمایە و ئامانجی داواکراوی نەدەپێکا و لە پراکتیکدا کاری پێ نەدەکرا. لێرەدا دەقێکی قانوونی سزای سویدی بە نموونە دێنمەوە، کە قەدەغەکردنی هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی پێویستی بە کات و ئامادەکاری زۆر هەیە و ناکرێ پەلە لە هەموارکردنیدا بکرێت:

کاتێک دیاردەی لەشفرۆشی لە سوید لە ١٩٦٠ەکانەوە تا نێوەڕاستی ١٩٧٠ کان تەواوی سنوورەکانی بەزاندبوو و دیاردەیەکی زۆر زەق و بەربڵاو بوو، پەرلەمان و حکومەتی سویدی و تەواوی پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی، قانووناسان، پۆلیس و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ساڵی ١٩٧٦ وە زۆر چالاکانە کەوتنە کار بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە. لە ساڵی ١٩٩٩، واتە دوای ٢٤ ساڵ لە هەوڵ و کۆششی بەردەوام و دەیان لێکۆڵینەوەی زانستی بە مەبەستی سنووردارکردنی لەشفرۆشی، ئەوجا پەرلەمانی سویدی دەقێکی خستە نێو قانوونی سزاوە بۆ سزابارکردنی دیاردەی (سێکس کڕین)[1]. ئەم دەقە قانوونییە لە بواری سنووردارکردنی دیاردەی

---

[1] بڕوانە (تاوانە سێکسییەکان لە قانوونی سزای سوێدیدا) - نووسەر.

لەشفرۆشی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و ئێستا پەرلەمانی نەرویژیش سەرقاڵی دانانی دەقێکی هاوشێوەی دەقە سویدییەکەیە.
ئەوەی سەرەوە ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێ ئێمەیش ٢٠ - ٣٠ ساڵی دیکە چاوەڕوان بین ئەوجا بڕیاری قەدەخەکردنی دیاردەی فرەژنی بدەین. بێ گومان هۆشیارکردنەوەی پتری هاووڵاتیان و باشبوونی باری گوزەران و بەشداریکردنی بەرچاوی ئافرەتان لە بازاری کاردا و کەمبوونەوەی کێشەی نیشتەجێبوون، ترس و دڵەڕاوکێی سەرئەنجام و لێکەوتە نێگەتیڤەکانی قەدەخەکردنی فرەژنی کەم دەکەنەوە و زەمینەیەکی لەبار دەرەخسێت بۆ قەدەخەکردنی. بەشداریکردنی ئافرەتان وەکو پێویست لە بازاری کاردا، وا دەکات ئافرەتان لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن و ئازادیی بڕیاری جیابوونەوەیان لە پراکتیکدا بۆ دەستەبەر بێت و بتوانن بێ دوودڵی بەرەنگاری هەوێ بەسەرهاتن ببنەوە. هەروەها پێویستە هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ سندوقی چاودێریی خێزان بۆ یارمەتیدانی ئەو ژنانەی کە بڕیاری جیابوونەوە دەدەن و داهاتێکی ئەوتۆیان نییە بۆ لە ئەستۆگرتنی بژیویی خۆیان. ئەوەی ئاشکرایە، تا مافەکانی ئافرەت پتەو و پەسەند و پەیڕەو نەکرێت، ناشێ لە هیچ کۆمەڵگەیەک باس لە بوونی دیموکراسیەکی تەندروست و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکرێت.

جگە لەو بەربەستانەی لە هەر دوو قانوونە سویدی و کوردستانییەکە ئاماژەیان بۆ کرا، هەندێ بەربەست هەن کە لە دەقی قانوونیدا ڕێکنەخراون، بۆ نموونە، ئەگەر یەکێ لە ژن و پیاوەکە توانستی هەڵسوکەوتی قانوونی نەبێت بە هۆی خەلفانی لە تەمەن گەورەییەوە

یان پەشێویی کەسایەتییەوە. هەروەها ئەو مارەبڕییە پووچەڵ و هەڵوەشاوە دەبێت کاتێ یەکێک لە ژن و پیاوەکە یان هەر دووکیان لە کاتی سیرمۆنی مارەبڕییەکەدا زۆر سەرخۆش بن.
پەشێویی دەروونی وەک بەربەستێکی هاوسەرگیری لە ساڵی ١٩٧٣ وە لە سوید چیتر بە بەربەستێکی هاوسەرگیری دانانرێت. بەڵام ئەو کەسەی نیشانەی ترسناکی نەخۆشی هۆشی[1] تێدا بەدی دەکرێت، ناشێ شوو بکات یان ژن بهێنێت، لەبەر ئەوەی شایستەیی قانوونیان نییە، کە ئەمەیش مەرجێکە بۆ بەشداریکردن لە مارەبڕیدا. هەروەها سەرخۆشی و لە ژێر کاریگەریی ماددە سڕکەرەکاندا بوونیش وەک لە سەرەوە باس کرا بەربەستێکی کاتییە لە بەردەم مارەبڕیدا، چونکە لە پرسی مارەبڕیندا داوا دەکرێت لایەنەکانی گرێبەندەکە لەوە تێ بگەن کە هاوسەرگیری چییە.
پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش لە قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨ دا نەخۆشی هۆشی بە بەربەستێکی هاوسەرگیری دانەناوە. بەپێی ئەم قانوونە ئەو پیاوە یان ژنەی نەخۆشی هۆشی هەیە، دەتوانێت هاوسەرگیری بکات، ئەگەر هاوسەرگیرییەکە بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند زیان بە کۆمەڵگە نەگەیەنێت و لایەنەکەی دی بە ڕوونی و بە نووسین بە هاوسەرگیرییەکە قایل بێت بەو شێوەیەی لە بڕگە ٢ ماددە ٤ ی قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨ ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە:

**دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بدات بە یەک لە دوو هاوسەرەکان گەر نەخۆشی ئەقڵی هەبێ هاوسەرگیری بکات ئەگەر بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند دەرکەوت هاوسەرگیرییەکەی زیان بە کۆمەڵگە ناگەیەنێت و لە بەرژەوەندیی خۆیەتی بە مەرجێک هاوسەرەکەی دیکەی**

---

[1] هۆش: ئاوەز

**بە ڕوونی و بە نووسین ی بێ لە کاتی گرێبەندی هاوسەرگیرییەکەیدا.**

ئەوەی جێی سەرنجە، دەبوو لەم دەقەدا دەستەواژەی هاوسەر بەکارنەهێنرایە، چونکە تا گرێبەندی هاوسەرگیری لە نێوان ژن و پیاوەکە گرێ نەدرێت ناشی پێیان بڵێین هاوسەر، ڕاستتر دەبوو لەباتی هاوسەرەکان، دەستەواژەی (لایەنەکان) یان (ژن و پیاوەکە) بە کار بهێنرایە و دەقەکە بەم شێوەیە دابڕێژرایە:

دادوەر **بۆی هەیە ڕێ** بدات بەو **بەنەی کە** نە**خۆشی هۆشی هەیە، هاوسەرگیری بکات**، ئەگەر بە **ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبە**تمەنــد دە**رکەوێت کە هاوسەرگیرییەکەی زیان بە کۆمەڵگە** ناگە**یەنێت و لە** بەرژەوە**ندی خۆیدایە**، بە مە**رجێک لایە**نە**کەی دی لە کاتی گرێدانی هاوسەرگیرییەکە**دا بە **ڕوونی و بە نووسین قایل بێت.**

ئەم دەقە زۆر لە دەقە ئێراقییەکە (ماددە٧) ڕوونترە و توانیویەتی پاراستنی پتر بۆ کەسە تەندروستەکە دەستەبەر بکات.

پێش ئەنجامدانی مارەبڕین، پێویستە ئەم بەربەستانەی سەرەوە لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە بپشکنرێن.

**پشکنینی بەربەستەکانی هاوسەرگیری**

پێش ئەوەی ژن و پیاو هاوسەرگیری بکەن، دەبێ لێکۆڵینەوە لە هەبوونی بەربەستی هاوسەرگیریدا بکرێت. قانوونی هاوسەرگیریی سویدی دەروازەی سێیەمی تەرخان کردووە بۆ پشکنینی بەربەستەکانی هاوسەرگیری و لە چوار ماددەدا ڕێکی خستووە. تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ پشکنینی بەربەرستەکان لە کەنیسە دەکرا، بەڵام دواتر بەپێی قانوونی ژمارە ٢٠٠٩:٢٥٣ ماددە ٣:١ و ماددە ٣:٢ بەپێی قانوونی ژمارە ١٩٩١:٤٩٥ ماددە ٣:٤ یش بەپێی قانوونی ژمارە ٢٠٠٩:٢٥٣ هەموار کران و تەواوی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بەم پشکنینە لە دەست کەنیسە دەرهێنرا.

ژن و پیاوەکەوە پێکەوە داوای پشکنینی بەربەستەکانی بەردەم هاوسەرگیری لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەن. لە ماددە ٣:١ ی قانوونی هاوسەرگیریدا هاتووە:

**دەبێ بەربەستەکانی بەردەم هاوسەرگیری بەر لە گرێدانی هاوسەرگیری بپشکنرێن. ئەم پشکنینە لە لایەن فەرمانگەی باجەوە دەکرێت.**

ئەم دەقەی سەرەوە بە قانوونی ژمارە ٢٠٠٩:٢٥٣ بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار کرا، تاوەکو پەیوەندیی پارتنەرشیپیش بگرێتەوە:

**ئەو دوو کەسەی مەبەستیانە هاوسەرگیری بکەن، دەبێ پێکەوە لە فەرمانگەی باج داوای پشکنینی بەربەستەکان بکەن.**

بەڵام ئەگەر هیچ کام لە ژن و پیاوەکە ناویان لە سوید تۆمار نەکرابوو، دەبێ لەو وڵاتەی ناویان تۆمارکراوە، بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە شایستەیی هاوسەرگیری کە لە لایەن دەسەڵاتداری وڵاتەکەیانەوە ئامادەکراوە، بخەنەڕوو، کاتێک دەستکەوتنی

بەڵگەنامەی ئەوتۆ بە شێوەیەکی گشتی لە تواناد‌ا بێت، وەک لە ماددە ۳:۲ دا هاتووە:

ئەوەی لە کاتی پشکنینی بەربەستەکاندا نە لێرە لە ‌ ‌ڵات و لە تۆماری دانیشتوان ناونووس کراوە و نە ناونووس دەکرێت، دە ‌ێ بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە شایستەیی خۆی بۆ هاوسەرگیریکردن کە لە لایەن دەسە ‌نداری وڵاتە بیانییەکەوە ئامادەکراوە، پێشکەش بکات، ئەمە کاتێک دەستکەوتنی بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ لە توانادا بێت.

ئەگەر ‌اوای مۆڵەت بکرێت بۆ هاوسەرگیرییەکە، دە ‌ێ لە کاتی پشکنینی بەربەستەکاندا بەڵگەنامەی مۆڵەتەکە پێشکەش بکرێت.

لە کاتی بوونی کەمایەسی لە هەندێ بەربەستەکانی هاوسەرگیریدا، دەبێ پیاو و ژنەکە بە نووسین بە ئابڕو و ویژدان بەڵێن بدەن کە خزمی یەکدی یان خوشک و برای بایلۆژی یەکدی نین و پێشتر هاوسەرگیریان نەکردووە، وەک لە ماددە ۳:۳ ی قانوونی هاوسەرگیریی سویدیدا هاتووە:

ئەوانەی داوای پشکنینی بەربەستەکان دەکەن، دە ‌ێ بە نووسین بە ‌ابڕو و ویژدان بەڵێن بدەن کە خزمی بەرەو ژوور و خواروی یەکتری یان خوشکوبرای بایلۆژی نین. ئەگەر بەپێی بەشی دووەمی ماددە ۲:۳[1] مۆڵەتیان نەبوو، بەڵێنەکەیان ئەوەش دەگرێتەوە کە خوشکوبرای زڕ نین.

ئەوانەی داوای پشکنینی بەربەستەکان دەکەن، دە ‌ێ بە نووسین بە ئابڕو و ویژدان بەڵێن بدەن کە پێشتر هاوسەرگیریان نەکردووە یان پارتنەشیپیان تۆمار نەکردووە.

---

[1] ( ‌اشێ هاوسەرگیری لە نێوان ئەو کەسانەدا بکرێت کە خزمی بەرەو ژوور و خوارووی یەکترین یان خوشکوبرای بایلۆژین.
‌اشێ خوشکوبرای زڕ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتریدا بکەن بە ‌ێ مۆڵەتی ئەو دەسەڵاتدارییەی کە لە ماددە ۱۵:۱دا ئاماژەی بۆ کراوە.
لە کاتی پراکتیزەکردنی بەشی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیەدا، پەیوەندیی وەخۆگری یەکسان دەبێت بە خزمایەتی ).

ئەوەی کە پێشتر هاوسەرگیری کردووە یان پارتنەرشیپی تۆمار کردووە، دە ێ بیسەلمێنێت کە هاوسەرگیرییەکە یان پارتنەرشیپەکە هەڵوەشێنراوەتەوە، ئەگەر ئەوە لە لایەن تۆماری دانیشتوان یان لە ڕێی بەڵگەنامەی دەسە تداری وڵاتێکی بیانییەوە ڕوون نەکرابێتەوە.

کە فەرمانگەی باج هیچ یەکێک لەم کۆسپانەی سەرەوەی بەدی نەکرد، بەڵگەنامەیەک دەردەکات و تێیدا جەخت لەسەر نەبوونی بەربەست لە بەردەم هاوسەرگیرییەکەدا دەکات، بەو شێوەیەی لە مادده ٣:٤ دا ئاماژەی بۆ کراوە:

کە فەرمانگەی باج هیچ بەربەستێکی لە بەردەم گرێدانی هاوسەرگیرییەکە بەدی نەکرد، لەم ڕووەوە بەڵگەنامەیەک دەردەکات.

لە بەشی مارەبڕیندا باسی ئەوە دەکەین کە ئەم بەڵگەنامەیە بۆ ماوەی چوار مانگ بایەخی[1] دەبێت، بۆیە دەبێ لەو ماوەیەدا مارەبڕینەکە ئەنجام بدرێت.

ئەوەی تایبەتیشە بە تێهەڵچوونەوەی بڕیاری فەرمانگەی باج، کە تایبەتە بە پرسی پشکنینی بەربەستەکان وەک لە مادده ١٥:٢ ی قانوونی هاوسەرگیریی سویدیدا هاتووە، دەشێ لە دادگەی کارگێڕی ئەو شوێنەی پشکنینەکەی لێکراوە، بکرێت. ئەگەر لەو پارێزگایە دادگەی کارگێڕی نەبوو، ئەوا بڕیارەکە ڕەوانەی دادگەی کارگێڕی ستۆکهۆلم دەکرێت[2].

---

[1] کارپێکراو دەبێت، دەچێت.

[2] لە سوید دوانزە دادگەی کارگێڕی هەیە، سێ لەو دادگەیانە دادگەی کاروباری کۆچبەرانیشن کە لە شاری (ستۆکهۆلم، یۆتەبۆری و مالمۆ) ن.

## مارەبڕین

لە کۆندا ڕێوشوێنە قانوونییەکانی هاوسەرگیری لە سوید تایبەت نەبوو بە پیاو و ژنەکە، بەلکو ڕێککەوتنێک بوو لە نێوان خێڵی یان خێزانی پیاو و ژنەکە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی ئایینی کریستیان، مارەبڕین لە کەنیسە شانبەشانی فۆرمە کۆنەکە ئەنجام دەدرا و دواتر مارەبڕین لە کەنیسەی سویدی جێپێی خۆی قایم کرد[1]. تا دانانی قانوونییێکی یەکگرتووش بۆ تەواوی سوید لە ساڵی ١٧٣٤ مارەبڕین هەر لە کەنیسە ئەنجام دەدرا. بەڵام بەپێی ئەم قانوونە لێکەوتەی سەرئەنجامی قانوونی لە گرێبەندی هاوسەرگیریدا کرا بە مەرجێک.

لە ساڵی ١٩٠٨ وە قانوونی هاوسەرگیری بواری مارەبڕینی شارستانی بە هەموو هاوولاتییەکی سویدی داوە، واتە دەشێ مارەبڕین لە کەنیسە یان لە دادگە بکرێت. چەند ساڵێک پاشتر بۆچوونێک لەگەڵ هەڵگرتنی سەرئەنجامی قانوونی ئەو مارەبڕینە بوو کە لە کەنیسەدا دەکرا. واتە دەبێ مارەبڕین لە دادگە بکرێت و ئەو مارەبڕینەی لە کەنیسە ئەنجام دەدرێت تەنیا سیرمۆنییەکی سەرباری ئارەزوومەندانە بێت.

قانوونی هاوسەرگیریی سویدی دەروازەی چوارەمی تەرخان کردووە بۆ ڕێساکانی تایبەت بە مارەبڕین کە حەفت مادده لە خۆ دەگرێت. بەپێی ئەم قانوونە هاوسەرگیری لە ڕێی مارەبڕینەوە بە ئامادەبوونی خزمان

---

[1] لە قانوونێکی تایبەت بە کەنیسەی سویدی کە لە ١٩٨٨ پەسەند کرا و لە ١ /١/ ٢٠٠٠ وە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، هاتووە: کەنیسەی سویدی تایفەیەکی ئیڤانگیلی-لوتەرییە کە لە شێوەی کەنیسە و دامەزراوەی بەڕێوەبەرایەتی کەنیسەیی و ئۆرگانی نیشتمانییە .... ئەم تایفەیە لە سوید ٢٣٠٠ کەنیسەی هەیە کە بە کەنیسەی سویدی ناسراوە. کەنیسەی سویدی لە ٤٥ وڵاتی دیکەشدا هەیە.

یان شایەدی دیکە ئەنجام دەدرێت، بەو شێوەیەی لە ماددە ٤:١ دا هاتووە:

هاوسەرگیری لە ڕێی مارەبڕینەوە دەکرێت بە ئامادەبوونی خزمان یان شایەدی دیکە.

هەروەها بۆ دروستی و بە قانوونیبوونی مارەبڕینەکە، دەبێ ئەو ژن و پیاوەی کە خوازیاری هاوسەرگیرین، خۆیان ئامادەی مارەبڕینەکە بن و خۆیان وەڵامی پرسیاری مارەبڕەکە بدەنەوە، داخۆ بەم هاوسەرگیرییە قایلن یان نا، وەک لە ماددە ٤:٢ دا ئاماژەی بۆ کراوە:

لە کاتی مارەبڕیندا دەبێت ژن و پیاوەکە لە هەمان کاتدا ئامادە بن. دەبێ هەر یەک لەوان خۆیان وەڵامی مارەبڕەکە بدەنەوە و ڕایبگەیەنن کە بەم هاوسەرگیرییە قایلن. پاش ئەوە مارەبڕەکە ڕای دەگەیەنێت کە ئەوان ئێستا هاوسەرن.

ئەگەر مارەبڕینەکە بەو شێوەیە بەڕێوەنەچوو کە لە بەشی یەکەمدا هاتووە، یان مارەبڕەکە شایستەیی مارەبڕینی نەبوو، بەجێهێنانی مارەبڕینەکە پووچەڵ دەبێت.

بەجێهێنانی مارەبڕینێک کە بەپێی بەشی دووەمی ئەم ماددەیە پووچەڵ بێت، دەبێت لە لایەن میرییەوە پەسەند بکرێت، ئەگەر بۆ ئەوە هۆکاری تایبەت هەبوو. ئەم بابەتە تەنیا لە سەر داخوازی یەکێک لەوانەی مەبەستی هاوسەرگیریکردنیان هەبووە تاوتوێ دەکرێت یان لە سەر داخوازی میراتگرانی مردووەکە، ئەگەر یەکێک لەوان مردبێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژە بە گرنگی مەرجە قانوونییە بنچینەییەکانی مارەبڕین کراوە، کە بریتین لە: ئامادەبوونی ژن و پیاوەکە لە هەمان کاتدا، وەڵامدانەوەی پرسیاری مارەبڕەکە بە بەڵێ و مارەبڕەکەش ڕاییگەیەنێت کە ئەوان ئێستا هاوسەرن. بەپێی قانوونی سویدی وەک لە بەشی یەکەمی ئەم دەقەی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، ناشێ کەسێک لە مارەبڕیدا نوێنەرایەتی پیاوەکە یان ژنەکە بکات

بەو شێوەیەی لە وڵاتانی ئیسلامیدا باوە. دەبێ ژن و پیاوەکە خۆیان ئامادەی سیرمۆنی مارەبڕینەکە بن. بێ گومان قایلبوونی ژن و پیاوەکە ئارەزوومەندانەیە و نابێ بە هیچ مەرج و خۆپارێزییەکەوە گرێ بدرێت.

لە بەشی دووەمی ئەم ماددەیەدا سەرەڕای لە ئارابوونی هەر سێ مەرجەکە، داوای هەبوونی شایستەیی لە کەسی مارەبڕەکەش کراوە بۆ بەجێهێنانی مارەبڕینەکە. ئەم داواکارییە پشت دەبەستێت بە خەسڵەت و تایبەتمەندی مارەبڕییەکە لە بەجێهێنانی ئاشکرادا، کە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکە زۆر بایەخدار ببینرێت و پێداگری لەسەر بکرێت. بۆ نموونە، مارەبڕینەکە لە تایفەیەکی ئایینی دیکەدا ئەنجام درابێت لەوەی لە کەنیسەی سویدی، دەبێ مارەبڕینەکە لە لایەن پایەدارێکەوە ئەنجام بدرێت کە بەپێی ڕێسا و ڕێنوێنی ناوخۆی تایفەکە شایستەیی مارەبڕینی هەیە (ماددە ٤:٣).

بوونی کەمایەسی لە یەکێک لە مەرجە بنچینەییە پێویستەکان بەپێی بەشی دووەمی ماددە ٤:٢ دەبێتە هۆی پووچەڵبوونی بەجێهێنانی مارەبڕینەکە. واتە ئەو هاوسەرگیرییەی کە وا زانراوە هاتۆتە ئاراوە، پووچەڵە. بێ گومان ئەوە لە هیچ ڕوویێکەوە نابێتە دەستپێکێک بۆ هاوسەرگیرییەک کە سەرئەنجامی قانوونی لێ بکەوێتەوە.

ڕوودانی هەڵە یان هەبوونی کەمایەسی دیکە لە ڕێوشوێنی یان ئەنجامدانی مارەبڕیدا بەدەر لەوەی کە لەسەرەوە باس کرا، نابیتە هۆی پووچەڵبوونی مارەبڕینەکە، بۆ نموونە: کەمتەرخەمیکردن لە پشکنینی بەربەستەکان یان ئامادەنەبوونی شایەد لە کاتی مارەبڕیدا بایەخێکی ئەوتۆی نابێت لە دروستی مارەبڕینەکە و مارەبڕینەکە پووچەڵ نابێت. هەروەها مارەبڕینەکە ئەو کاتەیش پووچەڵ نابێت کە بە هۆی ئەوەی مارەبڕەکە پەیڕەوی ئەو ڕێنوێنانەی نەکردووە کە تایبەتن بە مارەبڕین، بەلکو تەنیا ڕەچاوی ئەو مەرجە بنچینەییە

گرنگانەی کردووە کە لە بەشی یەکەمی ماددە ٤:٢ دا داوا کراوە. مەبەست لە سنووردارکردنی مەرجەکانی پووچەڵبوونی مارەبڕین لەوەدایە کە پێویست ناکات هاوسەرگیرییەکە هەڵبوەشێنرێتەوە بە هۆی هەبوونی هەڵە لە فۆرمی مارەبڕینەکە لە کاتی ئەنجامدانیدا، ئەوە تا ئەو ڕادەیەی هەڵەکە بایەخێکی گەورەی نەبێت.

بەڵام ئەگەر بە درەنگەوە زانرا کە مارەبڕینەکە پووچەڵ بووە، بێ گومان ئەمە دەبێتە مایەی دژواری و کێشە بۆ هەر دوو هاوسەرەکە یان یەکێکیان بە تایبەتی ئەگەر دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی درێژ ئەوجا بەو هەڵەیە زانرابێت کە لە فۆرمی مارەبرینەکەدا هاتووە. دیارە دەشێ دوو هاوسەرەکە لە نوێ خۆیان مارە بکەنەوە، بەڵام ئەم بوارە کراوە نابێت کاتێ یەکێک لە هاوسەرەکان مردبێت، دەشێ لە باری دیکەدا دژواری گەورەی لێ بکەوێتەوە. بۆیە دەبینین لە بەشی سێیەمی ماددە ٤:٢ دا دەرفەتێک دراوە کە مارەبڕینەکە لە لایەن میرییەوە پەسەند بکرێت. بۆ ئەوە داوا دەکرێت ژنەکە، پیاوەکە یان میراتگرانی هاوسەرە مردووەکە داخوازینامەیەک پێشکەش بکەن. دەشێ ئەم داخوازینامەیە تەنیا ئەو کاتە پەسەند بکرێت کە هۆکارێکی تایبەت هەبێت.

وا چاوەڕوان دەکرێت بەشی سێیەمی ئەم ماددەیە تەنیا لە چەند بارێکی دەگمەندا پراکتیزەکرە بکرێت. کۆمیتەی قانوونی خێزان، کە لە بنەڕەتدا پێشنیازی دەرفەتی پەسەندکردنی مارەبڕینی لە لایەن میرییەوە کردبوو، ڕایگەیاند، کە دەبوایە لە ڕاستیدا باسی ئەوە نەکرایا کە بە نکوڵیکردنی یەکێک لە هاوسەرەکان یان مردنی یەکێکیان ئەو مارەبڕینە پەسەند بکرێت کە هەڵە لە فۆرمەکەیدا کراوە، چونکە لەم بارەدا دەشێ گومان و دوودڵی بێتە ئاراوە لەوەی ئەگەر ژن و پیاوەکە هەر لە بنەڕەتدا ویستبیتیان هاوسەرگیری بکەن،

بۆ نموونە، ئەگەر هەر دووکیان خۆیان لەو شوێنە ئامادەنەبووبن یان یەکێکیان لە ڕەوشێکی هۆشی ئەوتۆدا بووبێت کە واتا و بایەخی ڕەفتارەکەی خۆی نەزانیبێت. بە ڕای کۆمیتەی ناوبراو، ڕێسای ڕیزپەڕ لە بنەڕەتدا باری ئەوتۆ دەگرێتەوە کە هەڵەیەک لە ئەنجامدانی مارەبرینەکە ڕوویدا بێت، کە ئەمەش لە کەمتەرخەمییەوە بوو بێت، بۆ نموونە، ئەگەر مارەبڕەکە لە کاتی مارەبڕینی چەند ژن و پیاوێک لە یەک کاتدا لە بیری دەچێ پرسیار لە یەکێکیان بکات داخۆ بەم هاوسەرگیرییە قایلە یان لەبیری دەچێت بە ژن و پیاوەکە بڵێت: ئێوە ئێستا هاوسەری یەکترین.

پرسی ئەوەی داخۆ مارەبڕینەکە دروست بووە یان نا، دەبێتە بابەتی پشکنین و لێکۆڵینەوە بەو شێوەیەی لە مادده ١٤:٢ ی ئەم قانوونەدا هاتووە:

**دەشێ داواکاری لەمەڕ دیاریکردنی لە ئارابوون و لە ئارانەبوونی هاوسەرگیرییەک تەنیا لە ناکۆکییەکی نێوان هاوسەرەکانەوە بکرێت.**

**لەپرسی ئەوەی داخۆ هاوسەرگیری لە ئارادایە، دەشێ وەکی دی لەو ناکۆکییانە بکۆڵدرێتەوە کە مافی کەسێکی پێوە بەندە.**

هەر یەک لە قەشە یان پایەدارێکی دیکە لە تایفەیەکی دیکەدا شایستەیی مارەبڕینیان هەیە، بەڵام ئەوە دوای ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا لەم ڕووەوە بەڵگەنامەیەک دەربارەی شایستەیی ئەو کەسانە دەردەکات. قانوونی هاوسەرگیریی سویدی مادده ٤:٣ ی تەرخانکردووە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی شایستەیی ئەنجامدانی مارەبڕینیان هەیە :

**ئەوانەی شایستەیی مارەبڕینیان هەیە بریتین لە:**

1. قەشە **یان پایەدارێکی دیکە** لە **تایفەیەک کە** بەپێی قانوونی (٣٠٥:١٩٩٣)[1] **مافی ئەنجامدانی مارەبڕینی هەیە** لە **تایفەیەکی ئایینی،یان**
2. ئەو **کەسەی** ئەنجوومەنی **پارێزگا دایمە**زراندووە **بۆ** ئە**نجامدانی مارەبڕین**.

بە قانوونی ژمارە ٢٠٠٩:٢٥٣ ئەم بەشەی خوارەوە بۆ خاڵی دووەمی ماددەکە سەربار کرا:

**ئەوەی بەپێی بەشی یەکەم شایستەیی هەیە،پێبەند نییە** بە ئە**نجامدانی مارەبڕین**.

جگە لەو کەسانەی لەم دەقەی سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، دادوەری دادگەی بەرایی، هەندێ کارمەندی باڵوێزخانەی سویدی و هەندێ قەشەش لە دەرەوەی وڵات شایستەیی مارەبڕینیان هەیە.

پێش ئەوەی کەسێک بە مارەبڕ دابمەزرێنرێت، دەبێ ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵسەنگاندنێک بۆ شارەزایی و شایستەیی ئەو کەسە بکات کە بۆ ئەرکەکە پێویستە. بەپێی قانوونی ژمارە ٢٠٠٩:٢٥٣ ئەگەر مارەبڕێک چیتر ئەو مەرجانەی لێ نەهاتە دی کە لە بەشی یەکەمی ماددە ٤:٤ دا هاتووە یان کەمتەرخەمی بکات لە بەجێهێنانی ئەرکەکەی، ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی مارەبڕینی لێ وەردەگریتەوە:

[1] لە قانوونی ژمارە ١٩٩٣:٣٠٥ دا ئاماژە کراوە بۆ چۆنێتی پێدانی مۆڵەت بە تایفە ئایینییەکان. داواکاری بۆ پێدانی مۆڵەتی مارەبڕین، پێشکەش بە ئەنجوومەنی دادوەری بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی دەکرێت. ئەم ئەنجوومەنە ئەرکی پشکنینی مەرجەکانی شایستەیی تایفەکە و مارەبڕەکە و.... لە ئەستۆدایە. ئەم ئەنجوومەنە دەسەڵاتی لێسەندنەوەی ئەو مۆڵەتەشی هەیە کە پێشتر داوێتی کاتێ قەشەکە یان پایەدارەکە کەمتەرخەمی بکات لە ئەنجامدانی مارەبڕینەکە یان چیتر ئەو مەرجانەی لێ نەیەتەدی کە پێشتر تێیدا بووە.

پێش ئەوەی کەسێک بەپێی بەشی دووەمی ماددە ٣ بە مارەبڕ دابمەزرێنرێت، دە ـی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵسەنگاندنێک بۆ شارەزایی و شایستەیی ئەو کەسە بکات کە بۆ ئەرکەکە پێویستە.

دامەزراندنەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، ئەوە ئەگەر سنووردار نەکرابێت بەوەی کە کارپێکراو دەبێت تا ڕۆژێکی ئاماژەبۆکراو.

مارەبڕێکی چیتر ئەو مەرجانە ێ لێ نەیەتەدی کە لە بەشی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە یان مارەبڕەکە کەمتەرخەمی بکات لە ئەرکەکەی، ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی مارەبڕینی لێ وەردەگرێتەوە.

ئەرکێکی زۆر گرنگ کە دەکەوێتە ئەستۆی مارەبڕ بەر لە ئەنجامدانی مارەبڕینەکە، لێکۆڵینەوەیە لەوەی کەی پشکنین بۆ بەربەستەکان کراوە، کە دەبێ لە ماوەی چوار مانگ بەر لە ئەنجامدانی مارەبڕینەکە کرابێت نەک پێشتر، وەک لە ماددە ٤:٥ دا ئاماژەی بۆ کراوە:

بەر لە ئەنجامدانی مارەبڕین، دە ێ مارەبڕەکە دڵنیا بێت کە پشکنینی بەربەستەکان لە ماوەی چوار مانگ پێش ئەنجامدانی مارەبڕینە بەرنامەبۆداڕێژراوەکە کرابێت و هیچ بەربەستێکیش نەبووبێت.

جگە لەو ڕێسایانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، ماددە ٤:٦ یش ئاماژە بۆ بوونی ڕێنوێنی تایبەت بە مارەبڕی لە تایفەیەکی ئایینی دەکات، کە لە لایەن قەشە یان پایەدارێکەوە لە تایفەکە ئەنجام دەدرێت، و تێدا هاتووە:

لە کاتی مارەبڕیدا وەکی دی ئەمانە کاریان ێ دەکرێت:

١. ئەو ڕێسا و ڕێنوێنەی کە لە تایفەیەکی ئایینی ـاری پێ دەکرێت، ئەگەر مارەبڕینەکە لە لایەن

قەشە **یان پایەدارێکی دیکەوە** لە **تایفەکە** ئەنجام **بدرێت، و**
٢. **ڕێساکانی کە** لە **لایەن میرییەوە بۆ باری دیکە ڕادە**گە**ینرێت**.

دوای مارەبڕینی ژن و پیاوەکە، دەبێ هەر ئەو کات مارەبڕەکە بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە مارەبڕینەکە بە ژن و مێردەکە بدات.

میری ڕایدەگەیەنێت لە کام باردا پرۆتۆکۆلی تایبەت بە مارەبڕی دەکرێت، وەک لە ماددە ٤:٧ دا هاتووە:

دە**بێ مارەبڕەکە ڕاستەوخۆ دوای مارەبڕینەکە** بە**ڵگە**نامە**یەکی تایبەت** بە مارە**بڕی** بە **هاوسەرەکان** بدات. **میری** ئە**و ڕێنوێنانە ڕادە**گە**یەنێت کە لە چ بارێکدا** دە **بێ پرۆتۆکۆلی تایبەت** بە مارە**بڕین بکرێت**.

هەروەها دەبێ مارەبڕەکە دەستبەجێ زانیاری دەربارەی مارەبڕینەکە بۆ فەرمانگەی باج بنێرێت (ماددە ٤:٨ ). کە فەرمانگەی باج ئەم زانیاریەی پێ دەگات، لەو پشکنینەی بۆ بەربەستەکان کراوە ورد دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ هیچ بەربەستێک هەبووە یان نا. ئەگەر پشکنینێکی ئەوتۆ نەکرابێت یان سەرەڕای هەبوونی بەربەست لە کاتی پشکنینەکەدا، مارەبڕینەکە ئەنجام درابێت، فەرمانگەی باج زانیاری دەربارەی ڕەفتارەکە بۆ ئەو لایەنە پەیوەندیدارە دەنێرێت کە سکاڵا تۆمار دەکات یان لە پرسەکانی بنەمای بەرپرسیاریەتی یان لەکارلابردنی مارەبڕەکە دەکۆڵێتەوە. هەروەها بەپێی قانوونی ژمارە ٢٠٠٤:١٤٢ کە دواتر لە بەشی یەکەمی ماددە ٥:٥ دا جێگیر کرا، دەبێ فەرمانگەی باج لەو بارانەی کە لەم ماددەیەدا هاتووە، داواکاری گشتیش ئاگادار بکاتەوە (بەشی دووەمی ماددە ٤:٨ ).

لە هەندێ باردا دەشێ هیچ کام لەو دوو کەسەی دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن پەیوەستییان بە سویدەوە نەبێت. هەر یەکێک لەوان مافی هاوسەرگیریکردنیان هەیە بەپێی هەر دوو قانوونی سویدی

و قانوونی ئەو وڵاتەی کە پیاوەکە یان ژنەکە پەیوەستییەکی نزیکی پێوە هەیە. هەر یەک لەوان، خۆیان قانوونی ئەو وڵاتە هەڵدەبژێرن کە پەیڕەو بکرێت، ئەمە جگە لە قانوونە سویدییەکە. دەبێ قانوونی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرێت کە کەسەکە هاووڵاتییەتی یان بە شێوەیەکی بەردەوام لێی نیشتەجێیە. دەشێ هەڵاوێرد لە ڕێساکە بکرێت بە ڕەچاوکردنی بەربەستی هاوسەرگیری لە قانوونی وڵاتێکی دیکە ئەگەر ژن و پیاوەکە داوای ئەوە بکەن و هۆکاری تایبەتیش هەبێت.

کە دەڵێین ژن و پیاوەکە پەیوەستییان بە سویدەوە نییە، مەبەست ئەوەیە کە هیچ کام لەوان هاووڵاتیی سویدی نین یان بە بەردەوامی لە سوید ناژین، بۆ نموونە، کەسانێکی کە گەشتیارن لە سوید یان نیشتەجێی سویدن و داوای مانەوەیان پێشکەش کردووە یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی خوێندن یان کارکردن نیشتەجێی سویدن.

زۆرێک لەو بەربەست و مەرج و ڕێوشوێنانەی لە قانوونی هاوسەرگیریی سویدیدا هاتووە، جووتە لەگەڵ قانوونە کوردستانییەکە بە هەندێ جیاوازییەوە کە پەیوەستن بە کاریگەری و گرێدانیان بە ئایینەوە. ئەوە وای کردووە بەشێک لە ماف و ئازادییەکانی تاک پێشێل بکرێت و جیاکاری و نادادپەروەرییەکی بەرچاو لە نێوان دوو ڕەگەزەکە بەدی بکرێت، کە ئەمەیش کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم گەشەی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە پێویستە لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی ورد و ئامادەکاریی پێویست بکرێت تاکو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە چەند قۆناخێک جیاکاریی و نادادپەروەرییەکان سنووردارتر بکات و دواتر نەیانهێڵێت.

پەرلـــەمانی هەرێمـــی کوردســـتان لـــە قـــانوونی ژمـــارە ١٥:٢٠٠٨ دا تـــوانی کارکردن بـە هەنـدێ بڕگـە و مـاددەی قانوونـە ئێراقیەکـەی تایبـەت بـە مارەبڕینیش ڕابگرێت. هاوسەرگیری بەپێی قانوونە کوردستانییەکە لـە ڕێی مارەبڕینـەوە بە قایلبوونی هەر دوو لایـەنـەکە یان ئەوانـەی جێیـان دەگرنـەوە گرێ دەدرێت[1]. ئەوەی تایبەتیشە بە شایستەیی لە گرێبەندی هاوسەرگیری وەک لـە مادده ٢ ی قانوونی ناوبراودا هاتووە، بـە هەبوونی ئـەو مەرجانـە دێتـە دی کـە پێویسـتە لـە ژن و پیـاوەکەدا هـەبن یـان لەوانەی جێیان دەگرنـەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونـە.

هیـوادارم پەرلـــەمانی هەرێمـــی کوردســـتان لـــە قۆنـــاخی داهـــاتووی هـــەمـوارکردنی ئـــەم قانوونـــەدا، ئامـادەبوونی ژن و پیاوەکـە لــە کــاتی مارەبڕیـــدا بـــە مـــەرج دابنێـــت. ئەزموونـــەکان پیشـــانیان داوە ئامـادەنـەبـوونی ژن و پیاوەکـە لـە کـاتی مارەبڕیـدا زۆر جـار کێشـەی لێکەوتۆتـەوە و مافی ژنـەکە پێشێل کراوە. گرێدانی هاوسەرگیری لە ڕێی بریکارەوە دیاردەیەکی ناشارستانییە و نابێت لـە بواری هاوسەرگیریدا ڕێگــە بـــە بریکـــاری بـــدرێت، لەبەرئـــەوەی گرێبەنـــدی هاوســـەرگیری گرێبـەندی کڕین و فرۆشتن نییە.

پرسی ئامادەبوونی دوو شایەد وەک مەرجێک بـۆ دروستـی گرێبـەنـدی هاوســـەرگیری بـــەپێی خـــاڵی(د) ی بڕگـــە ١ ی مـــاددە ٣ ی قانوونـــە کوردستانییەکە بە پێچەوانـەی قانوونـە ئێراقییەکە، هەر دوو ڕەگەزەکە یەکســـانن، کـــە ئـــەوە هـــەنگاوێکی دیکـــەی گرنگـــە بـــۆ کەمکردنـــەوەی

[1] وا دروستتر دەبوو لەباتی (یان ئەوانـەی جێیان دەگرنـەوە)، بنووسرایە (یان ئەوانـەی نوێنـەرایـەتیان دەکـەن). پەرلــەمانی هەرێمـی کوردسـتان وشـەیەکی بـۆ داتاشـیوە و سەرەڕای بە کوردیکردنیشی مۆرکە عەرەبیەکەی هەر پێوە ماوە. (او من يقوم مقامهما) کراوە بـە (یان ئەوانـەی جێیان دەگرنـەوە). بڕوانە ماددەی دووەمی قانوونەکە.

جیاکاریی جێندەری و دەستەبەرکردنی یەکسانی. هەروەها پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ماددە ٣ دا بڕگەیەکی بە ژمارە[15] بۆ ماددە ٦ ی قانوونە ئێراقییەکە سەربار کردووە، کە ئەویش بریتییە لە پێدانی مافی جیابوونەوە بە ژنەکە لە لایەن مێردەکەیەوە لە کاتی گرێدانی گرێبەندەکەدا، هەرچەندە ئەم مافە سروشتییە ناکۆکە بە کولتووری ئوممەی عەرەبی، بەڵام کۆکە لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی مرۆڤدا.
***ئەم بڕگەیەی سەرەوە ئەو دەمە کارپێکراو دەبێت و ئامانجی داواکراو دەپێکێنێت، کە دادوەر چۆن لە کاتی مارەبڕیدا پرسیار لە ژن و پیاوەکە دەکات داخۆ بەم هاوسەرگیرییە قایلن، ئەو پرسیارەش ئاراستەی پیاوەکە بکات ئەگەر مافی جیابوونەوە بە ژنەکەی دەدات.***
***بە هۆی کەمی هۆشیاریی قانوونی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر گرنگە لە دەمی مارەبڕینەکەدا لە ڕێی نامیلکەیەکەوە ژن و پیاوەکە بە ماف و ئەرکانیان ئاشنا بکرێن.***

ئەوەی لە شایستەیی هاوسەرگیریدا داوا دەکرێت، پڕکردنەوەی هەژدە ساڵ و هۆشە. بەڵام بەپێی بڕگە ٢ ی ماددە ٤ ی قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨ دادوەر بۆی هەیە ڕێ بەو کەسە بدات کە نەخۆشی هۆشی هەیە هاوسەرگیری بکات، ئەگەر بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند دەرکەوت هاوسەرگیرییەکەی زیان بە کۆمەڵگە ناگەیەنێت و لەبەرژەوەندی خۆیدایە، بە مەرجێک لایەنەکەی دی لە کاتی گرێدانی هاوسەرگیرییەکەدا **بە ڕوونی و بە نووسین قایل بێت.**
بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پاراستنێکی پتری کەسە تەندروستەکە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەستەواژەی (ڕەزامەندییەکی

---

[1] هاوسەرەکە بۆی هەیە لە کاتی گرێدانی گرێبەندی هاوسەرگیریدا مێردەکەی مافی ئەوەی بداتێ کە تەڵاقی بەدەست بێت.

ڕاشکاوانە)ی لە دەقە ئێراقییەکە هەڵگرت و لەباتی ئەوە ئەم دەقەی بۆ بڕگەی دووەم سەربار کرد:

**(.... بە مەرجێک لایەنەکەی دی لە کاتی گرێدانی هاوسەرگیرییەکە** بە **ڕوونی و بە نووسین قایل بێت**).

خاڵێکی پۆزەتیڤی دیکەی قانوونە کوردستانییەکە، پێدانی مافی سەرپەرشتیارییە بە دایک وەک مافێکی سروشتی خۆی کاتێک باوکەکە لە ژیاندا نەمابێت یان دیار نەبێت و دایکەکە منداڵەکەی بەخێو کردبێت و لە لای خۆی بووبێت (بڕگە٣ی مادده ٥)[1]. جگە لەوەی ئەم بڕگەیە یەکێک لە مافە سروشتییەکانی بۆ دایک گێڕاوەتەوە، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەی نێوان خزمانیشی چارەسەر کردووە.

کە پایە و مەرجەکانی گرێبەندی هاوسەرگیری لە ئارادا دەبن، گرێبەندەکە بەپێی ئەم مەرجانە لە دادگەکانی هەرێمی کوردستاندا تۆمار دەکرێت:

**١. بەیاننامەیەک کە زانیاری دەربارەی ناو و تەمەنی ژن و پیاوەکە و بڕی مارەییەکە و نەبوونی بەربەست لە بەردەم هاوسەرگیرییەکە پێشکەش دەکرێت، کە لە لایەن هەر دووکیانەوە واژوو کراوە.**

**٢. بەیاننامەکە بەو ڕاپۆرتەوە هاوپێچ دەکرێت کە لە لایەن لیژنەی پزیشکیی تایبەتمەندەوە دەرچووە و پشتگیریی تەندروستی هەر دوو ژن و پیاوەکە دەکەن لە نەخۆشی(کەمی بەرگەگرتن)ی تووشبوو و بەرهەڵستی تەندروستی و بەڵگەنامەی دیکەیش کە قانوون دەیکاتە مەرج (ب ١ / مادده ٧).**

---

[1] دایک بە سەرپەرشتیار دادەنرێت کە باوک مردبێت یان دیار نەبێت و دایکەکە بەخێوی کردبێت و لە لای بووبێت.

٣. ئەوەی لە بەیاننامەکەدا هاتووە بە ئامادەبوونی دادوەر لە تێنووس تۆمار دەکرێت و هەر دوو لا واژووی دەکەن و لە لایەن دادوەرەوە پەسەند دەکرێت و بەڵگەنامەی هاوسەرگیری بە ژن و پیاوەکە دەدرێت.

زۆر جار مارەبڕینی دەرەوەی دادگە، ئەو پایە و مەرجانەی لێ نایەتە دی کە بۆ گرێبەندێکی دروست داوا کراوە، بۆیە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە بڕگە ٥ ی ماددە٧ ی قانوونی ژمارە ٢٠٠٨:١٥ دا گرێدانی گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگە سزابار کردووە:

**هەر کەسێکی گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگە بکات، بە بژاردنی لانی کەم یەک ملیۆن دینار، ئەوپە سێ ملیۆن دینار سزا دەدرێت. بەم ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لە ژیانی هاوسەریدا لە دەرەوەی دادگە گرێ دا، بە لانی کە سێ ساڵ، ئەوپەڕی پێنج ساڵ زیندانی سزا دەدرێت**[1].

بۆ باشتر کۆنترۆلکردنی دیاردەی مارەبڕین لە دەرەوەی دادگە وا پێویست دەکات چەند نووسینگەیەک بۆ ئەم مەبەستە بکرێتەوە و چەند مامۆستایەکی ئایینی کە شایستەیی مارەبڕینیان هەیە لەو نووسینگانە دابمەزرێنرێن و بە قانوون ئەرک و مافەکانیان ڕێک بخرێت، تاوەکو هەموو مەلایەک مافی مارەبڕینی نەبێت.

---

[1] ئەم دەقەشم وەکو هەندێ لە دەقەکانی دیکەی قانوونە کوردستانییەکە جارێکی دی دارشتۆتەوە بەبێ شێواندنی ناوەرۆک و مەبەستی دەقەکە. ئەم بڕگەیە لە قانوونە کوردستانییەکە بەم شێوەیە هاتووە: **هەر کەسێک** گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا بکات بە غەرامەیەک سزا دەدریت کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ و سزاکەی حەپس کردن دەبێ بۆ ماوەیەک لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لە ژیانی هاوسەری دا لە دەرەوەی دادگا گرێدا.

هــەروەها پێویســتە پەرلــەمانی هەرێمــی کوردســتان کــار بــۆ سـنووردارکردن و هــەڵگرتنی (مــارەیی پاشــەکی) بکــات. گوایــە ئــەم مارەییــە جۆرێــک لــە گــەرەنتی پێدانــە بــۆ بــەردەوامی پێکــەوە ژیــانی هاوسەرەکان تا مێردەکە نەتوانێت بـە ئاسـانی دەستبەرداری ژنەکـەی بێت، ئەگەرچی زۆر جار پێکەوە ژیانی هاوسەرەکان مەحاڵیش دەبێت، بەڵام بڕی مارەییەکـە دەبێتـە کۆسپێک لـە بـەردەم جیابوونـەوە. واتـە مارەیی پاشەکی کۆسپێکە لە بەردەم پیادەکردنی مافێکی سروشتی کـە ئـەویش مافی جیابوونەوەیە. لە باری ئـەوتۆدا گرێبـەندی هاوسـەرگیری چیتر ئەو گرێبەندە ئارەزوومەندانـە نامێنێت کـە لەسـەر قـایلبوونێکی سروشــتی هــەر دوو لا گــرێ درابێــت و سروشــت و غــەریزە ڕێکخــەری بووبێت.

**جیابوونەوە**
لەم چەند سەدەیەی دوایدا بواری هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری لە سوید یەکجار سنووردار بوو. لە قانوونی ساڵی ١٧٣٤ دا تەنیا ئامازە بە دوو هۆکار کرابوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری لە ڕێی جیابوونەوە، کە بریتیی بوون لە داوێنپیسی و بەجێهێشتنی ئارەزوومەندانە. لە ڕێی قانوونی ساڵی ١٨١٠ وە هۆکارەکانی جیابوونەوە پتر کران، کە بریتیی بوون لە: حوکمدانی یەکێک لە هاوسەرەکان بە سزای زیندانی هەتا هەتایی، دوورخستنەوە لە وڵات، شێتیی ڕاستەقینە، ئەنجامدان و بەشداریکردن لە تاوانێک دەرهەق بە ژیانی هاوسەرەکەی. هەروەها لە قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ١٩١٥ ئامازە بۆ هەمان ئەو هۆکارانە کرانەوە کە لە قانوونەکەی ساڵی ١٨١٠ دا هاتبوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بواری جیابوونەوە بەرفراوانتر کرا و دەشیا ئەو کاتەش داوای جیابوونەوە بکرێت کە ناکۆکی نێوان ژن و مێردەکە دەگەیشتە ڕادەی ڕک و کینە و نەمانی دەرفەتی پێکەوە ژیان. دواتر بەپێی قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ١٩١٥ **ناتەبایی قووڵ و بەردەوامی نێوان هاوسەرەکان** بووە پرنسیپێکی نوێ بۆ جیابوونەوە و ئەم پرنسیپە فۆرمولەیەکی لیبرالانەی وەرگرت. کە دەکرا هاوسەرەکان بە بڕیاری دادگە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەجیا بژین، ئەمە دوای پێشکەشکردنی داواکارییەک بە دادگە لە لایەن ژن و مێردەکەوە کە بە هۆی **ناتەباییەکی قووڵ و بەردەوامەوە** ناتوانن درێژە بە پێکەوەژیان بدەن. ئەم هەڵوێستەی هەر دوو لا لە لایەن دادگەوە وەک بەڵگەیەک پەسەند دەکرا بۆ بوونی ناکۆکی قووڵ و بەردەوام. بەڵام ئەگەر تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان داواکاری بەجیاژیانی پێشکەش بە دادگە بکردایە، دەبوو ناتەباییەکە بسەلمێنێت. ئەوسا ڕێسای تایبەت بە نێوانگەری نێوان ژن و مێردەکە هەبوو

وەک هەوڵێک بۆ چاودێریکردنی سەقامگیری ژیانی خێزانەکە. پاش بڕیاری بە جیاژیانی هاوسەرەکان بۆ ماوەی ساڵێک و دوای بەسەرچوونی ئەم ماوەیە هەر یەک لە ژن و مێردەکە مافی داواکردنی بڕیاری جیابوونەوەیان دەبوو.

لە ڕوانگەی نێونەتەوەییدا قانوونە سویدییەکەی ساڵی ١٩١٥ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دی زۆر لیبراڵ بووە. بواری جیابوونەوە بە هۆی (ناکۆکی قووڵ و بەردەوامی نێوان هاوسەرەکان) ٥٠ - ٦٠ ساڵ پاشتر ئەوجا لە ئینگلتەرا، فرەنسا و ئەڵمانیا کرا بە فاکتەری جیابوونەوەی هاوسەرەکان، بەڵام لە فۆرمولەیەکی سنووردارتر لەوەی سوید.

لە پاڵ پرنسیپی(ناکۆکی قووڵ و بەردەوامی کێشەکان) کە هۆکارێک بوو بۆ بەجیاژیانی ژن و مێردەکە، دەکرا بە هۆی لە ئارابوونی هۆکاری تایبەتیشەوە بڕیاری بە جیاژیانی هاوسەرەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بدرێت، بۆ نموونە، کەمتەرخەمییەکی گەورەی یەکێک لە هاوسەرەکان بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەرکی بژیوی بە هۆی ئالوودەبوونی بە ئەلکهولەوە.

سوید یەکەم وڵاتی کۆنتینێتی ئەوروپا بوو کە ڕێسای تایبەت بە بەجیاژیانی هاوسەرەکانی پێش جیابوونەوە لە قانوونەکانیدا ڕێکخست. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩ پەرلەمانی سویدی کۆمیتەیەکی پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی دەقێکی قانوونی ئەوتۆ کە تێیدا مافی جیابوونەوە لەسەر بنەمایەکی ئازادانەتر بێت لە(بنەمای ناکۆکی قووڵ و بەردەوامی هاوسەرەکان). لە دەقەکەدا داوا کرا بوو **ڕێز لە خواست و ئارەزووی جیابوونەوەی هەر یەک لە هاوسەرەکان بگیرێت بەبێ ئەوەی لە کاتی داواکردنی جیابوونە**

**پێویست بە خستنەڕووی هیچ هۆکارێک بکات.** ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٣ پێشنیازی ڕێسای نوێی تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری کرا و ڕێساکانی تایبەت بە(بەجیاژیانی هاوسەرەکان) هەڵگیرا و هاوسەرەکان مافی جیابوونەوەی دەستبەجێیان پێ درا بە ڕیزپەڕی پرنسیپی(ماوەی بیرکردنەوە) بۆ هەندێ باری تایبەت وەک قۆناخی یەکەمی پێش جیابوونەوە، کە دواتر بە درێژی باسی دەکەین.

قانوونی هاوسەرگیریی سویدی ساڵی ١٩٨٧ دەوازەی پێنجەمی تایبەت کرد بە ڕێساکانی جیابوونەوە. لە ماددە ١ ی ئەم قانوونەدا ئاماژە بە چارەسەرکردنی ئەو باری جیابوونەوە کراوە کە ژن و مێردەکە خۆیان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە ڕێککەوتوون. *ئەو ژن و مێردەی منداڵی ژێر شانزە ساڵانیان نییە، مافی جیابوونەوەی دەستبەجێیان دەبێت و پێویست بە پەیڕەوکردنی(ماوەی بیرکردنەوە) ناکات و دادگە یەکسەر بڕیار لە داخوازینامە هاوبەشەکەیان بە جیابوونەوە دەدات.* بەڵام ئەگەر منداڵی ژێر شانزە ساڵانیان هەبێت، پاش بەسەرچوونی ماوەی بیرکردنەوەکە ئەوجا بڕیاری جیابوونەوەیان دەدرێت، وەک لە ماددە ١:٥ دا هاتووە:

ئەگەر هاوسەرەکان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە ڕێکبوون، مافی جیابوونەوەیان دەبێت، ئەم دوای ماوەی بیرکردنەوەی لەوەپێش، ئەگەر هەر دوو هاوسەرەکە داوای ئەوە بکەن یان ئەگەر یەکێک لەوان بەردەوام پێکەوە لەگەڵ منداڵی ژێر ١٦ ساڵانی خۆیدا بژیەت کە لە ژێر چاودێری ئەو هاوسەرەدایە.

ئەو ژن و مێردەی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە ڕێککەوتوون، مافی جیابوونەوەی دەستبەجێیان دەبێت، ئەگەر منداڵی

ژێر١٦ ساڵانیان نەبێت، ئەو کات دادگە یەکسەر بڕیاری جیابوونەوە لەسەر داخوازینامە هاوبەشەکەیان دەدات.

کە دەڵێین ژن و مێردەکە پێکەوە داوای جیابوونەوە دەکەن، واتە لەسەر پرسی جیابوونەوە ڕێککەوتوون. هەروەها دەشێ ئەم ڕێکبوونە لە کاتی کارکردن لە پرسەکەشدا دەربکەوێت. ئەگەر تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان داوای جیابوونەوە بەرز بکاتەوە، دەشێ هاوسەرەکەی دی دان بە داواکاری داواکارەکە بنێت، ئەمە ئەوسا بە نووسین یان بە زارەکی لە بەردەم دادگە دەکرێت. هەروەها دەشێ بە هەمان شێوە ئەو ڕێکبوونەی جارێک لە ئارا بووە، کۆتایی پێ بێت، ئەوسا جیابوونەوەکە بەپێی ماددە ٥:٢ بڕیاری لێ بدرێت، کە دواتر تیشکی دەخەینە سەر.

ئەگەر هاوسەرەکان بە ڕوونی داوا بکەن کە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە دوای ماوەی بیرکردنەوە بێت، ئەوسا بڕیاری جیابوونەوەکە دەستبەجێ ڕاناگەیەنرێت. مافی داواکردنی (ماوەی بیرکردنەوە) سەرەڕای لە ئارابوونی مەرجەکانی جیابوونەوەی دەستبەجێ، لە هەموارکارییەکانی قانوونی هاوسەرگیریساڵی ١٩٧٣ کەم و زۆر ئاماژەی بۆ نەکرا، بەلکو لە قانوونی هاوسەرگیری ساڵی ١٩٧٨ دا ڕێسایەکی لەم جۆرە بە پێویست زانرا. گرنگترین پاڵنەر بۆ ڕێنەدان بە (جیابوونەوەی دەستبەجێ) سەرەڕای ڕێککەوتنی هاوسەرەکان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی منداڵە، ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان پێکەوە و بەردەوام لەگەڵ منداڵی ژێر ١٦ ساڵانی خۆیدا بژیەت کە لە ژێر چاودێری ئەو هاوسەرەدایە. **کە منداڵ لە خێزانەکەدا هەبێت، بەرژەوەندی منداڵەکە وا دەخوازێت ئەوەندەی دەرفەت هەبێت خۆ لە مەترسی بڕیاری جیابوونەوەی بە پەلە بەدوور بگیرێت، بۆیە ناشێ**

**ئەوەی پەیوەندی بە بڕیارەکەوە هەیە تەنیا وەکو پرسی هاوسەرەکان تەماشا بکرێت.**

هەروەکو لە دەقی مادده ١ دا ڕوونە، مەبەست لە منداڵ تەنیا ئەو منداڵەیە کە تەمەنی لە ژێر ١٦ ساڵاندایە. تەمەنی منداڵەکە لەو دەمەدا یەکلاکەرەوە دەبێت کە دادگە لێکۆڵینەوە دەکات لەوەی داخۆ دەکرێ بڕیاری جیابوونەوەکە دەستبەجێ ڕابگەیەنێت یان پێویستی بە ماوەی بیرکردنەوە هەیە (مادده ١٤:٦ )[1]. تەمەنی منداڵەکە لەو دەمەدا لە ژێر ١٦ ساڵاندا بێت، دادگە هاوسەرەکان ئاگادار دەکات کە دەبێ پەیڕەوی ماوەی بیرکردنەوەکە بکەن و ماوەکە بەسەر بچێت. ئەگەر منداڵەکە بەر لە بەسەرچوونی لانی کەمی ماوەی بیرکردنەوەکە کە شەش مانگە، ١٦ ساڵی پڕ کردەوە، هاوسەرەکان دەتوانن لای دادگە دەستپێشخەرییەکی نوێ بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە.

شتێکی دیکەی لە مادده ١:٥ دا ئاماژەی بۆ کراوە، منداڵی خودی هاوسەرەکەیە. ئەوەی ئاشکرایە دەشێ ئەوە پەیوەندی بە منداڵێکی هاوبەشی هاوسەرەکانەوە هەبێت، بەڵام بۆ دەستپێکردنی (ماوەی بیرکردنەوە) ئەوەندە بەسە کە منداڵەکە هی تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان بێت. کە دەگوترێ منداڵی خودی هاوسەرەکە، منداڵی وەخۆگیراویش دەگرێتەوە (مادده ٤:٨ قانوونی دایکوباوک)[2]، بەڵام

---

[1] لە دوای بەرزکردنەوەی داوای جیابوونەوە، دادگە لێکۆڵینەوە لە بڕیاری جیابوونەوە دەکات، داخۆ دەشێ ئەم بڕیارە یەکسەر ڕابگەیەنرێت. ئەگەر پێویست بە ماوەی بیرکردنەوە بکات، دادگە هەر دوو لا لە کاتی دەستپێکردنی ماوەی بیرکردنەوە و چارەسەکردنی داواکە ئاگادار دەکات (مادده ١٤:٦).

[2] بەپێی مادده ٤:٨ منداڵی وەخۆگیراو بە منداڵی وەخۆگرەکە دادەنرێت نەک منداڵی دایکوباوکە بایلۆژییەکە. هاوسەرێکی، منداڵی هاوسەرەکەی دیکەی یان منداڵی

بـەخێوکردنـی ئـەو منداڵـە ناگرێتـەوە کـە بـەپێی قـانوونی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی لای هاوسـەرەکان یـان لای یـەکێکیان دانـراوە. هـەروەها منداڵی منداڵیش بە منداڵی خودی هاوسەر دانانرێت.

ڕێساکانی ڕستەی دووەم شیاوی پراکتیزەکردنە ئەگەر هاوسەرەکان پێکەوە چاودێری منداڵەکە بکەن. ئەگەر منداڵەکە تەنیا هی یەکێک لە هاوسەرەکان بێت، ئایا ئەوەندە بەسە کە منداڵەکە لە ژێر چاودێری ئەو هاوسەرەدا بێت؟ ڕێساکان وا نووسراون کە ئەو بارەش بگرێتەوە کە منداڵەکە لە ڕاستیدا منداڵی هاوبەشی هاوسەرەکانە، بەڵام لە ژێر چاودێری تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکاندایە. دەشێ هاوسەرەکەی دی مافی چاودێریکردنی لێوەرگیرابێتەوە. **مەبەست لەوەی سەرەوە، بەرگرتنە لە خۆدزینەوە لە مەرجی پەیڕەوکردنی ماوەی بیرکردنەوە لە ڕێی هەڵوەشاندنەوەی چاودێرییە هاوبەشەکە بەر لە پێشکەشکردنی داخوازینامەی جیابوونەوە. پێویستە جەخت لەوە بکرێت کە ڕێساکان دەربارەی چاودێرییە قانوونییەکەن نەک چاودێرییە ڕاستینەکە.**

لە ڕوویەکی دیکەوە چاودێرییە ڕاستینەکە پەیوەندی بەو مەرجەی (ماوەی بیرکردنەوە) وە هەیە کە بریتییە لە پێکەوەژیانی بەخێوکەرەکە بە بەردەوامی لەگەڵ منداڵەکەی خۆی. ئەم سنووردارکردنە لەو دەمەوە کرا کە دەشێ یەکێک لە هاوسەرەکان چاودێریی منداڵەکەی بە هاوبەشی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کردبێت نەک لەگەڵ هاوسەرەکەی. مەبەست لە ڕێساکانی (ماوەی بیرکردنەوە) ئەوەیە کە ئەو بار و دۆخانە بگرێتەوە کە منداڵەکە لە لای

---

وەخۆگیراوی وەخۆگرتبێت، منداڵەکە بە منداڵی هاوبەشی هەر دوو هاوسەرەکە دادەنرێت.

هاوسەرەکان دەژیەت و بەم شێوەیە هاوبەشییەکی ڕاستینەی لەگەڵ دایک یان باوکی زڕدا هەیە. *بەڵام ئەگەر منداڵەکە بە بەردەوامی لای دایک یان باوکەکەی دیکە بژیەت، داوای ماوەی بیرکردنەوەی پێش جیابوونەوە ناکرێت*. هەرچەندە چاودێریکردنی منداڵ بە هاوبەشییە، بەڵام سروشتییە کە منداڵەکە بە بەردەوامی تەنیا لە لای یەکێک لە دایک یان باوکەکە بژیەت و بۆ ماوەیەکی کورتتر یان تەنیا ناوناوە سەردانی ئەوەکەی دیکە بکات. دەشێ چاودێرییە هاوبەشەکە هەندێ جار لەو بارەی گفتوگۆی دەربارەوە کرا، پیادە بکرێت کە منداڵەکە بە نۆرە لە لای دایک و لای باوکەکە بۆ ماوەیەکی چوونیەک بژیەت.

بەڵام ئەگەر تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان بیەوێ جیابێتەوە، بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی هەستی هاوسەرەکەی دیکە دەبێ پێش هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە پەیڕەوی ماوەی بیرکردنەوە بکرێت، وەک لە مادده ٥:٢ دا هاتووە:

**ئەگەر تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە بکات، ئەو هاوسەرە تەنیا دوای بەسەرچوونی ماوەی بیرکردنەوە ئەوجا مافی جیابوونەوەی دەبێت.**

دوای ئەوەی هاوسەرەکە داخوازینامەی جیابوونەوە پێشکەش دەکات، هاوسەرەکەی دیکە لەم داخوازینامەیە ئاگادار دەکرێتەوە و دەتوانێت بەرهەڵستی بڕیاری (جیابوونەوەی دەستبەجێ) بکات. ئەوسا دادگە ئاماژە دەکات بەوەی کە ماوەی بیرکردنەوە دەست پێ دەکات (مادده ٦:١٤)[1].

---

[1] لە دوای بەرزکردنەوەی داوای جیابوونەوە، دادگە لێکۆڵینەوە لە بڕیاری جیابوونەوە دەکات، داخۆ دەکرێ ئەم بڕیارە یەکسەر ڕابگەیەنرێت. ئەگەر پێویست بە ماوەی

دەشــێ نــاکۆکی نێــوان هاوســەرەکان دەربــارەی هەڵوەشــانەوەی هاوسەرگیری لەو بارەش سەرهەڵبدات کە داواکاری جیابوونەوەکە بە تەبایی و ڕێککەوتنی هەر دوو لا بەرزکراوەتەوە بۆ دادگە. بۆ نموونە، یەکێک لە هاوسەرەکان خۆی لەو داخوازینامە هاوبەشەی پێشکەش بە دادگەیان کردووە، بەدوور دەگرێت. بە هەمان شێوە دەشێ لە داوایەکی (ئامادەبوون لە بەردەم دادگە) دا ئەو هاوسەرەی لە سەرەتادا ڕەزامەندی لەسەر داواکاری هاوسەرەکەی لەمەڕ جیابوونەوە داوە، دواتر دەیەوێت ڕەزامەندییەکەی بکێشێتەوە. کە کێشانەوەی یەکلایەنەی داخوازینامەیەکی هاوبەش یان کێشانەوەی ڕەزامەندییەک دەگاتە بەردەم دادگە پێش ئەوەی دادگە بڕیاری لە کەیسەکە ڕاگەیاندبێت، ئەو دەم ماوەی بیرکردنەوەکە دەست پێ دەکات.

ئەگەر دادگە لە یەکێ لەو بارانەی سەرەوە بە ڕاگەیاندنی بڕیاری جیابوونەوە ڕابگات و یەکێک لە هاوسەرەکان تانە لە بڕیارەکە بدات و دادگەی تێهەڵچوونەوە داواکارییەکەی پەسەند بکات بەوەی کە ئەو هاوسەرە ئارەزووی(ماوەی بیرکردنەوە) دەکات و هاوسەرەکەی دیکە بەم داواکارییە قایل بێت، هیچ کۆسپێک لە بەردەم ڕەزامەندیدان لە ئارادا نابێت.

لەم بارەی سەرەوە دادگەی تێهەڵچوونەوە بڕیارەکەی دادگەی بەرایی ڕەت دەکاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە کە ماوەی بیرکردنەوە دەست پێ دەکات و داواکە بۆ دادگەی بەرایی ڕەوانە دەکاتەوە. ئەزموونەکان سەلماندوویانە ئەنجامەکە بە هەمان شێوە دەبوو، تەنانەت ئەگەر

---

بیرکردنەوە بکات، دادگە هەر دوو لا لە کاتی دەست پێ کردنی ماوەی بیرکردنەوە و چارەسەکردنی داواکە ئاگادار دەکات.

هاوسەرەکەی دیکە بەرهەڵستی لە داواکارییەکەی تایبەت بە ماوەی بیرکردنەوەکەش بکردایە. لە کاتی ناکۆکبوونی هاوسەرەکان وەکو پرنسیپ جیابوونەوە دوای ماوەی بیرکردنەوە دەبێت، بۆیە دەبوایە لەم بارەشدا ڕەچاو بکرایە.

*وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دادگەی سویدی لە وەرگرتنی بڕیاری جیابوونەوە لە هیچ کام لە هاوسەرەکان ناپرسێت چۆن لە پەیوەندیی ژیانی هاوسەریدا هەڵسوکەوتیان کردووە یان چۆن چۆنی ژیانیان بەسەر بردووە و کێشەی چییان هەبووە. ئارەزووی جیابوونەوەی هاوسەرەکان یان یەکێک لە هاوسەرەکان ڕێزی لێ دەگیرێت بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکاری جیابوونەوەکە.*

ئامانج لە پرنسیپی(ماوەی بیرکردنەوە)، بەرگرتنە لە بڕیاری جیابوونەوەی بە پەلە. لانی کەمی ئەو ماوەیەی کە هاوسەرەکان هەیانە بۆ بیرکردنەوە، شەش مانگە. لە ماددە ٥:٣ ی قانوونی هاوسەرگیریی سویدیدا ئاماژە بۆ کاتی دەستپێکردنی ماوەی بیرکردنەوە و کاتی ڕاگەیاندنی بڕیاری جیابوونەوە کراوە و تێیدا هاتووە:

ماوەی بیرکردنەوە ئەو کاتە دە ـت پێ دەکات کە ژن و
مێردەکە پێکەوە داواکاریی جیابوونەوە پێشکەش دەکەن
یان لەو کاتەوەی داواکاری جیابوونەوەی یەکێک لە
هاوسەرەکان بە هاوسەرەکەی دیکە ڕادەگەیەنرێت. کە
لانی کەم شەش مانگ بەسەر ماوەی بیرکردنەوەکە
تێپەڕی،ئە ـا بڕیاری جیابوونەوەکە ڕادەگەیەنرێت،ئەمە
ئەگەر یە ـێ لە هاوسەرەکان داواکارییەکی تایبەت بەوە
بخاتەڕوو. ئەگەر داواکارییەکی ئەوتۆ لە ماوەی ساڵێکدا
لە دەستپێکی ماوەی بیرکردنەوەکەوە
نەخرێتەڕوو،پرسی جیابوونەوەکە سقوت دەکات.
داواکەی لەمەڕ جیابوونەوە رەت دەکرێتەوە یان

## کەیسەکەی بەردەم دادگە دادەخرێت و ماوەی بیرکردنەوە ۆتایی پێ دێت.

ئەوەی پەیوەستە بە ماوەی بیرکردنەوە وەک لەم دەقەی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە لە چەند کاتیکی جیاوازدا ئەژمار دەکرێت، کە ئەمەیش وەستاوەتە سەر شێوازی بەرزکردنەوەی داواکە. کاتێ هاوسەرەکان پێکەوە داواکارییەک پێشکەش دەکەن، ماوەی بیرکردنەوەکە لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە داواکارییەکە دەگاتە دادگە. بەڵام ئەگەر تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان بخوازێ جیابێتەوە، لە ڕێی داواکارییەک دەربارەی (ئامادەبوون لە بەردەم دادگە) داوا بەرز دەکاتەوە و ماوەی بیرکردنەوەکە لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە هاوسەرەکەی دیکە لە داواکاریی جیابوونەوەکە ئاگادار دەکرێت.

کە لانی کەمی شەش مانگی ماوەی بیرکردنەوە بەسەردەچێت، دەشێ یەکێک لە هاوسەرەکان، هەروەها داوالێکراوەکە لە داوایەکی ئامادەبوون لە بەردەم دادگە داواکارییەکی تایبەت دەربارەی جیابوونەوە پێشکەش بکات، ئەوسا بڕیاری دادگە لە جیابوونەوەی ئەوتۆ ڕادەگەیەنرێت. دەبێ داواکارییە تایبەتەکە لە ماوەی ساڵێکدا لە ڕۆژی دەستپێکردنی ماوەی بیرکردنەوەوە پێشکەش بکرێت، دەنا پرسی جیابوونەوەکە سقوت دەکات. کاتێک پرسەکە سقوت دەکات، دەبێ ئەو هاوسەرەی کە دەیەوێت جیابێتەوە سەرلەنوێ دەست بە ڕێوشوێنەکانی جیابوونەوە بکاتەوە. ناشێ داواکارییە تایبەتەکە بەر لە تێپەڕبوونی لانی کەمی ماوەی بیرکردنەوەکە کە شەش مانگە پێشکەش بکرێت. ئەگەر بەر لەم کاتە بکرێت، رەت دەکرێتەوە.

کە ماوەی بیرکردنەوە وەک قۆناخی پێش جیابوونەوە پەیڕەو دەکرێت، دوو داواکاری دەربارەی جیابوونەوەی ئەوتۆ پێشکەش دەکرێت، یەکێک لە داواکارییەکان بنچینەییە کە داواکەی پێ بەرز دەکرێتەوە، ئەوی دیکەیان داواکارییەکی تایبەتە لە قۆناخێکی دواتری

داواکــە پێشــکەش دەکرێــت. لــە مــاددە ١٤:١٠ دا ئامــاژە بــە چــۆنێتی پێشکەشکردنی داواکاریی تایبەت کراوە و تێیدا هاتووە:

**داواکــاریی تایبــەت بــە بڕیــاری جیابوونــەوە، دوای مــاوەی بیرکردنەوە بە نووسین یان بە زارەکی پێشــکەش بــە دادگــە دەکرێــت. کــە داواکارییەکــە تــەنیا لــە لایــەن یــەکێک لــە هاوسەرەکانەوە پێشکەش کرابێت دادگـە بـواری ڕا دەربـین لە سەر داواکارییەکە بە هاوسەرەکەی دیکە دەدات.**

ئەگەر ڕێوشوێنە دەستپێکراوەکە نەبووە هۆی لێکەوتنەوەی بریارێک دەربارەی جیابوونەوە، ماوەی بیرکردنەوەکە بە هەرحاڵ تەواو دەبێت. بەپێی ڕێسا سەرەکییەکە ماوەکە پاش ساڵێک کۆتایی پێ دێت، ئەگەر داواکارییەکی تایبەت پێش ئەو کاتە پێشکەش نەکرابێت، ئەوسا پرسی لەمەڕ جیابوونەوەکە ماوەکەی بەسەر دەچێت. هەروەها ئەگەر پێش تەواوبوونی ماوەی ساڵەکە داوای جیابوونەوە ڕەت بکرێتەوە یان کەیسەکە دابخرێت، ماوەی بیرکردنەوەکەش کۆتایی پێ دێت. لەم دۆخانەدا تەواوبوونی ماوەکە ئەو ڕۆژە دەبێت کە بڕیاری ڕەتکردنەوە یان داخستنەکە هێزی قانوونی وەردەگرێت.

ئەوەی گرنگە لێرە ئامازەی بۆ بکرێت، قانوونی هاوسەرگیریی سویدی داوای بەجیاژیانی ژن و مێردەکەی لە کاتی(ماوەی بیرکردنەوە) نەکردووە، واتە دەشێ لەو ماوەیەدا پێکەوە و لە هەمان خانووشدا بژین ئەگەر خۆیان حەز بکەن. پێکەوەژیانی ئەو ژن و مێردەی بڕیاری جیابوونەوەیان داوە، دیاردەیەکی ئاساییە، چۆن هاوسەرگیرییەکی ئارەزوومەندانەیان گرێداوە، هەڵوەشاندنەوەکەش ئارەزوومەندانە دەبینن بەبێ ددان لە یەکدی سوین و کێشە دروستکردن. لەو ماوەیەدا وەکو دوو هاوڕێ پێکەوە لە ماڵێکدا دەژین وەک ڕێزلێنانێک لە پەیوەندییە هاوسەرییەکەیان. زۆر جار جیابوونەوەی هاوسەرەکان

نابێتــە هــۆی پچڕانــی پەیوەنــدیی دۆستانەشــیان بــە تایبــەتی ئەگــەر منداڵی هاوبەشیان هەبێت.

ئەگەر هاوسەرەکان لەو ماوەیەی بە (ماوەی بیرکردنەوە) ناسراوە نەیانتوانی لەسەر پرسە گرنگەکان ڕێک بکەون، وەک مافی مانەوە لە خانووە هاوبەشەکە، بژیویدان و چاودێریی منداڵ، دەشێ هەر یەک لە هاوسەرەکان بەپێی ماددە ١٤:٧ ی ئەم قانوونە داوای وەرگرتنی بڕیارێکی کاتی لە کەیسەکە بکەن.

ئەگەر هاوسەرەکان لانی کەم دوو ساڵ بەجیا بژین، داواکردنی ماوەی بیرکردنەوە شتێکی زێدە دەبێت و پێویست بەو دەرفەتە ناکات، وەک لە ماددە ٥:٤ دا ئاماژەی بۆ کراوە:

**ئەگەر هاوسەرەکان بۆ ماوەی لانی کەم دوو ساڵ بەجیا ژیابن،هەر یەک لەوان بە ێ ماوەی بیرکردنەوەی لەوەپێش مافی جیابوونەوەیان دەبێت.**

لەم بارەی سەرەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هاوسەرەکەی دیکە دژی جیابوونەوەیە یان منداڵی ژێر١٦ ساڵیان هەیە، هەر یەک لە دوو هاوسەرەکە مافی جیابوونەوەی دەستبەجێی دەبێت، جا ئەم بەجیاژیانە پەیوەست بێت بە ناتەبایی قووڵ وبەردەوامەوە یان هەر هۆکارێکی دیکەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە بەجیا ژیانی هاوسەرەکانە.

قانوونی هاوسەرگیریی سویدی ماددە ٥:٥ ی تەرخانکردووە بۆ جیابوونەوە لەو بارەی هاوسەرگیرییەکە سەرەڕای هەبوونی خزمایەتی یان خوشکوبرابوونەوە،گرێدراوە. لە باری ئەوتۆدا هەر یەک لە هاوسەرەکان بەبێ پەیڕەوکردنی (ماوەی بیرکردنەوە) مافی جیابوونەوەیان دەبێت:

**هەر یەک لە هاوسەرەکان بە ێ پەیڕەوکردنی ماوەی بیرکردنەوەی لەوەپێش مافی جیابوونەوەیان دەبێت**

ئەگەر هاوسەرگیرییەکە سەرەڕای ئەوەی هاوسەرەکان خزمی بەرەو ژوور و خواروی یەکترین یان خوشکوبرای بایلۆژی یەکترین و گرێ درابێت. ئەمە بە هەمان شێوە ئەو هاوسەرگیرییەش دەگرێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی یەکێک لە هاوسەرەکان پێشتر هاوسەردار بووە و هاوسەرگیرییەکەی پێشتری هەڵنەوەشێنراوەتەوە یان پارتنەر بووە لە پارتنەرشیپی تۆمارکراودا[1].

لە کاتی لە ئارابوونی (دووژنی، وومێردی)،هەر یەک لە هاوسەرەکان بە بێ ماوەی بیرکردنەوەی لەوەپێش و لە ڕێی جیابوونەوە مافی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکەی پێشتری دەبێت. بە هەمان شێوە ئەوە پەیوەندیی پارتنەرشیپیش دەگرێتەوە کە یەکێک لە هاوسەرەکان هاوسەردار بووە یان پارتنەر بووە لە پارتنەرشیپی تۆمارکراودا و هاوسەرگیرییەکەی پێشتر یان پارتنەرشیپەکە جارێ هەڵنەوەشێنراوەتەوە.

دەشێ داوای جیابوونەوە لەو بارانەی لە بەشی یەکەمدا هاتووە لە لایەن داواکاری گشتییەوەش پێشکەش بکرێت.

لە بەشی بەربەستەکانی هاوسەرگیریدا(مادده ٣:٢) ئاماژە بۆ نەشیانی هاوسەرگیری لە نێوان خزم و خوشکوبرا کراوە و بەپێی مادده ٢:٤ یش ئەو کەسەی هاوسەرداره بۆی نییە هاوسەرگیریەکی دیکە بکات.

بەپێی مادده ٥:٥ مافی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری بەبێ (ماوەی بیرکردنەوەی لەوەپێش) لە ئارادا دەبێت تا ئەو

[1] پەرلەمانی سویدی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ڕێی قانوونی ژمارە ١٤٢ وە پارتنەرشیپی بۆ مادده ٥:٥ سەربار کرد.

کاتەی(دووژنی، دوومێردی) بوونی هەبێت. پاش ئەوەی یەکێک لە دوو پەیوەندییە هاوسەرییەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکەی دیکە بەپێی ئەو ڕێسا گشتییانە دەبێت کە مادده ١ و ٢ یان مادده ٤ دا هاتووە. ئەگەر هاوگرێبەندەکان خۆیان هەڵوێست لەمە وەرنەگرن، داواکاری گشتی دەتوانێت بەپێی بەشی سێیەمی ئەم ماددەیە داوای جیابوونەوە تۆمار بکات. ڕێساکانی بەشی سێیەم گرێدراوە بەو بارەی لە بەشی یەکەمدا هاتووە، واتە داواکاری گشتی مافی ئەوەی نییە ئەو هاوسەرگیرییە هەڵبژێرێت کە هەڵدەوەشێنرێتەوە، دەتوانێت تەنیا داوای هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیریی دووەم بکات.

بەپێی قانوونی ژمارە ٢٠٠٤:١٤٢ ئەم دەقەی خوارەوە بۆ مادده ٥:٥ سەربارکرا:

**ئەو هاوسەرەیش مافی جیابوونەوەی بە ێ ماوەی بیرکردنەوەی لەوەپێشی دەبێت ئەگەر ناچار کرابێت بۆ هاوسەرگیرییەکە یان بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵی و بە ێ مۆڵەتی دەسە ێتداریی پەیوەندیدار هاوسەرگیری کردبێت.**

قانوونی هاوسەرگیریی سویدی لە مادده ٥:٦ دا تیشکی خستۆتە سەر ئەو دەمەی کە هاوسەرگیرییەکە هەڵوەشاوە دەبێت. بە ڕاگەیاندنی بڕیاری جیابوونەوە، هاوسەرگیرییەکە بە هەڵوەشاوە دانانرێت، بەلکو ئەو دەمەی کە هێزی قانوونی وەردەگرێت وەک لە مادده ٥:٦ دا هاتووە:

**کە ڕیاری جیابوونەوە هێزی قانوونی وەردەگرێت، ئەوجا هاوسەرگیرییەکە هەڵوەشاوە دەبێت.**

پێش ئەوەی ئاماژە بە فاکتەرەکانی جیابوونەوە لە قانوونە کوردستانییەکە بکەین، بە پێویستم زانی خوێنەران بە فاکتەرەکانی جیابوونەوە لە قانوونی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فرەنسی، ئیتالی، ئیرلەندی و ماڵتایی، ئاشنا بکەم.

## ئینگلتەرا

لە ئینگلتەرا پرنسیپی(**ناتەبایی قووڵ و بەردەوامی نێوان هاوسەرەکان**) لە ساڵی ١٩٦٩وە تاکە هۆکاری جیابوونەوە بووە. بەپێی ئەم قانوونە دەبێ ئەم پەیوەندییە نالەبارە بە یەکێ لە شێوازەکان بخرێتەڕوو، جا لێدان و بەکارهێنانی توندوتیژی بێت یان داوێنپیسی و هەڵسوکەوتی ئەوتۆ بێت کە نەتوانرێت داوای بەردەوامی پێکەوەژیان لە هاوسەرەکەی دیکە بکرێت.

کە هاوسەرێک، هاوسەرەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بە جێ دەهێڵێت، دەشێ دوو ساڵ دوای بەجیاژیانی هاوسەرەکان ئەوجا بڕیاری جیابوونەوە بدرێت، ئەوە کاتێک ئەو داخوازینامەیەی لە لایەن یەکێک لە هاوسەرەکانەوە پێشکەش کراوە، هاوسەرەکەی دیکە دانی پێدا نابێت. بەڵام ئەگەر تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان بیەوێ جیابێتەوە، دەبێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە جیا ژیابن، ئەوجا دەشێ بڕیاری جیابوونەوە بدرێت.

لە ساڵی ١٩٩٦ پەرلەمانی ئینگلتەرا رێسایەکی تایبەت بە جیابوونەوەی داڕشت، کە لە ڕێی قانوونێکەوە ئاراستەیەکی بنچینەیی نوێی وەرگرت و تێیدا(چالاکی تاقیکردنەوە)ی بۆ سەربار کرا. مەرجەکانی جیابوونەوە لەو ساڵەوەش هەروا ئەوەیە کە دەبێ ژیانی هاوسەرییەکە هەرەسی هێنابێت، بەڵام هۆکارە تایبەتەکان لابران و ڕێوشوێنێکی دیکە جێی گرتەوە کە بریتی بوو لە(جڤین بە مەبەستی زانیاری پێدان) و (ماوەی

بیرکردنەوەی جیاواز)، ئەوانە وەکو قۆناخێکی پێش بەرزکردنەوەی داوای جیابوونەوەیە کە دواتر دەبێتە بڕیار بۆ جیابوونەوەی هاوسەرەکان. مەرجەکانی جیابوونەوە لە ئینگلتەرا لە ڕووخساریدا هەندێ لێکچوونی بە سستمی سویدی تایبەت بە (ماوەی بیرکردنەوە) هەبووە، بەڵام فۆرمولەکردنی ڕێساکان زۆر سنووردارتر بوون. پاش ماوەیەک لە پەیڕەوکردنی (چالاکی تاقیکردنەوە)، لە ساڵی ٢٠٠١ دا حکومەتی ئەو وڵاتە بڕیاری دا هیچ ڕێککارییەک نەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو ڕێسایانە کاریان پێ بکرێت. واتە هەروا ڕێساکانی قانوونی ساڵی ١٩٦٩ی لەمەڕ جیابوونەوە کاریان پێ دەکرێت.

ئەڵمانیا

لە ئەڵمانیاش، (ناکۆکی قووڵ و بەردەوامی نێوان هاوسەرەکان) مەرجێکی جیابوونەوە پێک دەهێنێت و لەم بوارەدا ڕێساکانی ساڵی ١٩٧٦ کاریان پێ دەکرێت. دەشێ ئەم مەرجە بە سێ شێوازی جیاواز بخرێتەڕوو: ١. لە ڕێی بەجیاژیان بۆ ماوەی سێ ساڵ ٢. بۆ ماوەی ساڵێک کە هەر دوو هاوسەرەکە بخوازن جیا ببنەوە یان ٣. لە ڕێی بە جیاژیان بۆ ماوەیەکی کورتتر، ئەمە کاتێک بەردەوامبوونی هاوسەرگیرییەکە دژوارییەکی گەورەتر بگەیەنێت لەوەی داوای ئارامگرتنی زیاتر لە یەکێک لە هاوسەرەکان بکرێت. ڕێسا ئەڵمانییەکە تا ڕادەیەک لە قانوونە ئینگلیزییەکە ئازادانەترە.

فرەنسا

لە سستمی فرەنسیدا، تا ئەمڕۆش بوارێکی زۆر بە دادوەر دراوە لە پشکینینی پرسی جیابوونەوە و سەرئەنجامەکانی. هۆکارە

جۆراوجۆرەکانی جیابوونەوە لە قانوونی فرەنسیدا ڕەنگدانەوەی نەریتە کاتۆلیکییە سنووردارکراوەکە و تێڕوانینێکی لیبرالانەترە. بەپێی قانوونی فرەنسی ساڵی ١٩٧٥ ئەو جیابوونەوەیە پەسەند دەکرێت کە لەسەر داخوازی هەر دوو هاوسەرەکە پێشکەش کراوە، لەم بارەدا بڕیاری جیابوونەوە نادرێت تا دادوەر گوێی لە گوفتاری هەر دوو هاوسەرەکە نەبێت و ماوەی بیرکردنەوەکەش بەسەرنەچووبێت. هەروەها دەبێ دادوەرەکە دڵنیابێت لەوەی کە هیچ ئەگەرێکی ئاشتبوونە لە بەردەمدا نەماوە و هاوسەرەکان ڕێککەوتنێکی بەجێ و پەسەندکراویان دەربارەی منداڵەکانیان و کێشە ئابوورییەکانیان کردووە. بەڵام ئەگەر تەنیا یەکێک لە هاوسەرەکان بخوازێت جیابێتەوە، پرسی جیابوونەوە وەک ئەوە خێرا نابێت کە هەر دوو هاوسەرەکە داوای جیابوونەوەیان کردبێت.

بۆ ئەوەی(بەجیاژیان) هۆکاری جیابوونەوە پێک بهێنێت، کە لەسەر داواکاری یەکێک لە هاوسەرەکانە، دەبێت ئەو ماوەیەی کە پێکەوە نەژیاون شەش ساڵ بێت. هەروەها بە هۆی ڕەفتاری ناپەسەند و سەرزەنشتکارانەی یەکێک لە هاوسەرەکان لە فۆرمی داوێنپیسی، تاوانی گەورە.... تد، دەشێ هاوسەرەکەی دیکە مافی جیابوونەوە بەدەست بهێنێت.

## ئیتالیا

لە ئیتالیا، جیابوونەوە تا ماوەیەکی درێژ ڕێگەپێنەدراو و مەحاڵ بوو، ئەمەیش بە هۆی ناکۆکبوونی بە تیۆری کاتۆلیکییەوە، بەڵام ئێستا دەشێ هاوسەرگیریی شارستانی لە لایەن دادگەوە هەڵوەشێنرێتەوە دوای سێ ساڵ لە پێکەوە نەژیانی هاوسەرەکان. لە ڕوانگەی ئاییینزای کاتۆلیکەوە ئەو هاوسەرگیرییەی کە لە

کەنیسە کراوە، بەردەوامی دەبێت، هەرچەندە هاوسەرگیرییە شارستانییەکەش هەڵوەشابێتەوە، ئەو هاوسەرگیرییەی لە کەنیسە کراوە هەرگیز لە ڕێی جیابوونەوە هەڵناوەشێتەوە، بەڵام لە هەندێ باردا بە هۆی لە ئارابوونی بەربەستی هاوسەرگیری یان هۆکارێکی دی کە وا دەکات هاوسەرگیرییەکە نادروست ببینرێت، دەشێ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندەکە بدرێت.

## ئیرلەندا

ئیرلەندا وەک وڵاتێکی کاتۆلیک تا ساڵی ١٩٩٦ ڕێسای تایبەت بە جیابوونەوەی نەبوو. لە ساڵی ١٩٩٦وە دادگە دەتوانێت داواکاریی جیابوونەوەی هاوسەرەکان پەسەند بکات ئەگەر هاوسەرەکان بەر لە لێکۆڵینەوەی دادگە چوار ساڵ بە جیاژیابن. جگە لە بەجیا ژیانی هاوسەرەکان بۆ ئەو ماوەیە، دەبێ دادگە لەوەش دڵنیا بێت کە هیچ بوارێک نەماوە بۆ ئاشتبوونەوەی هاوسەرەکان و بڕیاریش لە پرسی بژێوی و گواستنەوەی سامانی نێوان هاوسەرەکان درابێت.

*بەجیاژیانی هاوسەرەکان ڕێگر نابێت لە بەردەم تێرکردنی پێداویستی سێکسی و پێکەوەژیانی هەر یەک لە ژن و مێردەکە لەگەڵ ئافرەت و پیاوی دیکەدا، ئەگەرچی لە ڕووی قانوونییەوە جارێ هەر ژن و مێردیش بن.*

## ماڵتا

ماڵتا، تاکە وڵاتی ئەوروپایە کە ڕێگە بە جیابوونەوە نادات. لە تێڕوانینی ئایینزای کاتۆلیکدا تاکە ڕێگەی جیابوونەوە مردنە. هاوسەرگیری گرێبەندێکی هەتاهەتاییە و شیاوی هەڵوەشاندنەوە نییە.

ئـــاییـنزای کـاتـۆلیـــک هـــەروەکو گرێبـەنـــدی کـــڕین و فرۆشـــتن و.. تـــد دەڕوانێتـــە گرێبـەنـدی هاوســـەرگیری، ئـەمـــە لـــە کاتێکـدا ئـــەم گرێبـەندانـە بریتین لـە چەند گرێبەندێکی کۆمەڵایـەتی نووسراو کـە سروشـــت و غـــەریزە هـــیچ ڕۆڵێکـــی تێـدا نابینێـت بـــە پێچەوانـــەی گرێبـەندی هاوسەرگیری کە دەبێ لـەسەر ڕەزامـەندییەکی سروشتی هەر دوو لا بێت، کە سروشت و غـەریزە ڕێکخـەریـەتی. گرێبـەندێک کـە بنچینەکـەی خۆشەویستی بێت، هـەرگیز(زۆر) قبـوڵ ناکـات و هـیچ قـانوونێکیش ناتوانێت هەستی دوو کـەس بـەرامبـەر یـەکتری چەسپاو بکات[1].

**هۆکارەکانی جیابوونە**وە لە **ەرێمی کوردستاندا**

پەرلـەمانی هەرێمی کوردستان لـە ڕێی قانوونی ژمارە ١٥ ٢٠٠٨ وە تـــوانی چەنـــد هەمـوارکارییـــەکی گرنـــگ لـــە بـــواری هۆکارەکـــانی جیابوونـەوەش بکات و یەکسانییەکی پتر لـە نێوان دوو ڕەگەزەکـە دەســـــتەبەر بکــــات. لـــــە بڕگــــە١ ی مـــــاددە ١٣ ی قانوونـــــە کوردستانییەکەدا بـەم شێوەیەی خـوارەوە پێناسـەی جیابوونـەوە کراوە:

ته **قدان بریتییه** له **هەڵگرتنی پەیوەندیی هاوسەرگیری** به **شێوەیـەکی ڕاشـکاو کـە** شـەرع و قـانوون دەلالـە**تی** لە سـەر دە**کـە**ن بـە **ێ بە**سـتنەوە**ی** بـە **داڕشـتنێکی** سنووردار **یان زمانێکی دیاریکراو**، بـە **کـەوتنی لـە لایـە**ن

[1] لـە وتارێکمدا لـە ڕۆژنامەی هـاووڵاتی٢٠٠٤ بـە ناونیشـانی( بڕیـارێکی دادگـەی بەرایی ئیتـالی و پرسـی کـورد) ئـامـاژەم بۆ هەڵوێستی کاتولیکەکـان لـە پرسـی جیابوونـەوە کردبوو.

**مێرد یان ژنەوە بێت، یان ئەگەر یەکێکی کردە بریکاری خۆی یان سەرپشک کرابێت یان لە** دادوەرەوە **بێت**.

پەرلەمانی هەرێم لەم دەقەدا وشەی قانوونی لەبیرنەکردووە وەک لە مادده ١ دا کردوویەتی. هۆکارەکانی جیابوونەوە بەپێی ئەم قانوونە بریتیین لە:

١. ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان زیانێکی ئەوتۆ بە هاوسەرەکەی دیکەی بگەیەنێت کە رێگر بێت لە بەردەم بەردەوامی پێکەوەژیان.

٢. ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان تاوانی داوێنپیسی ئەنجام بدات.

٣. ئەگەر گرێبەندی هاوسەرگیرییەکە بەر لەوەی یەکێک لە هاوسەرەکان هەژدە ساڵی پڕ کردبێت گرێ درابێت، و بەبێ ڕەزامەندی دادوەر بووبێت.

٤. ئەگەر هاوسەرگیرییەکە لە دەرەوەی دادگە لە ڕێی زۆرەوە گرێدرا بێت.

٥. لاساریش یەکێکە لە هۆکارەکانی جیابوونەوە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری پلەی یەکلاکەرەوە( بڕگە٣ / مادده ١٠ /٢٠٠٨:١٥). داواکردنی جیابوونەوە پاش تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر بڕیاری لاساری[1] پلەی یەکلاکەرەوە ماوەیەکی گونجاوە

[1] پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە بڕگە ١ ی مادده ١٠ دا پێناسەیەکی ڕوونی بۆ لاساری کردووە بەبێ جیاکردنەوەی بارەکانی لاساری ژن و مێرد لە یەکتری وەک لە قانوونە ئێراقییەکەدا کراوە. هەروەها خاڵی (ب، ج)ی بڕگە١ و خاڵی (ب، ج.د)ی بڕگە ٢ ی مادده ٢٥ ی قانوونە ئێراقییەکەیشی هەڵگرتووە:
لاساری بریتییە لە خۆبەگەورەزانینی یەکێک لە هاوسەرەکان لەسەر ئەوەکەی دیکەیان، وەکو ئەم بارانەی خوارەوە:

بە پێچەوانەی دەقە ئێراقییەکە کە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر بڕیاری لاساری پلەی یەکلاکەرەوە دەبێت. ئەو ماوەیەی لە دەقە ئێراقییەکەدا هاتووە، ماوەیەکی یەکجار درێژە و کاریگەرییەکی دەروونی زۆر خراپی بەسەر هاوسەرەکەوە دەبێت و هاوکات پێشێلکردنی مافی ئازادیی تاکیشە لە ڕێگرتنی بۆ پێکهێنانی ژیانێکی هاوسەریی نوێ و تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکەی لەو ماوە درێژەدا. *وەک ئاشکرایە سێکس پێداویستییەکی سروشتیی مرۆڤە و تێرکردنی ئەم پێداویستییە لە کولتووری ئێمەدا تەنیا لە سایەی پەیوەندیی هاوسەریدا ڕێگەپێدراوە، بۆیە زۆر گرنگە لە دیاریکردنی ماوەی بەجیاژیان یان ماوەی چاوەڕوانیکردنی هاوسەرەکاندا ڕەچاوی کورتی ماوەکە بکرێت.*

هۆکارێکی دیکەی جیابوونەوە وەک لە مادده ١٨ی قانوونە کوردستانییەکەدا هاتووە، ژنبەسەرهێنانە.

---

١. مێرد ژنەکەی بە جێ بهێڵێت یان ژنەکەماڵی مێردی بەبێ پرس و بەبێ ڕووی شەرعی بە جێ بهێڵێت.

٢. بە خراپی جێبەجێکردنی ئەرکی هاوسەرگیری هەر یەک لە دوو هاوسەرەکە یان کەموکوڕی نواندن بە مەبەستی زیانگەیاندن بە هاوسەرەکەی دی.

٣. ئامادەنەکردنی ماڵی شەرعی لە لایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی بە جۆرێک کە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بگونجێت.

٤. قەدەخەکردنی مێرد یان ژن بۆ هاتنە نێو ماڵ بەبێ پاساوێکی ڕەوا.

تێبینی: دەقی بڕگە ١ مادده ١٠م داڕشتۆتەوە. بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە ئۆرجیناڵەکەی پەرلەمان، بڕوانە پاشکۆی ئەم پەرتووکە.

لەو ماددەیەی سەرەوە هاتووە: ئەگەر **مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی جیابوونەوەی دەبێت.**

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ماددە١٨ دا بە بەراورد لەگەڵ دەقە ئێراقییەکە(ماددە ٤)، ئازادییەکی پتری بۆ ژنانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر کردووە. لە دەقە ئێراقییەکەدا ئەو کاتە مافی جیابوونەوە بە ژن دراوە کە مێردەکەی ژنی دووەمی بەبێ مۆڵەتی دادگە هێنابێت. بەڵام لە دەقە کوردستانییەکە ئەو کاتەیش ژن مافی جیابوونەوەی دەبێت، ئەگەر مێردەکەی ژنێکی دی بهێنێت.

هەروەها پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ماددە١٩ ی قانوونەکەیدا خاڵی یەکەم و دووەمی بڕگە١ ی ماددە٤٣ ی قانوونە ئێراقییەی هەموار کردووە و کارکردنی بە بڕگەی سێیەمی هەمان ماددەی ڕاگرتووە کە تایبەت بوو بە داواکردنی جیابوونەوە لە لایەن ژنەکەوە.

لە کاتی لە ئارابوونی یەکێک لەم هۆکارانە،ژنەکە دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات وەک لە ماددە١٩ دا هاتووە:

١.ئەگەر **مێردەکەی** بە **سزایەکی ئازادیبەند بۆ ماوەی سێ ساڵ و پتر حوکم در، دوای ساڵێک لە جێبەجێکردنی،هە**رچەند دەرامە**تی هەبێت و بتوانێ لێشی خەرج بکات**[1].

1 پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەم خاڵەی بەم شێوەیە دارشتووە:[1]
ئەگەر مێردەکەی بەند کرا بە سزایەک ئازادی موقەییەد بکات بۆ ماوەی (٣) ساڵ و زیاتر، دوای ساڵێک لە جێبەجێ کردنی، هەرچەندە دەرامەتی وای هەبێ و خەرجی بکات.

**٢.ئەگەر مێرد ژنەکەی بۆ ساڵێک و پتر بە پاساوی ڕەوا بە ێ هێشت، هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێبوونی دیار بێت و دەرامەتی ئەوتۆشی هە ێ لێی خەرج بکات.**

پەرلەمانی هەرێم لە خاڵی یەکەمی بڕگە ١ دا،(دوای ساڵێک لە جێبەجێکردنی) بۆ سەربار کردووە، کە ئازادی بە هاوسەرەکە داوە و نەیهێشتووە ژنەکە ببێتە بارمتەی مێردە بەندکراوەکە و بێبەش بکرێت لە مافی پێکهێنانی ژیانێکی هاوسەریی نوێ. هەروەها لە خاڵی دووەمی هەمان بڕگەدا(دوو ساڵ و پتر) کراوە بە (ساڵێک و پتر). شتێکی گرنگی دیکەی ئەم دوو خاڵە، ڕێگەنەدانە بەوەی کە هەبوونی دەرامەت ببێتە گوشارێک بۆ دامانی ژنەکە و بێبەشکردنی لە بەکارهێنانی مافەکانی لەو بوارەدا.

هەروەها ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگەی سێیەمی[1] هەمان ماددەی قانوونە ئێراقییەکە هەنگاوێکی ئەرێنی دیکەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو، کە تایبەت بوو بەو مێردانەی کە زۆربەیان لەدەست رژێمی بەعسی عەرەبی هەڵاتبوون.

جگە لەم سێ هۆکارەی ئاماژەیان بۆ کرا، ژن دەتوانێت ئەو کاتەش داوای جیابوونەوە بکات کە مێردەکەی نەزۆک بێت یان پاش هاوسەرگیریکردن دووچاری نەزۆکی بووبێت و هیچ منداڵی لێی نەبێت کە لە ژیاندا بێت.

---

[1] ئەو ژنە ئێراقیەی مێردەکەی لە دەرەوەی ئێراق نیشتەجێیە بە هۆی وەرگرتنی هاووڵاتینامەی وڵاتێکی بیانی ئەگەر لانی کەم سێ ساڵ بەسەر نیشتەجێبوونی لە دەرەوە تێپەڕی و ڕێگەنەدرا بە گەڕانەوەی یان خۆی نەیەوێت بگەڕێتەوە وڵات، دەکرێ داوای جیابوونەوە بکات(بڕگە٣/ ماددە ٤٣ ی قانوونە ئێراقییەکە).

هۆکــارێکی دیکــەی داواکردنــی جیابوونــەوە لــە لایــەن ژنــەوە، نەخۆشـکەوتنی مێردەکەیـە بـە دەردێـک کـە نـەتوانێت ئـەرکی هاوسەری ئـەنجام بـدات، جـا ئـەمـە بـە هـۆی ڕێگریـی فیزیکـی یـان دەروونییەوە بێت، یان ئەگەر دوای چوونە پەردەوە دووچاری ئەوە بووبێـت و بــەپێی راپـۆرتی لیژنــەی پزیشـکی تایبەتمەنـد سـاخ بووبێتەوە کە ئەگەری چاکبوونەوەی نییە. بەڵام ئەگـەر بـۆ دادگـە دەرکەوت کە هۆکارەکە دەروونییە، لەم بـارەدا پرسـی جیابوونـەوە بــۆ مــاوەی ســاڵێک دوا دەخرێــت بــە مــەرجێ **ژنەکــە خــۆی لــە مێردەکـەی نزیـک بکاتـەوە، واتـە ژنەکـە ئامـادەیی بۆ جووتبـوون پیشان بدات.**

یــان دوای گرێبەندەکــە دەرکــەوت، کــە مێردەکــە گرفتــاری نەخۆشییەکە کە ژنەکەی ناتوانێت بـەبێ زیـان لـەگەڵیدا بژیـەت، وەکو گەڕی، سیل، سفلس یـان شێتی، یـان دواتـر دووچـاری یـەکێک لـەم نـەخۆشییانە یـان نـەخۆشییەکی هاوشێوەی ئـەم نەخۆشیانە بــوو بێــت. ئــەگــەر دادگــە لــە ڕێــی پشـکنینی پزیشـکییەوە بــۆی دەرکــەوت کــە هیــوای نــەمانی نەخۆشــییەکە هەیــە، پرســی جیابوونەوەکـە دوا دەخـات تـا نـەمانی ئـەو نەخۆشـییە. ژنـەکـە دەتوانێـت لــە مــاوەی دواخسـتنەکە، ڕێگــە بــە مێردەکــەی نــەدا لەگەڵیدا جـووت بێت، بـەڵام ئـەگـەر دادگـە بـۆی دەرکـەوت هیـوای نـەمـانی نەخۆشییەکە لە ماوەیەکی شیاودا نییە و مێردەکە ملنەدا بۆ جیابوونـەوە و ژنەکەیـش سور بێت لـەسـەر جیابوونـەوە، دادوەر بڕیاری جیاکردنـەوە دەدات.

هەروەها ملنـەدانی مێرد بـۆ لـە ئەستۆگرتنی بژێویی ژنـەکـەی بــەبێ پاسـاوی ڕەوا، دوای ئـەوپـەڕی شەسـت ڕۆژ لــە ماوەپێـدانی مێردەکــە، ژنەکــە مــافی داواکردنــی جیابوونــەوەی دەبێــت. یــان

مێردەکە ملنەدا بۆ پێدانی(بژێوییە کەڵەکەبووە بڕیارلێدراوەکە) لە لایەن فەرمانگەی ڕاپەڕاندنەوە. یان دەستکەوتنی بژێوی لە لایەن مێردەکەوە کردەبار نەبێت بە هۆی ونبوون، خۆبزرکردن، نەهاتنەوە[1] یان بە هۆی حوکمدانی بە پتر لە ساڵێک زیندانی.

ئەوەی تایبەتیشە بە لابردنی کۆتی هاوسەرگیری لە ماددە ٢١[2]ی قانوونە کوردستانییەکە ڕێک خراوە. بەپێی ئەم ماددەیە، بڕگە ١ و ٣ ی ماددە ٤٦ ی قانوونە ئێراقییەکە چیتر کاریان پێ ناکرێت. یەکێک لەو جیاوازیانەی لە دەقە کوردستانییەکەدا هاتووە بڕی قەرەبووکردنەوەکەیە کە نابێ لە مارەییە دیاریکراوە وەرگیراوەکە پتر بێت.
هەروەها لە قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨ دا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کارکردنی بە ماددە ٤٤ ی قانوونە ئێراقییەکەی تایبەت بە هۆیەکانی سەلماندنی هۆکاری جیابوونەوە ڕاگرت و لە ماددە ٢٠ دا بەم شێوەیەی خوارەوەی داڕشتۆتەوە:
دە ـــێ **هۆکارەنی** جیا**بوو**ونەوە **و هەڵوە**شاندنەوە**ی گرێبەنـــدی هاوســـەرگیری بـــە هـــەموو هۆیـــەکانی**[3] سەلماندن بسە**لمێنرێت**،لەوانەش ئە**و شایەدیانەی کە وێیان لێ گیراوە**، ئەگەر بە تە**واوتر هاتبێ**ت و ئەوەیش

---

[1] غایببوون.

[2] لابردنی کۆتی هاوسەرگیری (خولع) بە دەربڕینی (خولع)ە یان بەوەی کە ماناکەی دەبەخشێت، بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەک پتر نەبێت لەوەی وەریگرتووە لە مارەیی دیاریکراو و مەرجیش نییە مێردەکە بەو (خولع)ە قایل بێ ئەگەر دادوەر بۆی دەرکەوت کە ژنەکە لە ڕێی نێوبژیوانییەوە ناتوانێ لەگەڵیدا بژیەت.

[3] هۆ: ئامراز

دادگە **دیاری دەکات، بە**دەر لەو بارانە**ی کە** قانوون **هۆیە دیاریکراوەرکانی سەلماندنیانی دەستنیشان کردووە**[1].

ئەوەی لە سەرەوە باس کرا تەواوی فاکتەرەکانی جیابوونەوە بوون لە سوێد و هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی ماوەتەوە لە کۆتایی بابەتەکەماندا ڕوونی بکەینەوە، سەرئەنجام و لێکەوتە جیاوازەکانی جیابوونەوەیە، جا لە کاتی داواکردنی جیابوونەوە بێت یان پاش جیابوونەوە، کە گرنگترینیان بژێوییە.

---

[1] پەرلەمانی هەرێمی کوردستان،(**هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرگیری**) بۆ ئەم ماددەیە سەربار کرد. لە داڕشتنی ئەم ماددەیەدا پەرلەمانی کوردستان وشەی (بسەلمێنرێت )ی لە بیر کردووە، (بڕوانە دەقەکەی پەرلەمانی هەرێم لە پاشکۆی ئەم پەرتووکەدا).

## بژیوی

پێش دانانی قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ١٩٢٠، لە سوید هیچ ڕێسایەکی بنچینەیی دەربارەی ئەرکی بژیویی هاوسەرەکان بەرامبەر یەکتری و ئەندامانی دیکەی خێزان لە ماوەی ژیانی هاوسەریدا نەبووە. لە ڕاستیدا گریمانەی ئەرکێکی بژیوی ئەوتۆ کراوە، بەڵام هیچ کام لە هاوسەرەکان نەیانتوانیوە لە ماوەی پێکەوە ژیانیاندا لە ڕێی قانوونییەوە داوای بژیوی لە هاوسەرەکەی دیکەی بکات. بە جیابوونەوەی هاوسەرەکان ئەرکی بژیوی بە شێوەیەکی گشتی کۆتایی پێ دەهات. لە ڕێی قانوونی ساڵی ١٩١٥ی تایبەت بە هاوسەرگیری و هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیرییەوە، ئاماژە بۆ چەند ڕێسایەک لە ماوەی( بە جیاژیان) و پاش جیابوونەوەی هاوسەرەکان کراوە. دواتر هەندێ ڕێسای بنچینەیی خرایە نێو قانوونەکەوە کە دەبوو هەر یەک لە هاوسەرەکان بەپێی توانا یارمەتی خێزانەکەیان بدەن. ئامانجی ئەو ڕێسایانە ئەوە بوو کە ژن و مێردەکە ستانداردێکی ئابووریی چوونیەکیان هەبێت. دواتر چەندین ڕێسای دیکە خرایە نێو قانوونی هاوسەرگیریی سویدییەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ڕێساکانی تایبەت بە بژیوی کرا تاوەکو لەگەڵ ڕێسا نوێکانی جیابوونەوە بگونجێت. لە قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ١٩٧٨ دا چەندین گۆڕانکاری لە قانوونەکەی ساڵی ١٩٧٣ کرا. لە خوارەوە ئاماژە بە بەشێکی ئەو دەقە قانوونیانەی دەروازەی شەشەمی قانوونی هاوسەرگیریی ساڵی ١٩٧٨ دەکەین کە تایبەتن بە پەیوەندییە ئابوورییەکان.

مـادده ١- ٥ تایبـەت کـراوە بـە ڕێسـا بنچینەییـەکانی بژێـوی لـە مـاوەی پێکـەوە ژیـانی هاوسـەرەکان و مـاددەی٦ یـش ئـەو بـار و دۆخـەی چارەرسـەر کـردووە کـە هاوسـەرەکـان بـە بـەردەوامی پێکـەوە نـاژین. مـادده ٧- ٨ یـش تایبەتـە بـە قۆنـاخی پـاش جیابوونـەوەی هاوسـەرەکان و مـادده ٩-١٠ یـش تایبەتـە بـە بەسەرچوونی کاتی داواکردنی بژێوی. پرسی گۆڕینی بڕی بژێوییـە دیاریکراوەکەش لە مادده ١١ دا ڕێکخراوە.
بەر لە هەموارکارییەکانی ساڵی١٩٧٣ یش، لە قـانوونی هاوسـەرگیریی سـویدیدا داوا کـرا بـوو کـە دەبـێ هاوسـەرەکان لـە هەلومـەرجێکی چوونیەکدا بژین بەبێ ڕەچاوکردنی دەرامەت و سامانی ئەو یان ئـەوی دیکە. نەک تەنیا پێداویستییە هاوبەشەکان، بەڵکو دەبـێ پێداویستییە کەسییەکـانی هـەر یـەک لـە هاوسـەرەکانیش بگرێتـەوە. لـە کـاتی ئامادەکارییـەکانی قـانوونی هاوسـەرگیریی سـاڵی١٩٨٧، حکومـەتی سویدی بڕیاری دا کە بناخەی ئەرکی بژێویی هاوسەرەکان بە جۆرێک بێت کە لە یەک ئاستی ئابووریدا بژین. بـەرزی ئـەم ئاستە جێهێڵـراوە بۆ خودی هاوسەرەکان و لەبەر ڕووناکی هەلومەرجە ئابوورییەکانیاندا دیـاری دەکـەن. هـەر یـەک لـە هاوسـەرەکان بـەپێی توانستی خۆیـان بەشـداری لـە دەسـتەبەرکردنی بژێـوی دەکـەن، وەک لـە مـادده ٦:١ دا هاتووە:

دە ێ **هەر یەک لە هاوسەرەکان** بە**پێی توانستی خۆیان** بە شدار بن لەو بژ**ێوییەی کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە هاوبە**ش و **کەسییەکانیان پێویست**ە.
بژ**یوی منداڵیش لە** قانوونی **دایکوباوکدا ڕێکخراوە**.

کـە دەڵێـین بەشـداریکردنی هاوسـەرەکان بـەپێی توانسـتیان، بـە پلـەی یەکـەم مووچـەی هاوسـەرەکان دێـت ئـەوجا داهـاتی دی یـان

دەرامەت و سەرمایە. هەروەها دەشێ هاوسەرەکە ڕاستەوخۆ بە ویستەمەنی یان بە کاری خۆیشی بەشداری بکات.
ئەوەی بە پلەی یەکەم لە پێدانی بژیویدا داوا دەکرێت، پێداویستیی هاوبەشی هاوسەرەکانە. خەرجیی خواردن و خانوو و شتی دیکەی هاوشێوە لە خەرجییە ئاساییەکانی ژیانن. لە ڕێی ڕەچاوکردنی پێداویستییە کەسییەکانی هەر یەک لە هاوسەرەکانیش، تەواوی خەرجییە باوەکانی ژیان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە نێو بژیویدا ئەژمار دەکرێت و هیچ هۆکارێک بەدەستەوە نییە بۆ سنوورکێشان لە نێوان هەر دوو جۆری پێداویستییەکە.
لیژنەی داڕشتنی قانوون، خەرجیی خواردن، خانوو و خەرجیی دیکەی لەم جۆرەی پۆلێن کردووە کە هاوسەرەکە کردوویەتی لە کاتی مانەوەی لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی( واتە دەرەوەی ماڵێ)، جا بە هۆی چاودێریی تەندروستی، گەشتی کار یان کارێکی هاوشێوەی دیکەوە بێت. ئەم لیژنەیە خەرجیی خوێندن و بەشداریکردن لە خول و چالاکی دیکەشی خستۆتە چوارچێوەی پێداویستی کەسییەوە.
بەشی دووەمی مادده ۱ تەنیا وەبیرهێنانەوەیەکە کە ڕێساکانی تایبەت بە بژیویی منداڵ لە ( قانوونی دایکوباوک ئامادەیان بۆ کراوە.
هەروەک لەسەرەوە باس کرا، ئەم قانوونە لەسەر بناخەیەک داڕێژراوە کە دەبێ ژن و مێردەکە لە یەک ئاستی گوزەراندا بژین. ئەگەر ئەوەی ئەو هاوسەرە بەشداری پێ دەکات بەشی پێداویستی کەسی خۆی نەکات یان بەشی ئەو پارەدانە نەکات کە ژنەکە یان مێردەکە وەکی دی دەکەوێتە ئەستۆی، دەبێ

هاوســەرەکەی دیکــە ئــەو پارەیــە بــدات کــە پێویســتە، ئــەمــە بــەو شێوەیەی لـە مادده ٦:٢ دا هاتووه:

**ئەگەر ئەوەی کە یەکێک لە هاوسەرەکان بە اری پێ دەکات، بەشی پێداویستی کەسیی هاوسەرەکە نەکات یان بۆ ئەو خەرجیانەی کە دەبێت هاوسەرەکە وەکی دی بۆ بژێــوی خێــزان لــە ئەســتۆی بگرێــت، دە ــێ هاوسەرەکەی دی ئەو پارەیە بدات کە پێویستە.**

بەپێی مادده ١:٤ ی ئەم قانوونە کە تایبەتە بە پێناسەی هاوسەرگیری، دەبێ هاوسەرەکان خەرجی و کارەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. چـۆن ئــەم کارانــە دابــەش دەکرێــت، ئەمــە کاروبــارێکی نێوخــۆی هاوسەرەکانە و پەیوەندی بـە ئەنجامدانی کـاری جیـاوازەوە دەبێت و وەک جومگەیـــەکی بژێوییەکـــە هـــیچ ئـــامرازێکی قـــانوونی نییـــە ئەنجامدانی بسەپێنێت. **لەم بەشەدا پرسەکە پتر دەربارەی ئـەرکێکی ئاکـاری دەبێت. بـەڵام ئـەوەی تایبەتـە بـە ناچـارکردنی هاوسـەر بـۆ ئەنجامـدانی ئـەرکی دابینکردنـی پـارە بـۆ بژێـوی لـە دەقـی تایبـەتدا ڕێکخراوە.**

سروشتیتر دەبوو کـە لـە ئەستۆگرتنی ئـەو خـەرجیانـەی تایبـەتن بـە پێداویستی کەسی، لە ئەستۆی خودی هەر یەک لە هاوسەرەکاندا بایە، مـادده ٦:٢ یـش لــەم سـۆنگەیـەوە داڕێــژراوە. جگــە لــەوەش، دەشــێ هاوسەرێک خـەرجی پێداویستییە هاوبەشـەکان لـە ئەستۆ بگرێت بـەو شـێوەیەی لەگــەڵ هاوســەرەکەی لەســەری ڕێککــەوتوون. ئەمــە ئــەوە دەگەیەنێت کە هەر یـەک لـە هاوسـەرەکان بـەبێ ڕەچـاوکردنـی ئـەوەی داخـۆ چۆن خەرجییـەکان لـە ئەستۆ دەگرێت، لـە کۆتاییدا تـەنیا لـەو بەشە گەورەیە بەرپرسیار دەبێت کـە داوای لـێ دەکرێت. بـەپێی ئـەم دەقەی سەرەوە ئـەو هاوسـەرەی پـارەی زۆرتـر دەدات لـەوەی دەکەوێتـە ئەســتۆی بــۆ پێداویســتییە کەســییەکانی خــۆی و پێداویســتییە

هاوبەشەکان، مافی داواکردنەوەی ئەو بڕە زۆرترەی لە هاوسەرەکەی دیکەی دەبێت.

کۆی تێچووی بژێوییەکە لە کۆتاییدا لە نێوان هاوسەرەکان دابەش دەکرێت و بەپێی دەقی مادده ۱ دەخەملێنرێت، واتە دابەشکردنەکە بە گوێرەی توانستی ئابووریی هەر یەک لە هاوسەرەکان دەبێت. زۆر جار چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە ئەو هاوسەرەی داهاتێکی بەرزتری هەیە پارە بە هاوسەرەکەی دیکە بدات بۆ ئەو خەرجیانەی ئەو هاوسەرەی دوایی دەیکات. لەگەڵ ئەوەشدا قانوون لەم ڕووەوە تەواو بێلایەنە. ئەگەر ئەو هاوسەرەی داهاتێکی بەرزتری هەیە و کۆی خەرجیەکانی کە لە ئەستۆی گرتووە پتر بێت لەوەی کە داوای لێ دەکرێت، ئەوسا داواکاری لە هاوسەرەکەی دەبێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بڕە پارە سەربارەی کە داوێتی تاوەکو دابەشکردنی کۆتایی خەرجییەکان بەو شێوەیە بێت کە ویستراوە.

ئەوەی جێی سەرنجە، لە بەشی دووەمی مادده ٦:١ دا تەنیا بژێوی نێوان هاوسەرەکان کاری لەسەر کراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە لە مادده ٦:٢ دا باسی بژێویی خێزانیش کراوە. مەبەست لە بژێویی خێزان لەم ماددەیەی دواییدا بژێویی منداڵە بەپێی قانوونی دایکوباوک. دەشێ کەسانێکی گەرچی ئەندامی خێزانیشن، ئەرکداری بژێوی لە بەرامبەریاندا لە ئارادا نەبێت، بۆ نموونە، منداڵی سەروو هەژدە ساڵان کە چیتر ناچێتە قوتابخانە. هیچ کام لە قانوونی هاوسەرگیری یان قانوونی دایکوباوک، دایکوباوک ناچار ناکات بۆ لە ئەستۆگرتنی خەرجی ئەو منداڵە.

ئەوەی هاوسەرێک بە هۆی بژێوییەوە دەیداتە هاوسەرەکەی دی بۆ خەرجیی پێداویستی کەسی بەپێی دەقی مادده ٦:٣ دەبێتە هی ئەو هاوسەرەی وەریگرتووە:

ئەوەی کە یەکێک لە هاوسەرەکان بە پراکتیزەکردنی ماددە ١ و ٢ لە هاوسەرەکەی دی بۆ پێداویستی کەسی وەریگرتووە،دەبێتە هی ئەو هاوسەرەی کە وەریگرتووە.
بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان پارە بە هاوسەرەکەی دی بدات بۆ پێداویستی هاوبەشی خۆیان، پارەکە هەر هی ئەو هاوسەرە دەمێنێتەوە کە داویەتی. ئەگەر پیاوەکە پیاوی ماڵ بێت و پارە بۆ بژیوی لە ژنەکەی وەربگرێت، پارەکە هەر هی ژنەکە دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو پارەیەی مێردەکە بۆ پێداویستی کەسیی خۆی وەریدەگرێت، دەبێتە هی خۆی. **لە قانوونی خاوەنداریدا ئەوەی پارە دەدات بۆ کڕینی شتێک لە پرەنسیپدا وەکو خاوەنی شتە کڕاوەکە دەبینرێت. پراکتیزەکردنی ئەم پرەنسیپە لەسەر پەیوەندییەکانی هاوسەرگیری ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هاوسەرەیشی پارەی داوە بۆ دەستکەوتنی، دەبێتە خاوەنی شتە نوێکە، هەرچەندە خەرجییەکە لە لایەن هاوسەرەکەی دیکەوەیش درابێت.** بە سروشتی ئەو شتانەی بۆ نموونە، وەک جلوبەرگ، کە یەکێک لە هاوسەرەکان بۆ پێداویستی کەسیی خۆی لە هاوسەرەکەی دیکەی وەرگرتووە یان بەو پارەیە کڕیویەتی کە هاوسەرەکەی دیکە پێی داوە بۆ ئەم مەبەستە، دەبێتە هی ئەو هاوسەرەی کە کەلک لە جلوبەرگەکە وەردەگرێت. دەبوو بە هەمان شێوە ئەو پارەیەش بگرێتەوە کە یەکێک لە هاوسەرەکان لە هاوسەرەکەی دیکەی وەرگرتووە بۆ پێداویستی کەسی و پێش ئەوەی پارەکە بە کار هێنرابێت بۆ ئەوشتەی کە مەبەستە. بەڵام لیژنەی داڕشتنی قانوون پێی وا بوو ئەو هاوسەرەی پارەی ئەوتۆی وەرگرتووە و دواتر لە ڕێی کەمکردنەوەی خەرجیی پێداویستییەکانی یان بەشێکی پارەکەی پاشەکەوت کردووە، دەبێ ببێت بە هی خۆی.

لە ماددە ٤:٦ ی قانوونی هاوسەرگیریدا ئاماژە بە ئەرکی بژێوی لەو بار و دۆخانە کراوە کە یەکێک لە هاوسەرەکان بە هۆی نەخۆشی یان نەهاتنەوەوە[1] نەتوانێت خۆی کاروبارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت:

ئەو هاوسەرەی بە هۆی نەخۆشی یان نەهاتنەوەوە نە وانێ خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات و پارەیش نە ێ بۆ بژیوی خێزان، هاوسەرەکەی دیکە دە وانێ لە مەودای پێویستدا لە داهات و دەستکەوتی هاوسەرە نەخۆشەکەی یان نەهاتووەکەی بیبات، ئەوە دەرهێنانی پارە لە بە انسی بانک و پارەی دیکەش دەگرێتەوە. بە ام ئەوە ئەو بارە ناگرێتەوە ئەگەر پێکەوەژیانی هاوسەرە ن کۆتایی پێ هاتبێت یان بریکار، پێسپێر یان سەرپەرشتیار دەستنیشان کرابێت کە مافی نوێنەرایەتیکردنی هاوسەرە نەخۆشەکە یان نەهاتووەکە لەو کاروبارانەدا بکات.

هاوسەرە نەخۆشەکە یان نەهاتووەکە پێبەندە بەو ڕێوشوێنە قانوونییەی کە لە بەشی یەکەمدا هاتووە، هەرچەندە پارەکە پێویستیش نەبووبێت بۆ بژیوی خێزان، ئەگەر کەسی سێیەم نە زانیبووی و نە ێویستیش بووبێت بزانێت کە پێویستییەکە نەبووە.

دەبێ پارە بۆ بژیوی بە شێوەیەکی بەردەوام هەبێت و لەبەردەستدا بێت. کە یەکێک لە هاوسەرەکان بە هۆی ڕووداوێکەوە توانستی پێدانی پارەی نابێت، ئەم دەقە جۆرێک لە پایەی بریکاری بە هاوسەرەکەی دیکە دەدات لەو پارەیە ببات کە هی هاوسەرەکەیەتی. ئەم ماددەیە مافی نوێنەرایەتیکردنی گشتی (بریکاریی گشتی) بە هاوسەرەکە نادات، بەلکو مافی ڕەفتارکردنی هاوسەرەکە سنووردار دەکات بە هەندێ بار و

---

[1] غاییبوون.

دۆخـەوە کـە زۆر جـار لـە بـاری چاوەڕواننـەکراودا پێویستبوون بـە پـارە بـۆ بژێـویی کتـووپڕ دەبێـت. مـەرجی یەکـەم ئەوەیـە کـە هاوسـەرەکە بـە هـۆی نەخۆشـی یان نەهاتنـەوەوە خـۆی نـەتوانێت کاروباری خۆی بەڕێوەببات. هۆکارێکی دیکە، بۆ نموونە، ملنەدانە بـۆ پێدانـی پـارە، کـە ئـەوە هـەرگیز چاوپۆشـی لـێ ناکرێت. مـەرج نییـە نەخۆشـییەکە لــە پـڕ و چاوەڕواننــەکراو بێـت، هــەروەکو نەخۆشــی پــاش ڕووداوێــک. دەشــێ نەخۆشــییەکە هەرچەنــد ناسراویش بووبێت، بـەڵام ڕەوشـی تەندروسـتی هاوسـەرەکە دواتـر خراپتــر بــووە، بــۆ نموونــە، دوای ئەنجامــدانی نەشــتەرگەری هاوسەرەکە نەتوانێت چیتر خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەببات، لـەم بارەدا ئەو مەرجەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا لە ئارادا دەبێت.

ئەوەی پەیوەندی بە نەهاتنـەوەی هاوسـەرەکەوە هەیـە، دەشـێ لــە ڕێــی کۆمونیکەیشــنە هاوچەرخەکانــەوە هۆکــاری گــەورەتر بەدەستەوە بێت کـە کـەی نەهاتنـەوە وەک بنچینەیـەک پەسـەند بکرێـت بـۆ پێـدانی مـاف بـە هاوسـەرەکەی دی لــە بـەکارهێنانی داهات و دەستکەوتی هاوسەرە نەهاتووەکەی. بە پلەی یەکەم ئـەو بار و دۆخانـە مەبەستن کـە هاوسـەرەکە ون بووبێت بـەبێ زانینـی شـوێنی نیشـتەجێبوونی یـان نـەزانینی هۆکـاری ونبوونەکـەی. لـە ڕاستیدا دەشـێ ئـەم بـار و دۆخانـە بـاری ئـەوتۆی تێدا بێـت کـە هاوسـەرەکە بـە هـۆی نەخۆشـییەوە لـە دۆخێکدا بێـت، نـەتوانێت ئاگای لە خۆی و کاروبارەکانی بێت. بەڵام ئـەگـەر هاوسـەرەکە لـە شـوێنێکی دیـار بێـت کـە دەشـێ پەیوەنـدی پێـوە بکرێـت لـە ڕێـی پۆستە یان تەلەفۆنەوە، ناشێ بگوترێ کە ئەو ناتوانێت کاروبـاری خۆی بەڕێوە ببات. دەشێ دوودڵی لە چۆنێتی هەڵسەنگاندنی ئـەو بــار و دۆخــە ســەرهەڵبدات کــە هاوســەرەکە دەکەوێتــە ڕێ بــۆ

گەشتێکی دەرەوەی وڵات بەبێ ئەوەی لە پێشدا باسی ئەو شوێنە یان ئەو وڵاتەی کە مەبەستییەتی گەشتی بۆ بکات، کردبێت و دەرفەتی کردەبار بۆ پەیوەندی پێوەکردنی هەر نەبێت. دەشێ گریمانەی ئەوەش بکرێت کە هاوسەرە نەهاتووەکە پارەی پێویستی بۆ هاوسەرەکەی ماڵەوە بە جێ هێشتبێت. ناشێ ڕوودانی شتێکی چاوەڕواننەکراو بەدوور بگیرێت کە پێویستبوون بە پارەی پتر بۆ هاوسەرەکەی دیکە کتوپڕ بکات. کەواتە ئەو پرسەی لەم بارەدا دەمێنێتەوە، پارەی پترە بۆ بژیوی ئەگەر پێویست بێت.

لە پێناو پاراستنی نیازپاکی کە لە بەشی دووەمی مادده ٦:٤ دا ئاماژەی بۆ کراوە، سەرئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی نادروستی ئەم پێداویستییە هاوسەرە نەهاتووەکەیش دەگرێتەوە.

مەرجێکی دیکە بریتییە لە(نەبوونی پارە بۆ بژیویی خێزان). ئەو هاوسەرەی پێویستی بە پارەیە، دەبێ لە پێشدا پارە لەبەردەستدابووەکەی خۆی خەرج بکات بەر لەوەی پێی وا بێت کە پارە نییە بۆ بژیوی. دەشێ ئەو پارەیەی هاوسەرەکە داویەتی بەش نەکات کە بەپێی مادده ٦:١ و ٦:٢ کەوتۆتە ئەستۆی. ئەو بڕە پارە سەربارەی کە هاوسەرەکە ناچار دەبێت بۆ ماوەیەک بیدات، دەشێ دواتر لە هاوسەرە نەخۆشەکەی یان نەهاتووەکەی داوا بکاتەوە.

پێکەوەژیانی هاوسەرەکان مەرجێکی دیکەیە بۆ پراکتیزەکردنی ڕێساکە بەپێی دێڕی دووەم لە بەشی یەکەمی مادده ٦:٤ دا. کە یەکێک لە هاوسەرەکان ماڵی خۆی دەکات، پێکەوەژیانی هاوسەرەکان لە ئارادا نامێنێت، بۆ نموونە، لە کاتی (ماوەی بیرکردنەوە) کە قۆناخی پێش جیابوونەوەیە، ئەم ماددەیە

نایگرێتەوە، ئەوە کاتێک ئەرکی بژیویدان لە لایەن دادگەوە یان بەپێی ڕێککەوتنێک دیاری کرابێت. مافی وەرگرتنی پارەی هاوسەرە نەخۆشەکە یان نەهاتووەکە بەپێی ئەم ماددەیە لە پراکتیکدا ڕوودانی دەگمەنە، لەبەر ئەوەی پێکەوەژیانی هاوسەرەکان ئەوسا بەپێی قانوون کۆتایی پێ هاتووە.

لە دێڕی دووەمی ماددە ٦:٤ دا نەبوونی بریکار، پێسپیر، یان سەرپەرشتیار بە مەرج دانراوە کە مافی نوێنەرایەتیکردنی هاوسەرە نەخۆشەکە یان نەهاتووەکەی هەبێت لەو کاروبارانەی دەقەکە مەبەستیەتی. دەشێ نەخۆشی یان نەهاتن بووبێتە هۆی دەستنیشانکردنی نوێنەرێک وەک لەسەرەوە ئامازەی بۆ کراوە، کە هاوسەرەکەی دیکە پەنای بۆ ببات بۆ داواکردنی پارە بۆ بژیوی. گەورەترین بایەخی ئەم ڕێسایە لەوەدایە کە کاتێ یەکێک لە هاوسەرەکان لە پڕ و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نەخۆش دەکەوێت یان ون دەبێت و هاوسەرەکەی دیکە بەر لە دەستنیشانکردنی نوێنەرێک بۆ هاوسەرە نەخۆشەکە یان نەهاتووەکە، پێویستی بە پارەیە.

بە لە ئارابوونی ئەو مەرجانەی ئامازەیان بۆ کرا، هاوسەرەکەی دی مافی ئەوەی هەیە لە مەودای پێویستدا لە داهات و دەستکەوتی سامانی هاوسەرە نەخۆشەکەی یان نەهاتووەکەی ببات. هەروەها مافی دەرهێنانی پارەی لە بەلانسی بانکیشدا دەبێت.

ئەو هاوسەرەی پارە لە بەلانسی هاوسەرەکەی هەڵدەگرێت، دەبێ بڕی ئەو پارەیە بخاتە ڕوو کە هەڵیگرتووە. ئەگەر بڕی پارەکە پتر بێت لەوەی کە دەکەوێتە ئەستۆی هاوسەرە

نەخۆشەکە یان نەهاتووەکەی، دەبێ بەپێی مادده ٦:١ و ٦:٢ ئەم قانوونە پارە زیادەکە بگەڕێنێتەوە بۆ هاوسەرەکەی.

دەشێ هەڵسەنگاندنی مەرجەکان بۆ پراکتیزەکردنی ئەم ماددەیە بۆ کەسی سێیەم کارێکی سەخت بێت. لە بەشی دووەمی مادده ٦:٤ دا پاراستنێک بۆ کەسی سێیەم کە نیازپاکە دەستەبەر کراوە، ئەوەندەی پرسەکە دەربارەی پارەی پێویست بێت بۆ بژیویی خێزان. هەڵسەنگاندنی بار و دۆخی ئەم پرسە بە کارێکی زۆر سەخت دەبینرێت بۆ کەسی سێیەم و هەروەها بۆ هاوسەرەکەیش ئاسان نابێت. ئەگەر کەسی سێیەم نە زانیبووی و نە پێویستیش بوو بزانێت کە پارەکە پێویستنەبووە بۆ بژیویی خێزان، ڕێوشوێنە قانوونییەکە پێبەندی بۆ هاوسەرە نەخۆشەکە یان نەهاتووەکە هەر دەبێت.

ئەوەندەی پەیوەندی بە مەرجەکانی دیکەوە هەیە، داوا دەکرێت ئەو مەرجانە لە ڕاستیدا لە ئارادا بن. ئەگەر بار و دۆخەکە بەو شێوەیە نەبوو، هاوسەرە نەخۆشەکە یان نەهاتووەکە پێبەند نابێت بە ڕێوشوێنە قانوونییەکە. بێ گومان ئەگەری ڕوودانی دژواری لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکاندا هەیە، بۆ نموونە، ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان نەهاتووبێت، یان پێکەوەژیانی هاوسەرەکان کۆتایی پێ هاتبێت یان ئەگەر بریکار دەستنیشان کرابێت. لە کاتی بە هەڵە هەڵسەنگاندنی بار و دۆخەکە، دەبێ کەسی سێیەم بەو قەرەبووە قایل بێت کە دەشێ بخرێتە ئەستۆی.

لە کاتی کەمتەرخەمیکردن لە ئەنجامدانی ئەرکی بژیویدان بەبێ پەیوەستبوون بەوەی داخۆ هاوسەرەکان پێکەوە دەژین یان نا، دەشێ هاوسەرە کەمتەرخەمەکە ناچار بکرێت بە پێدانی

بژیوی بە هاوسەرەکەی دی بەو شێوەیەی لە دەقی ماددە ٦:٥ ی قانوونەکەدا هاتووە. بەڵام بۆ کەمتەرخەمیکردن لە ئەرکی بژیویدانی منداڵ لە ماوەی پێکەوەژیانی هاوسەرەکاندا، ماددە ٦:٧ی قانوونی دایکوباوک پراکتیزە دەکرێت بۆ ناچارکردنی هاوسەرە کەمتەرخەمەکە بە پێدانی بژیویی منداڵ. لە ماددە ٦:٥ی تایبەت بە کەمتەرخەمیکردنی یەکێک لە هاوسەرەکان، هاتووە:

**ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان کەمتەرخەمی بکات لە ئەرکی بژیویدان، دەشێ دادگە ئەو هاوسەرە ناچار بکات بە پێدانی بژیوی بە هاوسەرەکەی دی.**

کە هاوسەرێک ناچار دەکرێت بە ئەنجامدانی ئەرکی بژیوی بۆ ئەو ماوەیەی کە هاوسەرەکان پێکەوە ژیاون یان پێکەوە دەژین، لە پراکتیزەکردنی بنەماکانی ماددە ٦:١ و ٦:٢ دا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت تا چ ئاستێک هاوسەرەکان بەشداریان کردووە یان بەشداری بژیویدانیان بە شێوازی دیکە جگە لە پارەی کاش دەکەن و لە خەمڵاندنیدا تەواوی بار و دۆخی بژێوییەکە لەبەر چاو دەگیرێت. دەشێ بڵێین مەبەست لەم دەقە قانوونییە، گۆڕینی ئەوەی هاوسەرە کەمتەرخەمەکە کەمتەرخەم بووە لێی یان کەمتەرخەمی لێ دەکات بە کاش لە پرسی پشکی خۆی لە ئەرکی بژیویدان کە دەکەوێتە ئەستۆی.

جیاوازیی دەقی ماددە ٦:٦ لەگەڵ ئەم ماددەیەی سەرەوە لەوەدایە کە ئەم دەقە کار لەسەر ئەرکی بژیویی ئەو هاوسەرانە دەکات کە بە بەردەوامی پێکەوە ناژین، بەڵام گرێبەندی هاوسەرگیرییەکە جارێ هەر ماوە، واتە هەڵنەوەشێنراوەتەوە. لە ماددە ٦:٦ دا کەمتەرخەمی نەکراوەتە مەرج بۆ ناچارکردنی هاوسەرەکە بە پێدانی بژیوی، کەواتە پێویست بە سەلماندنی کەمتەرخەمی لە پێدانی بژیوی ناکات. لە ماددە ٦:٦ دا هاتووە:

ئەگەر هاوسەرەکان بەردەوام پێکەوە نەژین، دە ێ یەکێک لە هاوسەرەکان لە ڕێی پێدانی بژیوی بە هاوسەرەکەی دی،ئەرکی خۆی بە پێدانی بژیوی بە ێ بگەیەنێت.

کاتێک هاوسەرەکان بەردەوام پێکەوە نەژین،دادگە دەتوانێت یەکێک لە هاوسەرەکان ناچار بکات ناوماڵ بۆ هاوسەرەکەی دی بە ێ بهێڵێت بۆ ئەوەی بە کاری بهێنێت. ئەرکدارییەکە تەنیا ئەو ناوماڵە دەگرێتەوە کە هی هاوسەرەکان بووە یان هی یەکێک لەوان بووە کاتێک پێکەوەژیان کۆتایی ێ هاتووە. ڕێککەوتنێک کە ی بڕیاری دادگە لەگەڵ کەسی سێیەم دەربارەی ماڵ و سامانەکە دەکرێت، مافی کەلکوەرگرتن لە ناوماڵەکە سنووردار ناکات.

قانوونی هاوسەرگیری بەپێی بنەماکانی مادده ٦:١ و ٦:٢ لەسەر ئەو هاوسەرە دەکات کە توانستی پێدانی بژیوییەکی پتری هەیە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی خۆی لە پێدانی بژیوی بە هاوسەرەکەی دی. دەشێ لەسەر ئەوە پێکنەیەن، ئەوسا دادگە لەسەر داواکاریی هاوسەرەکەی دی بژیوییەکە دیاری دەکات.

کاتێ بژیوییەکە دیاری دەکرێت، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە هاوسەرەکان ماڵیان بە جیایە، بۆیە هەر یەک لە هاوسەرەکان بە پلەی یەکەم خەرجی ماڵی خۆی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەوەی تایبەتیشە بە دابەشکردنی کار و ئەنجامدانی کارەکان بێ گومان چیتر بایەخی نابێت، ئەمە لە کاتی پراکتیزەکردنی بنەماکانی ئەرکی بژیوی لە مادده ٦:١ و ٦:٢ دا بایەخی خۆی هەیە. پرنسیپی بوونی ژیانی هاوسەرەکان لە ئاستێکی گوزەرانی چوونیەک هێشتا کاری پێ دەکرێت، بە هۆی ئەوەی جارێ هاوسەرگیرییەکە لە ئارادا ماوە، واتە هەڵنەوەشێنراوە، بەڵام ڕەنگە ئاستی پێداویستییەکان نزمتر بێت لەوەی کە لە ماڵێکی هاوبەشدا بوون.

سەرئەنجامێکی پرنسیپی ماددە ١:٣ ی لەمەڕ دەسەڵاتی هەر یەک لە هاوسەرەکان بەسەر سامانی خۆی کاتێ پێکەوەژیانیان کۆتایی پێ دێت ئەوەیە کە یەکێک لە هاوسەرەکان مافی ئەوەی هەیە بەشێکی گرنگی ناوماڵەکە لەگەڵ خۆی ببات. بۆ پاراستنی هاوسەرەکەی دی، ماددە ٦:٦ ی ئەم قانوونە دەرفەت بە دادگە دەدات کە خاوەنی ناوماڵەکە ناچار بکات کە ئەوە بۆ هاوسەرەکەی دی بە جێ بهێڵێت تا بتوانێ بەردەوام بێت لە بەکارهێنانی ناوماڵەکە. ئەوە ئەو ناوماڵە دەگرێتەوە کە بە تەنیا هی هاوسەرێکە یان هی هەر دوو هاوسەرەکەیە لەگەڵ مافی خاوەندارێتی هاوبەش. هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم دەقەدا داواکراوە، نابێ هاوسەرەکان چیتر بەردەوام پێکەوە بژین. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی ناوماڵ کراوە، کەواتە ئەو پێناسەیە نییە کە لە بەشی دووەمی ماددە ٧:٤ دا ئامارژەی بۆ کراوە بەوەی چ شتێک لە قانوونەکەدا وەک ناوماڵی هاوبەشی هاوسەرەکان ئەژمار دەکرێت. هەرچەندە گوتراوە، کاتێ ڕێساکە بۆ قانوونی هاوسەرگیری گوێزراوەتەوە بە حوکمی سروشتی شتەکە، ئەو ناوماڵەی تەرخان نەکراوە بۆ بەکارهێنانی هاوبەش، ناشێ بڕیاری دادگەی تایبەت بە ڕادەستکردن بیگرێتەوە، بەڵام ئەوە بە پێویست نەزانراوە بە ڕوونی لە دەقە قانوونییەکە ئامارژەی پێ بکرێت. ڕێساکە بە هیچ شێوەیەک ئامارژەیش ناکات بە دابەشکردنی سامانی هاوبەش و تایبەت. دیاریکردنی ئەو ناوماڵەی هی هاوسەرەکانە یان هی یەکێکیانە کاتێ پێکەوەژیانیان کۆتایی پێ دێت لە دەقی قانوونیدا بە ڕوونی ئامارژەی پێ کراوە.

مەبەست لە ڕێساکانی بەشی دووەمی ماددە ٦:٦ تەنیا مافی کەلکوەرگرتنە لە ناوماڵ. بەپێی دوایین دێڕی بەشی دووەمی ئەم ماددەیە، ئەو هاوسەرەی مافی کەلکوەرگرتنی لە ناوماڵی تایبەت بە

خـــۆی بـــە هاوســـەرەکەی دی داوە، پـــارێزراوە لـــە ڕەفتـــارێکی کە هاوسەرەکە دەتوانێت دوای بڕیاری دادگە ئەنجامی بدات. مەبەست لەم بڕیارەی دادگە، بڕیارێکی کاتییە وەک لە مادده ١٤:١٦ دا ئامـاژەی بۆ کراوە:

لە بارێکی وەک ئەوەی لە بەشی دووەمی مادده ٦:٦ دا هاتووە، دادگە دەتوانێت لە سەر داواکاری یەکێک لە هاوسەرەکان بڕیار لە پرسی مافی کەلکوەرگرتن بدات بۆ ئەو ماوەیەی تا کەیسەکە یەکلایی دەکرێتەوە لە ڕێی بڕیارێکەوە کە هێزی قانوونی وەرگرتووە. پێش ئەوەی دادگە بڕیارەکە ڕابگەیەنێت، هاوسەرەکەی دی بواری ڕا دەربڕینی لە سەر داواکارییەکە ی دەدرێت. دەش ێ بڕیارەکە وەک هەر بڕیارێکی کە هێزی قانوونی وەرگرتووە، جێبە ێ بکرێت، بەڵام دەش ێ لە هەر کاتێکدا لە لایەن دادگەوە بگۆردرێت.

هەر ڕێککەوتنێکی هاوسەرە خاوەندارەکە دەربارەی ماڵ و سامانەکە لەگەڵ کەسی سێیەمدا دەیکات، لە مافی کەلکوەرگرتن کەم ناکاتەوە.

*لە قانوونەکەدا نەهاتووە کەی بڕیارێکی لەمەڕ مافی کەلکوەرگرتن لە ناوماڵ کۆتایی پێ دێت. ڕێساکە بە شێوەیەکی ئۆفسیەل ئاماژە ناکات بە بەشکردنی ماڵ و سامان بەڵکو تەنیا پێکەوەنەژیانی هاوسەرەکانی بە مەرج داناوە.*

## بژیویی پاش جیابوونەوە

بە هۆی ئەوەی لە وڵاتێکی وەکو سوید زۆربەی هەرە زۆری ژن و مێرد داهاتێکیان هەیە و خۆیان بەخێوکردنی خۆیان لە ئەستۆ دەگرن، پێدانی بژیویی پاش جیابوونەوە لە نێوان هاوسەرەکاندا دەگمەنە. ئەو هاوسەرەی بژیوییەکەی پێدراوە ژنەکە بووە. ڕێنوێنی پرنسیپەکان لە مادده ٦:٧ ی قانوونی هاوسەرگیریدا ئاماژەیان بۆ کراوە و بەپێی بەشی یەکەمی ئەم ماددەیە هەر یەک لە هاوسەرەکان پاش جیابوونەوە

بەرپرسیارن لە بەخێوکردنی خۆیان. بەوە دەردەکەوێت کە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری لە پرەنسیپدا پەیوەندییە ئابوورییەکەی نێوان هاوسەرەکان کۆتایی پێ دەهێنێت. لە مادده ٦:٧ دا ئاماژە بە دوو باری جیاوازی پێدانی بژێوی کراوە و تێیدا هاتووە:

پاش جیابوونەوە، هەر یەک لە هاوسەرەکان بەرپرسیارن لە بەخێوکردنی خۆیان.

ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان بۆ ماوەیەکی قۆناخی تێپەڕبوون[1] پێویستی بە یارمەتی هاوسەرەکەی بێت بۆ بژێویی خۆی، ئەم هاوسەرە مافی وەرگرتنی بژێوی لە هاوسەرەکەی هەیە، ئەمەیش پەیوەستە بەوەی پەسەند و گونجاوە بە ڕەچاوکردنی توانستی ئەم هاوسەرە و بار و دۆخەکانی دیکە.

ئەگەر یەکێ لە هاوسەرەکان دژواری بەخێوکردنی خودی خۆی هەبێت لەوەتەی هاوسەرگیرییە درێژخایەنەکە هەڵوەشاوەتەوە یان هۆکاری تایبەتی دیکە لە ئارادا بێت، مافی وەرگرتنی بژێوی لە هاوسەرەکەی بۆ ماوەیەکی درێژتر هەیە لەوەی لە بەشی دووەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

بەپێی بەشی دووەمی دەقی ئەم ماددەیە ئەو هاوسەرەی بۆ ماوەیەکی (قۆناخی تێپەڕبوون) پێویستی بە یارمەتی دەبێت بۆ بژێویی خۆی، مافی وەرگرتنی بژێوی لە هاوسەرەکەی دەبێت بە ڕەچاوکردنی توانستی ئابووریی هاوسەرەکە و بار و دۆخی دیکەی بەجێ و پەسەند. ئامانج لە پێدانی بژێوی بۆ ماوەیەکی (قۆناخی تێپەڕبوون) لەوەدایە کە یەکێک لە هاوسەرەکان (وا باوە ژنەکە بێت) ڕەنگە پاش جیابوونەوە پێویستی بە هەندێ کات بێت تا دەبێتە خاوەن داهاتێک و بتوانێ خۆی خەرجی خۆی لە ئەستۆ بگرێت. بۆ نموونە، کاتێ ژنەکە

---

[1] لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا لەباتی (قۆناخی تێپەڕبوون)، (قۆناخی گواستنەوە) بەکار دەهێنرێت کە ئەمەی دوایی لە وشە عەرەبیەکەوە نزیکە و لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدایە.

پێویستی بە خوێندنی پیشەیی یان مەشقی بازاری کار هەیە. بەم شێوەیە پێداویستی ژنەکە مەرجێکە بۆ دەستکەوتنی بژیوی، ئەمەیش پەیوەستە بە توانستی ئابووریی پیاوەکە و بار و دۆخی دیکەوە.

بەپێی بەشی سێیەمی ئەم ماددەیە دەشێ داوای بژیوی بۆ ماوەیەکی درێژتر لەوەی لە بەشی دووەمی ماددەکەدا هاتووە، بکرێت. هەندێ جار پاش هاوسەرگیرییەکی درێژخایەن کارێکی سەخت دەبێت بۆ ئەو هاوسەرەی کە تەواوی کاتی خۆی بۆ چاودێری و خزمەتکردنی ماڵ و منداڵ تەرخان کردووە کاری دەستکەوێت و داهاتێک بۆ خۆی دابین بکات، دەشێ تەمەن و نەخۆشی بەربەست بن لە بەردەم دەستکەوتنی کاردا. ئەگەر ئەو هاوسەرە توانی داهاتێکی کەم وەدەست بهێنێت، مافی ئەوەی دەبێت بڕێک یارمەتی بۆ ماوەیەکی درێژ لە لایەن هاوسەرەکەی دیکەوە پێ بدرێت. ئەوەی ئاشکرایە پیاوەکە لە بازاری کاردا سەرکەوتوو دەبێت و پێگەیەک بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، بەڵام ژنەکەی کە تەواوی کاتی خۆی بۆ ماڵ و مێردی تەرخان کردووە ئەو دەرفەتەی کە مێردەکەی بۆی ڕەخساوە، ئەو لەدەستی داوە. واتە دەشێ بژیوی بۆ ماوەیەکی درێژتریش لە ماوەیەکی(قۆناخی تێپەڕبوون) بەو هاوسەرە جیابۆوە بدرێت. مەرجی پێدانی بژیوی بۆ ماوەیەکی درێژتر ئەوەیە کە هاوسەرەکە دژواریی بەخێوکردنی خۆی هەبێت لەوەتەی هاوسەرگیرییە درێژخایەنەکە هەڵوەشاوەتەوە یان هۆکاری تایبەت لە ئارادا بێت.

خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی بەردەوامی باری ئابووریی سوید و بەشداریی بەرچاوی ژنان لە بازاری کاردا وای کردووە بەشی سێیەمی ئەم ماددەیە بە دەگمەن پراکتیزە بکرێت.

پاش جیابوونەوەی هاوسەرەکان، بژیوی بە شێوەیەکی بەردەوام دەدرێت وەک لە مادده ٦:٨ دا هاتووە:

**دەبێ بژیویی پاش جیابوونەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بدرێت. ئەگەر هۆکاری تایبەت لە ئارادا بێت بۆ نموونە ئەو هاوسەرەی مافی وەرگرتنی بژیوی هەیە، پێویستی بە یارمەتی بێت بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی خانەنشینی بۆ خۆی، دادگە دەتوانێت بڕیار بدات کە بژیوییەکە بەسەریەکەوە بدرێت[1].**

لە قانوونی هاوسەرگیریدا ئاماژە بە چۆنێتی پێدانی بژیوی بە هاوسەرەکە نەکراوە، بەڵام لە پراکتیکدا وا باوە کە بژیوییەکە مانگانە بە هاوسەرەکە بدرێت بەو شێوەیەی لە بەشی یەکەمی مادده ٧:٧ ی قانوونی دایکوباوکدا بە ڕوونی ئاماژە بە بژیویی منداڵ کراوە کە دەبێت مانگانە بێت.

بەپێی ئەوەی لە دەقی مادده ٦:٨ ی ئەم قانوونەدا جێگیر کراوە، دەشێ دادگە بڕیاری (بە یەکجار پێدانی بژیوی) بدات ئەگەر هۆکاری تایبەت لە ئارادا بێت. دەشێ هۆکارێکی ئەوتۆ خواستی هاوسەرەکان بێت کە تەواوی کێشە ئابوورییەکانیان بەسەریەکەوە و بە جارێک یەکلا بکەنەوە. هەروەها ناکۆکی و دژوارییەکانی ئەرکی بژیوی کە کاتێ مانگانە دەدرێت وا دەکات بیر لە وەرگرتنی بڕی بژێوییەکە بە جارێک بکرێتەوە. جگە لەوە دەشێ ڕەچاوی ئەوەیش بکرێت کە بە مردنی هاوسەرەکە کۆتایی بە ئەرکی بژیویدانەکە دێت. هەروەها دەشێ مەبەستێکی دیکەی (بە یەکجار پێدانی بژیوی)، داپۆشینی خەرجییە تایبەتییەکانی کاتی جیابوونەوە بێت، بۆ نموونە، کڕینی ناوماڵ، خانوو، گواستنەوە.... تد، و دواتر پێدانی بژیویی مانگانە بە شێوەیەکی بەردەوام.

---

[1] بە یەکجار بدرێت.

ئەو دەقەی لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ مادده ٦:٧ ی ئەم قانوونە سەربار کرا، بۆ ئەوە بوو تا هاوسەرەکە بتوانێت پاراستنی خانەنشینی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی مادده ٨ یش بگرێتەوە. لەم دەقەدا ئامازە بۆ (هۆکاری تایبەت) کراوە بۆ بژێوی لە فۆرمی (بە یەکجار پێدانی بژێوی)، بەو واتایەی ئەو هاوسەرەی مافی بژێوی هەیە، پێویستی بە پارمەتییە بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی خانەنشینی بۆ خۆی.

لە ڕێی ڕێککەوتنێکی نێوان هاوسەرەکانەوە یان بڕیاری دادگەوە بژێوی دیاری دەکرێت. تا ڕادەیەک ئاساییە کە ڕێککەوتن دەربارەی بژێوی لەسەر داواکاریی هاوسەرەکان لە لایەن دادگەوە دیاری بکرێت، هەروەکو ڕێککەوتن دەربارەی چاودێریی منداڵ و بژێویی منداڵ. بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی لەمەڕ بژێوی پێبەندی هەبێت، پێویستی بە ڕەچاوکردنی فۆرمێکی تایبەت نییە. بێ گومان ڕێککەوتنی ئەوتۆ نووسراوە، ئەمە پێبەندییەک لە پێدانی بژێوییەکە پێک دەهێنێت. باوترین شێواز بۆ بەدەستهێنانی بژێوی لەو کاتەدایە کە ئارەزوومەندانە نادرێت، ئەوسا داوا لە (دەسەڵاتدارێتی دەستکەوتن و ڕێککاری) دەکرێت بەشێک لە مووچە یان داهاتی هاوسەرە ئەرکدارەکە گل بداتەوە.

بە هۆی گۆڕانی بەهای پارە، بەپێی قانوونی ژمارە ١٩٦٦:٦٨٠ ساڵی جارێک بڕی بژێوییەکە دەگۆردرێت، تاوەکو بژێوییە کۆنەکە لە کاتی هەڵاوسانیشدا بەهاکەی پارێزراو بێت.

داوای دیاریکردنی بژێویش لە مادده ٦:٩ ی ئەم قانوونەدا ڕێکخراوە و تێیدا هاتووە:

**نابێت داوای لەمەڕ دیاریکردنی بژێوی بۆ ماوەی پتر لە سێ ساڵ بۆ دواوە پێش ئەو ڕۆژەی کە داواکە**

بە**رزکراوە**تەوە،پە سـ**ـەنـد بکرێـت**، مەگـەر بژ**یوەدە**رە**کـە ڕەزامەندی لە** سەر ماوە**یەکی درێژتر دابێت.**
ئەو دەقە لە ساڵی ١٩٨٧ خرایە نێو قانوونی هاوسەرگیریی سویدییەوە و مـەبەسـت لێـی سـنووردارکردنی کـاتی پێشکەشـکردنی داواکـاریی بژیوییـە. ڕێسـای هاوشـێوە لـە مـاددە ٧:٨ی قـانوونی دایکوباوکیشـدا ئاماژەی بۆ کراوە، کە تایبەتە بە بژیویی منداڵ.
دەقی ماددە ٦:٩ هەموو مەرجـەکانی بژیوی دەگرێتـەوە کـە لـە دەروازە ٦ دا هاتووە، جا **هاوسەرگیرییەکە لە ئارا بێت** و **هاوسەرەکان بەردەوام پێکەوە ژیابن**(ماددە ٦:٥ ) یان **هاوسەرەکان بەردەوام پێکەوە نەژیابن**( ماددە ٦:٦ )و **پاش جیابوونەوەیش**( ٦:٧ ). مـەرجی پراکتیزەکردنـی ئـەم ماددەیەی سەرەوە ئەوەیە کە ئەو بژیوییەی داوا دەکرێت، نابێ دیـاری کرابێت، کە دەشێ لە ڕێی ڕێککەوتن یان بڕیاری دادگەوە کرابێت.
بەسـەرچوونی مـاوە، سـێ سـاڵە و لـە ڕێـی بەرزکردنـەوەی داوای بژیوییەوە تەواو دەبێت. بەپێی بەشی سێیەمی مـاددە ١٣:٤ی قـانوونی دادبینیـی سـویدی، داوا ئـەو کاتـە بەرزکراوەتـەوە کـە داخوازینامـەی (ئامادەبوون لە بەردەم دادگـە) گەیشتبێتە دادگـە یـان کاتێک داواکـە خراوەتە بەردەم دادگە و پێویستی بە (ئامـادەبوون لـە بـەردەم دادگـە) نـەبێت[1]. هـەروەها دەشـێ داواکـە لـە ڕێـی داخوازینامـەوە دەربـارەی (ڕێککاری قانوونی و فەرماندان بە پێدانی بژیوی) بەرز بکرێتەوە.

---

1

لە داوای جیابوونەوەدا، دادگە دەتوانێت لە پرسی بژیوی، چاودێریی منداڵ، شوێنی حەوانەوەی منداڵ، پێکەوەبوون لەگەڵ منداڵ، مافی مانەوە لە خانووە هاوبەشەکە تا کاتی ماڵ دابەشکردنەکە و قەدەخەکردنی سەردان، بکۆڵێتەوە.
داواکاری لە پرسی ئەوتۆ لەو داخوازینامە دەخرێتەڕوو کە داوای لەمەڕ جیابوونەوە بەرز دەکرێتەوە. ئەگەر داوای ئەوتۆ لە پێشدا بەرز نەکرابێتەوە. دەشێ داواکارییەکان

دەشێ بژێوییەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر لە سێ ساڵ بۆ دواوە دیاری بکرێت، ئەمە ئەگەر بژێویدەرەکە ڕەزامەندی لەسەر ماوەیەکی درێژتر بدات.

لە ساڵی ١٩٧٨ دەقێکی دیکەی تایبەت بە ڕێساکانی بژێوی لە ڕێی مادده ٦:١٠ وە بۆ ئەم قانوونە سەربار کرا. بەپێی ئەم دەقە مافی داواکردنی بژێوییەکی دیاریکراو سێ ساڵ پاش (ڕۆژی دیاریکراوی پێدان) کۆتایی پێ دێت، وەک لە بەشی یەکەمی مادده ١٠ دا هاتووە:

**مافی داواکردنی بژێوییە ی دیاریکراو سێ ساڵ پاش ڕۆژی یاریکراوی پێدان که** لە **بنچینەدا کاری پێکراوە،کۆتایی ێ دێت.**

ئەو هاوسەرەی مافی وەرگرتنی بژێوی هەیە و لەو ماوەیەدا وەرینەگرت، ناتوانێت دواتر داوای بژێوییەکە بکات. ئەمە چۆن بژێویی مانگانە دەگرێتەوە بژێویی(بە یەکجار پێدان) یش دەگرێتەوە.

لە پرەنسیپدا ناشێ بەسەرچوونی ماوە درێژ بکرێتەوە لەبەر ئەوەی بەسەرچوونی ماوە ناکرێ ڕابگیرێت لە ڕێی پێشکەشکردنی داواکارییەوە لە ماوەی سێ ساڵەکەدا. بژێوی بۆ دابینکردنی خەرجیی بەردەوام تەرخان کراوە، تا ئەو ڕادەیەی نەتوانرا لەو ماوەیە بژێوییەکە لە هاوسەرە ئەرکدارەکە وەربگیرێت، ئەم پێبەندییە کۆتایی پێ دێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قانوون هەڵوێرد بۆ ئەو دۆخانە دەکات کە لە کاتی کۆتاییهاتنی ماوەکە ڕێوشوێنێکی زۆرەملێیانە جارێ هەر

---

بە زارەکی لە بەردەم دادگە بخرێتەڕوو یان بە نووسین بەبێ ئامادەبوونی تایبەت لە بەردەم دادگە.

دەشێ لە داواکە تەنانەت پرسی لەمەڕ دیاریکردنی ئەنجامدەری ماڵ دابەشکردنەکەش بکۆڵدرێتەوە( مادده ١٤:٥ ).

بەردەوامە کە ئامانج لێی پێدانی بژێوییەکەیە. ئەگەر گلدانەوە بۆ بژێوییەکە بەر لە کۆتاییهاتنی سێ ساڵەکە ڕووی دا یان هاوسەرە ئەرکدارەکە بە داواکارییەکی پێشتر خرابێتە مایەپووچییەوە، هاوسەرەکەی دی دوای تەواوبوونی کاتەکەیش بژێوییەکەی لە سامانە گلدراوەکە یان ئەو سامانەی خراوەتە مایەپووچییەوە پێ دەدرێت، وەک لە بەشی دووەمی ماددە ١٠ دا ئاماژەی بۆ کراوە:

**ئەگەر گلدانەوە بۆ بژێوییەکە پێش ئەو کاتە ڕوویدابێت کە لە بەشی یەکەمدا هاتووە، یان هاوسەرە ئەرکدارەکە خرابێتە مایەپووچییەوە بە هۆی داواکارییەک کە پێش ئەم کاتە کراوە، دەشێ پێدانی پارە بۆ داواکارییەکە پاشتریش لە سامانە گلدراوەکە دەربکرێت یان ئەوەی لە مایەپووچییەکەوە دەستکەوتووە.**

بەپێی بەشی سێەمی ئەم ماددەیە، لە گلدانەوە و مایەپووچیدا ئەو بارە یەکسان دەبێت کە لە ماوەی سێ ساڵەکەدا داواکاری بژێوییەکە لە لایەن سەرپەرشتیارەوە کراوە. کەواتە دەشێ داواکردنی بژێوییەکە بەبێ بوونی کۆسپی (ڕێسای بەسەرچوونی ماوە) کارپێکراو بێت لە کاتی وتووێژی ڕێککەوتن و بڕینەوەی ناکۆکی تایبەت بە مایەپوچی و.. تد.

کاتێک وتووێژی تایبەت بە ڕێککەوتن و بڕینەوەی ناکۆکی کەسە نابووتەکە لە کاتی کۆتایی پێ هاتنی سێ ساڵەکەدا بکرێت، دەشێ چەند بارێکی جیاواز ڕووبدات: **دەشێ بە ڕێککەوتن نەگەن، جا ئەمە پەیوەست بێت بە تەواوبوونی دەسەڵاتی سەرپەرشتیارەکە یان وتووێژە دەستپێکراوەکەی لەمەڕ ڕێککەوتن نەبۆتە هۆی لێکەوتنەوەی هیچ دەرئەنجامێک. یان دەشێ ڕێککەوتن هاتبێتە دی، بەڵام ڕێککەوتنەکە لە ماوەی فەرمانپێکراودا جێبەجێ نەکراوە.** بەپێی بەشی سێیەمی ماددە ١٠ لەم بارە جیاوازانەدا ماوەیەکی سێ مانگی پەیڕەو دەکرێت و

لەو دەمەوە ئەژمار دەکرێت کە دەشێ داوای بژێوییەکەی لێ بکرێت. ئەگەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا، گلدانەوە بۆ بژێوییەکە ڕوویدات یان داواکاری دەربارەی ناردنە مایەپووچی قەرزارەکە بکرێت، وا کراوە ڕێساکانی بەشی دووەمی ماددە ١٠ شیاوی پراکتیزەکردن بێت، واتە دەشێ بژێوییەکە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی سێ مانگەکەش لە سامانە گلدراوەکە یان لەو سامانەی مایەپووچی ڕاگەیەنراوە، دەربکرێت. کاتێ وتووێژی ڕێککەوتنێک دەست پێ دەکات، دەشێ(بەسەرچوونی ماوە) چەند کورتە درێژکردنەوەیەکی تایبەت بۆ ماوەکە بەدوای یەکدا بێن.

بەپێی بەشی چوارەمی ماددە ١٠: هەر ڕێککەوتنێک ناکۆک بێت بە ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە، پووچەڵە. واتە ناشێت هاوسەرەکان کاریگەریی قانوونیی ڕێسای(بەسەرچوونی ماوە) وەلابنێن. هەروەها ناشتوانن لەسەر(کاتێکی دیاریکراوی پێدان)ی دیکە ڕێک بکەون. بەپێی بەشی یەکەمی ئەم ماددەیە (بەسەرچوونی ماوە) سێ ساڵ دوای ئەو کاتە دیاریکراوەی پێدان دەست پێ دەکات کە لە بنچینەدا کاری پێ کراوە.

قانوونی هاوسەرگیریی سویدی لە ماددە ٦:١١ دا پرسی گۆڕینی بری بژێویی دیاریکراوی ڕێکخستووە. مەبەست لە بژێوی بە پلەی یەکەم ئەو یارمەتییەیە کە بە هاوسەرەکە دەدرێت، و پرسی مافی کەلکوەرگرتن لە ناوماڵیش بەپێی بەشی دووەمی ماددە ٦:٦ دەگرێتەوە. لە ماددە ١١ دا ئاماژە بە دوو باری جیاوازی پرسی گۆڕینی بڕی بژێوی کراوە، ئەویش گۆڕینی بڕی بژێوییە بە هۆی گۆڕانی پەیوەندییەکان و نادروستی ئەو ڕێککەوتنەی دەربارەی بژێوییەکە کراوە:

دەش بڕیارێک یان ڕێککەوتنێکی دەربارەی بژێوی کراوە لە لایەن دادگەوە بگۆڕدرێت، ئەگەر هۆکار بەدەستەوە بێت و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پەیوەندییەکان گۆڕاوە. دەش گۆڕینی بڕی بژێوییەکە بۆ کاتی پێش بەرزکردنەوەی داواکە سەرەڕای ڕەتکردنەوەی لایەنێک تەنیا بەو شێوازە بکرێت کە

بژیویی پێنەدراو کەم بکرێتەوە یان لاببرێت. دەشـ ێ بژێـویی پاش جیابوونەوە تەنیا بە لەئارابوونی هۆکاری تایبەت زیاد بکرێت سەرباری ئەوپە ی بڕەکە کە یشتر دیاری کراوە. بژێوی لە فۆرمی (بە یەکجار پێدانی بڕە بژیوییەکە) ناش ێ سەرەڕای ڕەتکردنەوەی لایەنێک بگۆڕدرێت.

دەشـ ێ ڕێککەوتنی لەمەڕ بژێویش لە لایەن دادگەوە بگۆڕدرێت، ئەگەر ڕێکەوتنەکە نابە ێ بێت بە ڕەچاوکردنی بار و دۆخەکانی کاتی سەرهەڵدانی و پەیوەندییەکانی دیکە بڕیاری لەمەڕ گەڕاندنەوەی بژیوییە وەرگیراوەکە دەشـ ێ تەنیا ئەو کاتە ڕابگەیەنرێت کە هۆکاری تایبەت هەبێت.

گۆڕانی پەیوەندییەکان بێ گومان کاریگەری بەسەر گۆڕینی بڕی بژیوییە دیاریکراوەکەوە دەبێت کە بە بڕیاری دادگە یان لە ڕێی ڕێککەوتنی هاوسەرەکانەوە دیاری کراوە. دەشێ گۆڕینی بڕی بژیوییەکە ئەو کاتەیش ڕووبدات کە بڕیارەکە یان ڕێککەوتنەکە کۆتایی پێ هاتبێت بەبێ ئەوەی بژیویەکە درابێت. هەروەها دەشێ مەرجی دیکەی وەکو وەرزی پێدانی بژیویش بگۆڕدرێت، کە هەندێ جار هەر دوو لایەنەکە ڕێک دەکەون بژیوییەکە هەر سێ مانگ جارێک بدرێت، نەک مانگانە.

پرنسیپی بنچینەیی لە پشت ڕێساکانی گۆڕینی بڕی بژێوی ئەوەیە کە بڕیارەکەی دادگە و ڕێککەوتنی نێوان هاوسەرەکان بۆ ماوەیەکی دوور درێژەی دەبێت. پەیوەندییە قانوونییەکانی کە دەشێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بێت، دەبێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هەلومەرجە بنچینەییەکاندا دێت، بگونجێنرێت.

ڕێساکانی گۆڕینی بڕی بژێوی و پراکتیزەکردنیان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویان داوە. گۆڕینی بڕی بژیوییەکە دەشێ ماوەی دوای هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە و

ئـەو ماوەیـەش بگرێتـەوە کـە هاوسـەرگیرییەکە لـە ئارادایـە، بـەڵام لـە پراکتیکدا پرسی گۆڕینـی بڕی بژێویی ماوەی پاش جیابوونـەوە گرنگـی و بایـەخی پتـرە. مەرجـەکانـی بڕیـاردان لـە بژێوییـەکی ئـەوتۆ وەک لـە ماددە ٦:٧ دا ڕوون کراوەتـەوە، زۆر سنووردارە. کەواتـە دەشێ بژێوی وەک ڕێسایەکی بنچینـەیی بۆ ماوەیەکی(قۆناخی تێپەڕین) و کاتێکی درێژتر بدرێت وەک پێشتر باس کرا ئـەگەر هاوسەرەکە دوای هەڵوەشاندنـەوەی هاوسەرگیرییەکی درێژخایەن دژواری بـەخێوکردنـی خـۆی هـەبێت، یان هۆکاری تایبـەتی دیکە هەبێت. ئەو فاکتـەرەی گۆڕانـی بەهای دراو پێکی دەهێنێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک لـە گـۆڕینی بـڕی بژێوییەکـە ڕەچاو دەکرێت.

دەشێ لـەو ڕێککەوتنـەی هاوسـەرەکان ئـەنجامیان داوە، ئاماژەیـان بـە پێویستی گۆڕینی بڕی بژێوییەکە کردبێت کاتێ بە پێویستی بـزانن. لـە کـاتی سـەرهەڵدانی نـاکۆکی لــە نێـوان هاوســەرەکان لەســەر بـڕی بژێوییەکە، دەبێ دادگە لەوە بکۆڵێتـەوە داخۆ باری ئابووریی هاوسـەرە ئـەرکدارەکـە بـە پێدانی بژێـوی یـان ئـەو هاوسـەرەی مـافی وەرگرتنـی بژێوی هەیە وا گۆڕاوە کـە پێویست بـە گـۆڕینی بـڕی بژێوییەکـە بکـات. دەبێت بار و دۆخی ئێستا لەگەڵ ئەو کاتـەی کە بژێوییەکەی لێ دیاری کراوە، بەراورد بکرێت. ئەو گۆڕانکارییانـەی لەبـەر چاو دەگیـرێن نـابێ ئـەو کاتـەی بڕی بژێوییەکە دیاریکراوە، چاوەڕوانکراو بووبێت.

یـەکێک لــەو بــار و دۆخەکانــەی کــە دەشــێ لــە کــاتی گــۆڕینی بــڕی بژێوییەکـە ڕەچاو بکرێت، پێکهێنـانی خێزانێکی نوێیـە لـە لایـەن ئـەو هاوسـەرەی پێدانـی بژێوییەکـەی لـە ئەستۆدایە. ئـەوەی پەیوەنـدی بـە توانستی ئابووری ئەم هاوسەرەوە هەیە بەو شێوەیەی لـە ماددە ٦:٧ دا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، ڕەوشــی ئـابووریی ڕاسـتینـەی هاوسـەرەکەیە کـە یەکلاکـەرەوە دەبێت. ئـەگـەر ئـەم هاوسـەرە هۆکـاری بـەجێ و دروست

بخاتــــه ڕووو و پێـــی وا بـــێ موچەیــــەکی خراپتــــری هەیــــە، داهاتــــە ڕاستینەکەی دەکرێتە بنچینەیەک بۆ خەملاندنی بڕی بژێوییەکە، نەک ئەو داهاتە بەرزەی کە پێشتر هەیبووە.

ئەگەر هات و ئەو هاوسەرەی کە مافی وەرگرتنی بژێوی هەیە، شوو بکاتەوە یان لەگەڵ پارتنەرێکی نوێدا بژیەت، دەشێ لە هەندێ باردا وەک بنچینەیەک بۆ گۆڕینی بڕی بژێوییەکە لەبەر چاو بگیرێت.

بەپێی بەشی دووەمی مادده ٦:١١ دادگە دەتوانێ بڕی بژێوییەکە بگۆڕێت ئەگەر ڕێککەوتنی نێوان هاوسەرەکان نابەجێ بێت بە ڕەچاوکردنی بار و دۆخی کاتی بەستنی ڕێککەوتنەکە و پەیوەندییەکانی دیکە.

لەو یانزە ماددەی سەرەوە بە کورتی ڕووناکیمان خستە سەر بژێویی هاوسەرەکان لە سوید، ئێستایش تیشک دەخەینە سەر ئەو دەقانەی تایبەتن بە بژێوی لە قانوونە کوردستانییەکەدا.

### بژێوی لە قانوونی ژمارە ٢٠٠٨:١٥ دا

کە باس لە پێدانی بژێویی ژن لە لایەن مێردەوە دەکرێت ئەمە تا ئەو کاتەی ژنەکە هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری نییە کارێکی ئاساییە و لە زۆربەی کولتورەکاندا مێرد سەرچاوەی ئابووری بووە. دەبینین ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە (بڕگە ١ ی ئارتیکلی ٢٥ )[1] ی

---

[1] هەموو کەسێک مافی ئاستێکی گوزەرانی هەیە، کە بەشی پاراستنی لەشساخی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانی بکات. ئەمەش خۆراک و پۆشاک و خانوو و چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان دەگرێتەوە. هەروەها مافی مسۆگەرکردنی ژیانی هەیە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، پەککەوتەیی، بێوەژنی و پیری و لەدەستدانی ئامرازی بژێوییپێکردن بە هۆی هەلومەرجی دەرەکیەوە، کە لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە.

ڕاگەیانراوە گشتییەکەی مافەکانی مرۆڤدا مێردی بە سەرچاوەی ئابووری داناوە، هەر بۆیە لەم ئارتیکلەدا نەمانی مێرد بە نەمانی سەرچاوەی بژیوی دانراوە، ئەمەیش بە هۆی بەشدارییەکی کەمی ژنان بووە لە بازاری کاردا. لە وڵاتێکی وەک سویدیش هەر بەم شێوەیە بووە تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٠، بەڵام دوای پتربوونی هەلی کار و ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە بازاری کاردا، ژنانیش بە هاوبەشی لەگەڵ مێردەکانیان بژیویی خێزانیان لە ئەستۆ گرتووە.

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دەقەکانی تایبەت بە (بژیویی هاوسەرەکان پاش جیابوونەوە) بە دەگمەن لە سوید پراکتیزە دەکرێن، ئەمەش بە هۆی ئەوەی هەر دوو هاوسەرەکە خاوەنی داهاتی خۆیانن و پاش جیابوونەوە پێویستیان بە یارمەتی یەکتری نابێت. ئەو هاوسەرەی لە بارە دەگمەنەکاندا پێویستی بە بژیوییە، ژنەکەیە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ژن و مێردەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە ژنەکە هەموو کاتی خۆی بۆ خزمەتکردنی ماڵ و منداڵەکان تەرخان بکات و کار نەکات بۆ دابینکردنی داهاتێک بۆ لە ئەستۆگرتنی بەشێکی خەرجییەکان.

لە هەرێمی کوردستاندا، بەشداریکردنی ژنان لە بازاری کاردا لەم دوو دەیەی دواییدا هەڵچوونێکی تا ڕادەیەک بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، ئەم بەشدارییەی ژنان و ئاڵوگۆڕەکانی ژیان وای کردووە پەیوەندییەکانی خێزان جارێکی دیکە ڕێک بخرێتەوە و هەوڵی چڕتر بدرێت بۆ دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە ڕێی داڕشتنی دەقی قانوونی ئەوتۆ کە گونجاو و هاوتەریب بێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا.

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨ دا هەندێ هەموارکاری زۆر گرنگ و پێویستی لە بڕگەی ١ ی ماددە ٢٣، ماددە ٢٤، ٢٥، ٢٩، ٣٠ و ماددە ٣٣ ی تایبەت بە بژیویی هاوسەرەکان لە قانوونە

ئێراقییەکەدا کردووە و توانیویەتی بەشێکی ئەو جیاکاری و نادادپەروەرییەی لە قانوونی باری کەسێتی ئێراقیدا هەیە کەم بکاتەوە، بەو هیوایەی لە قۆناخەکانی داهاتوودا کاری پتر بۆ ئەم ئەرکە مرۆییە بکرێت و چیتر کوردستانیان گیرۆدەی کوولتووری داگیرکەران نەکرێن.

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە بواری بژیویی هاوسەرەکاندا ماددە ٢٣ ی قانوونی باری کەسێتی ئێراقی ژمارە ١٩٥٩:١٨٨ ڕاگرت و ئەم دەقەی لە ماددە ٨ دا هاتووە، جێی گرتەوە:

**بژیویی ژن** لە ئە**ستۆی مێردەکەیدایە**[1]، بە **ڵم** ئەگەر ژنە**کە هەبووبێ**ت[2] ئەوا بە**رپرسیارییە**تیە**کە هاوبە**ش دە**بێ**ت ئەگەر ژنە**کە قایل بێت**[3].

لە ئەستۆگرتنی بژیویی ژن لە لایەن مێردەوە لە دەقە ئێراقییەکە بە شێوەیەکی ڕەها هاتووە. بەڵام پەرلەمانی کوردستان لەباتی دەستەواژەی(ژیانی هاوبەش) کە لە بڕگە ١ ی ماددە ٣ ی قانوونە ئێراقییەکەی تایبەت بە پێناسەی هاوسەرگیری هاتووە، دەستەواژەی (بەرپرسیاریەتی هاوبەش) ی دانا، کە پێناسەیەکی گونجاوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانیدا هاتوون. بەڵام ئەم دەقەی سەرەوە(ماددە ٨ ) ناکۆکە لەگەڵ ئەو پێناسەیەی پەرلەمانی هەرێم لە (ماددە ١) دا بۆ هاوسەرگیری کردوویەتی، ڕاستتر بڵێین،

---

[1] پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەباتی وشەی مێردەکەی، نووسیویەتی پیاوەکەی. زۆر گرنگە لە دەقی قانوونیدا پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بە ڕوونی دیار بکرێت و ڕێ لە گریمانە و لێکدانەوەی هەڵە بگیرێت.

[2] هەبوو: دارا

[3] قانوونە کوردستانییەکە دەقی ماددە ٨ ی بەم شێوەیە دارشتووە: **نەفەقەی ژن دەکەوێتە سەرشانی پیاوەکەی، بەڵام لەو حالەتەی کە ژنەکە هەبووبێ، ئەوا بەرپرسیاریەکە هاوبەش دەبێ ئەگەر ژنەکە قایل بوو.**

پەرلەمانی ناوبراو ڕاست و چەپێکی بەسەر ئەو بەشەی پێناسەکەدا هێناوە. ئەوەی جێی سەرنجە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ماددە ٨ دا بەرپرسیاریەتی هاوبەشی گرێداوە بە قایلبوونی ژنەکە، باشە ئەگەر ژنەکە سەرچاوەیەکی ئابووری هەبێت بۆ هاوبەش نەبێت لە بەرپرسیاریەتییەکە؟ دانایی لە مەرجی قایلبوونی ژنەکە لە بەرپرسیاریەتی هاوسەرگیریدا چییە؟ ئەو ژنە سەرچاوە ئابوورییەکەی بۆ چیە، کە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی هاوسەرگیری نەبێت، یان مەبەست لێی قایلکردنی ئیسلامییەکانە. **بە ڕای من پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە داڕشتنی ئەم دەقەدا لە پرنسیپی دادپەروەری و یەکسانی لایداوە و لە کۆتایی ماددە ٨ دا جارێکی دی گەراوەتەوە بۆ دەقە ئێراقییەکە**[1].

لە کاتی ئەنجامنەدانی ئەرکی بژێویدان بەبێ بوونی هیچ ئەرگومێنتێک، بژێوییەکە وەک قەرز لە ئەستۆی مێردەکەدا دەبێت، بەو شێوەیەی لە بڕگە ١ ی ماددە ٩ دا هاتووە:

**بژێویی ژنێک کە هیچ پەیوەستبوونێکی ژنومێردایەتی تێک نەدابێت کە لەم قانوونەدا هاتووە، بژێوییەکە بە قەرز دادەنرێت و لە ئەستۆی مێردەکەیدا دەبێت لەو کاتەوەی مێردەکە لە پێدانی بژێوییەکە دەوەستێت و نایدات**[2].

---

[1] زۆرێک لەو ژنانەی خاوەنی داهاتێکن و گوایە دیندار و خواناسن، داهاتەکانیان دەخەنە بنی باخەڵیان و پێیان وایە خەرجکردنی پارەی ژن بۆ بژێویی خێزان بەپێی شەرع حەرامە و نابێ تێکەڵ بە پارەی مێرد بکرێت. من دەپرسم، دەبێ چاوەڕوانی چ تەبایی و گونجانێک لەو خێزانە بکرێت کە هاوسەرەکە بە پاساوی شەرع خۆی لە ئەرکی هاوسەری دەدزێتەوە.

[2] پەرلەمانی هەرێم ئەم دەقەی بەم شێوەیە داڕشتووە: **نەفەقەی ژنێک کە هیچ پەیوەست بوونی ژن و مێردایەتی تێکنەدابێ کە لەم یاسایەدا هاتوون بە قەرز دادەنرێ و لە ئەستۆی مێردەکەیدا، دەبێ لەو کاتەی کە مێرد لە خەرج کردنی ئەو نەفەقەیە دەوەستێ و نایدات.**

هەروەها لە کاتی لاساریی مێردەکە بەپێی برگە۳ ی مادده ۱۰ ی قانوونە کوردستانییەکە، دەبێ مێردەکە بە درێژایی ماوەی لاساری بژیویی ژنەکەی بدات و لە باری جیابوونەوەشدا مارەیی پاشەکی و بژیویی عیدە بدات. بەڵام ئەگەر ژنەکە لاسار بوو، ئەوا لە بژیوی بێبەش دەکرێت و مارەیی پاشەکیشی ناکەوێت، لە باری جیابوونەوە لە دوای چوونە پەردەوە ئەگەر هەموو مارەییەکەی وەرگرتبێت، دەبێ نیوەی ئەوەی وەریگرتووە، بیگەڕێنتەوە، بەڵام ئەگەر جیابوونەوەکە بەر لە چوونە پەردەوە بێت، ئەوا مارەیی پاشەکی ناکەوێت و ناچار دەکرێت ئەوەی لە مارەیی پێشەکی وەریگرتووە، بیگەڕێنتەوە.

ئەوەی تایبەتە بە بژیوی بۆ ئەو ژنەی کە مێردەکەی بەبێ بژیوی بە جێی دەهێڵێت، جا بە هۆی خۆ بزرکردنی مێردەکەوە، نەهاتنەوەی، ونبوونی یان بەندکردنیەوەی بێت، دادگە لەم ڕووەوە بڕیار بە دابینکردنی بژیوی بۆ ژنەکە دەدات بەو شێوەیەی لە مادده ۱۱ ی قانوونە کوردستانییەکەدا هاتووە:

**ئەگەر مێرد** ژنە**کەی** بە **ێ بژیوی** بە **ێ هێشت و خۆی بزر کرد، نەهاتە**وە، **ون بوو یان بەند کرا، دادوە**ر **ڕیاری خۆی** دەدات بە **پێدانی بژیوی لە ڕۆژی بەجێهێشتنە**وە، **سندوقی چاودێریی کۆمە ڵیەتیش** بژیویی **خەمڵێنراو خە**رج دە**کات.**

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ڕێی ئەم دەقەوە کارکردنی بە هەر دوو دەقی مادده ۲۹ و ۳۰ ی قانوونی باری کەسێتی ئیراقی ژمارە ۱۹۵۹:۱۸۸ کە تایبەتە بە بەجێهێشتنی ژن بەبێ بژێوی ڕاگرت. هەروەها چەند دەستەواژەیەکی دیکەیشی هەڵگرت، لەوانە:(**سوێندانی ژنەکە بەوە کە مێردەکەی بژیوی بۆ بە جێ نەهێشتووە، لاسار نییە، لە مێردەکەی جیانەبۆتەوە و ماوەی عیددەی بەسەرنەچووە و قەرزکردن**

**بە ناوی مێردەوە . . .)**. ئەوەی تایبەتیشە بە ڕێگەدان بە ژنەکە لەم بارانەی سەرەوە قەرز بکات بۆ بژێوی کە لە مادده ٢٩ و ٣٠ ی قانوونە ئێراقییەکە هاتووە، بەپێی قانوونە کوردستانیەکە چیتر کاریان پێ ناکرێت. لە ڕێی ئەم هەموارکارییەوە توانراوە بەر بەو کێشانە بگیرێت کە لەو قەرز و قۆڵەیە دەکەوێتەوە، زۆر جار ژنەکە کەسێکی وا ناناسێت قەرزی لێ بکات، یان قەرزەکە مەرجدار دەبێت و ڕەنگە کێشەگەلێکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە، بۆیە ئەرکەکە خراوەتە ئەستۆی سندوقی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە.

بۆ دەستەبەرکردنی بژێویی ژن لە کاتی بەرزکردنەوەی داوای جیابوونەوە بەپێی بڕگە ٢ ی مادده ١٧ ی قانوونە کوردستانییەکە، مێردەکە ناچار دەکرێت بڕە پارەیەک بۆ ماوەی سێ مانگ لە سندوقێکی تایبەت بە چاودێریی خێزان دابنێت. ئەگەر بۆ دادگە ساخبۆوە کە مێردەکە گوناهبارە لە تەڵاقدانی ژنەکەی و ژنەکەی تووشی زیان کردووە، ئەوا دادگە بڕیار لەسەر ئەو داوایە دەدات کە ژنەکە پێشکەشی کردووە، بەوەی ئەو پیاوەی تەڵاقی داوە قەرەبوویەکی وای بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایی و پلەی گوناە و توندوتیژییەکەی بە مەرجێک لە بژێویی سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش پتر نەبێت، جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون (بڕگە ٣ ی مادده ١٧)[1].

---

[1] ئەگەر مێرد ژنەکەی تەڵاق دا و بۆ دادگە ساخ بووەوە کە مێردەکە گوناهبارە لە تەڵاقدانی و ژنەکە لەو بارەیەوە تووشی زیان بووبوو، ئەوا دادگە حوکم دەدات لەسەر ئەو داوایەی ژنەکە پێشکەشی دەکات بەوەی کە پیاوەکەی تەڵاقی داوە قەرەبوویەکی وای بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایی و پلەی گوناە و توندوتیژییەکەیدا و تێکڕا دەخەمڵێنرێت بە مەرجێک کەمتر نەبێت لە بژێویی سێ ساڵ و پتریش نەبێت لە پێنج ساڵ جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون.

له قانوونه کوردستانییەکەدا بڕگەیەک بە ژمارە ٤ بۆ ماددە ١٧ سەربار کراوە و تێیدا بژیویی ئەو ژنە جیابۆوەی کە هیچ داهات و دەستکەوتێکی نییە خراوەتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە بە شێوەیەکی مانگانە لە لایەن سندوقی چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە بۆی تەرخان دەکرێت تا ئەوکاتەی دەرفەتی کارکردنی بۆ دەرەخسێ یان شوو دەکاتەوە. گرنگی ئەم دەقەی دوایی لەوەدایە کە ناشێ بە هۆی نەبوونی داهاتەوە ژن ناچار بکرێت خۆی لە ستەمی مێردەکەی بێدەنگ بکات و مافە سروشتییەکەی خۆی پیادە نەکات.

لە پرسی (خەملاندنی بژیوی)، (گۆڕینی بڕی بژیوییە دیاریکراوەکە لە کاتی گۆڕانی پەیوەندیی هاوسەرەکان و بەهای دراو)، (قبولکردنی داوای گۆڕینی بژیوییە دیاریکراوەکە لە کاتی کتوپڕ) و (خەملاندنی بژیویی کاتی لە لایەن دادوەرەوە لە کاتی تەماشاکردنی داوای بژیوی) ئەو دەقە قانوونییانە پراکتیزە دەکرێن کە لە قانوونە ئێراقییەکەدا هاتوون، کە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ دەقە سویدییەکاندا نییە.

## پاشکۆ

هەرچەندە دارشتنی دەقی قانوونی و پێداچوونەوەی پێویستی بە کەسانی زمانەوانە، بەڵام بە هۆی هەبوونی کەموکوڕی و لێڵی لە هەندێ دەقەکانی قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨ دا، ناچار بووم بەو توانا کەمەی خۆمەوە هەڵەبژێری بۆ دەقەکان بکەم و چەند دەقێکی قانوونەکەش جارێکی دی دابرێژمەوە. هیوادارم خوشک و برایانی زمانەوان بە وردی پێیدا بچنەوە. دڵنیام لەوەی ئەوەندە سەرنج و تێبینیەی لێرەدا خستوومەتەڕوو تێری ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییەکان ناکات.

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دارشتنی ئەم قانوونەدا کەمتەرخەمییەکی یەکجار زۆری نواندووە. دەبوو پەرلەمان زۆر بەرپرسیارانە پێڕەوی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی بکردایە، بچووکترین هەڵەی زمانەوانی یان دانانی وێرگوڵ و خاڵ لە شوێنی نەگونجاودا کار دەکاتە سەر دروستی ناوەڕۆک و مەبەستی دەقەکە. پێویستە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە پەیوەندیدارەکان بایەخێکی زۆر بە زمانی کوردی بدەن، ئەگەرنا با ئەتکی نەکەن، **هێزی زمان وەک مامۆستا مەسعود محەمەد دەڵێت لەگەڵ هێزی ئەو میللەتەدا کە قسەی پێ دەکا هاوسەنگە و .. ...**[1].

لە چەند دەقێکی ئەم قانوونەدا بەبێ گوێدانە هیچ ڕێسایەک پۆستپۆزیشن (دا) لەگەڵ وشەکەی پێش خۆی نوسراوە و هەندێ جاریش بە جیا. کاتێک (دا) بە هۆی پریپۆزیشنی(بە، لە)وە پەیدا دەبێت، پێویستە لەگەڵ وشەکەی پێش خۆیدا بنووسرێت، نەک بە جیا. بەڵام

[1] زمانی کورد، حەکیم کاکە وەیس لە عارەبیەوە کردوویەتی بە کوردی.

کە (دا) کرداری ڕابووردووی سادەیە و لە چاوگی (دان )ەوە هاتووە، بە جیا دەنووسرێت[1].

هەروەها لە زۆرێک لە دەقەکانی ئەم قانوونە نیشانەی خستنەپاڵی(ی) لەخۆڕا بۆ وشەکان سەربار کراوە یان ئەم نیشانەیە دانەنراوە، کە ئەوە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر مەبەستی دەقەکەوە دەبێت.

لەم قانوونەدا پیتی (و) لە هەندێ شوێندا وشەیە و دەبوو بە تەنیا بنووسرێت، بەڵام لە زۆربەی دەقەکاندا بە وشەکەی پێش خۆیەوە لکێنراوە و کراوەتە پیت، بۆ نموونە: **خەتاو، توندوتیژیەکەیداو، نەوەدو یەکەم، پەروەردەو**.. تد.

داڕێژەرانی ئەم قانوونە وەک ئەوەی وتارێک بنووسن بە ئارەزووی خۆیان یارییان بە وشەکان کردووە، بۆ نموونە، وشەی (یا، یان، یاخود) بە کار هێنراوە بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ بنەمایەک، دەبوو یەکێک لەم سێ وشەیە بۆ تەواوی دەقەکان بە کار بهێنرایە.

لە بەشێکی دەقەکاندا چاوگ پێکەوە نەنووسراوە کە دەبوو بەسەریەکەوە بنووسرێت، یان چاوگەکە دوای گەردانکردنیشی هەر پێکەوە نووسراوە، بۆ نموونە: (لەناوچوون، زیانگەیاندن، جێبەجێکردن... تد) کراون بە دوو وشە کە خۆیان یەک وشەن (لە ناوچوون، زیان گەیاندن، جێبەجێ کردن). هەروەها چەند وشەیەکی دیکەی وەک، بەپێی، سەرپشک، هەشتیەک، چواریەک، سەرپێچیکەر کە

---

[1] بۆ نموونە: ڕێبوار دارێکی لە نازدار دا، ئازاد کارەکەی ئەنجام دا، فرۆکەی دوژمن بۆمبێکی لە بازارەکەی کەرکوک دا. بەڵام کە (دا) بە هۆی پریپۆزیشنی (بە، لە) وە پەیدا دەبێت، بۆ نموونە: لە بازارەکەی کەرکوکدا بینیم. ...لە ژیانی هاوسەریدا... . بە قسەکەی ئاشتیدا بۆم دەرکەوت.

یەک وشەیە کراوە بە دوو وشە: بە پێی، سەر پشک، هەشت یەک، چوار یەک، سەرپێچی کەر)[1].

لە چەند دەقێکی ئەم قانوونەدا وشەی **مێرد** کراوە بە **پیاو**. یان وشەی **هاوسەر** بۆ ئەو ژن و پیاوە بە کار هاتووە کە جارێ گرێبەندی هاوسەرگیرییان گرێ نەداوە. لە بڕگەی دووەمی مادده سێزدەدا (.... **کەوتنی تەڵاق ....**) کراوە بە (**... کەتنی تەڵاق ...**)، کە کەتن بە واتای جونحەی عەرەبی دێت، ئەمەیان نەک هەڵە و خەمساردییە، بەلکو کارەساتە.

لە بڕگە ١ ی مادده ١ دا جارێک نووسراوە (**... سەرجێی ژنومێردایەتی**) و هەر لە هەمان بڕگەدا جارێکی دی نووسراوە ( **.... سەرجێی هاوسەری**) کە ئەوە هەرگیز لە دەقی قانوونیدا پەسەند نییە و دەبێ یەکێکیان بۆ تەواوی ئەو قانوونە و قانوونەکانی پەرلەمانی هەرێم بە کار بهێنرێت. هەروەها لەم قانوونەدا هەر دوو دەستەواژەی **گرێبەندی هاوسەرگیری** و **گرێبەستی هاوسەرگیری** بەکارهاتووە.

لیژنەی ناوبراو هەوڵی نەداوە لەبڕی وشەی عەرەبی، وشەی کوردی بەکاربهێنێت، بۆ نموونە: **نەفەقە، خەتا، تەحکیم، ئەهلی کیتاب، تەخمین** و **وەکالەت**[2].

---

[1] چاوگ بەسەریەکەوە دەنووسرێت، بەڵام لە کاتی گەردانکردنیدا بە جیا دەنووسرێت، ئەوەی لەم ڕێسایە هەڵاوێرد کراوە، ( هەڵ، دا، وەر) ە کە لە کاتی گەردانکردنیشدا هەر بەسەریەکەوە دەنووسرێت، بۆ نموونە: هەڵگرت، دابەزیم، وەرگرت. بڕوانە گۆڤاری مامۆستای کورد.

[2] ئەم بێسەروبەرییەی پەرلەمان وای کردووە یاداشتنامەش بە زمانی شەقام بنووسرێت. لە بەشێکی ئەو یاداشتنامەیەی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٠/٦/١٢ ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، تێیدا هاتبوو: .... ئەم **تەعەدایەی** کە هیچ جۆرە پاساوێکی بۆ نییە ..... .

ئەوەی تایبەتیشە بە وشەی قانوون، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی لە ڕاست و دروستی وشەی (یاسا) بکۆڵێتەوە کە وشەیەکی تورکی مەگۆلییە، سەربەخۆ لە جێی وشەی قانوونی دانا. وشەی قانوون وشەیەکی یۆنانی کۆنە و لە چەندین زماندا بە کار دەهێنرێت. سەرەڕای ئەوەی کە مامۆستا تۆفیق وەهبی دانی بەوە داناوە کە ئەو بۆ یەکەم جار لە فەرهەنگەکەی بە کاری هێناوە و پەشیمانی خۆیشی دەربڕیوە لە بەکارهێنانی وشەی یاسا و پێی وا بوو وشەی قانوون لە یاسا ڕاستترە[1].

لەم پاشکۆیەدا تەواوی قانوونەکەم وەکو خۆی بەو شێوەیەی لە ژمارە ٩٥ ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا هاتووە، نووسیوەتەوە، دواتر ئەم قانوونەم جارێکی دیکە پاش دارشتنەوەی بەشێک لە دەقەکانی، دووبارە نووسیوەتەوە.

هیوادارم پەرلەمان و حکومەتی هەرێم ئەوەندەی حکومەتی سوید لە خەمی زمانی کوردیدا بن.

---

[1] دوکتۆر نووری تاڵەبانی لە (فەرهەنگی قانوونی)-دا، کە یەکێکە لە بەرهەمە پڕ بەهاکانی، بەکارهێنانی قانوونی پێ ڕاسترە و ئەویش ئاماژەی بەو ڕایەی مامۆستا تۆفیق وەهبی کردووە.

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پشت بە حوکمی بڕگە (١) ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عیراق. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. عیراق[1] لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٦)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٣ دا ئەم یاسایەی دەرکرد:

**یاسای ژمارە (١٥)[2] ی ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عیراق**

**ماددەی یەکەم**

**یەکەم** : کارکردن بە بڕگە (١) لەماددەی (سێیەم) لەیاسای ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.[3] عیراق ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

---

[1] بە ناوی گەلەوە، نەک بەناوی گەل. ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان (داش) عێراق، نەک (خاڵ) عێراق. بە پشتبەستن بە ...، نەک (پشت بە) .. . .

[2] لە بەرگی ژمارە ٩٥ی وەقایعی کوردستاندا لەباتی قانوونی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ نووسراوە قانوونی ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠٠٨.

[3] لەباتی داش، خاڵ دانراوە.

١- هاوسەرگیریی گرێبەندێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاوداⁿ[1] کە بە هۆیەوە هەریەک بۆ ئەوەکەی دی بە پێی شەرع حەلاڵ دەبێ و مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لە سەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەیی و بەر پرسیاریێتی هاوبەش بە پێی[2] حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: کارکردن بە بڕگەکانی (٤،٥،٦،٧) ی ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

نابێ هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێک پتر بکرێت مەگەر بە ڕێگەپێدانی دادوەرنەبێ،[3] دەبێ ڕێگەدانیش ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

ا) لەبەردەم دادگا ڕەزامەندیی هاوسەری یەکەم لە سەر ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێ.

ب) تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشیەکی[4] درێژخایەنی سەلمێنراو کە ڕێگە لە کاری سەرجێی ژن و مێردایەتی بگرێ و ئومێدی چاکبوونەوەی

---

[1] دەبوو لە پاش وشەی (پیاودا) وێرگوڵ دانرابا. هەر یەک، نەک هەریەک.

[2] وشەی (بەپێی) بەسەریەکەوە دەنووسرێت نەک بە جیا. بەسەریەکەوە نووسین و بە جیا نووسینی دوو وشەی جیاوازن، بۆ نموونە: بەپێی ماددەی دووەم. بە پێی نازدار ناگەمە بازار. لەسەر نەک لە سەر.

هاوسەرگیری نەک هاوسەرگیریی، (دادوەر نەبێ) دوو وشەیە، نابێ بەسەریەکەوە

[2] بنووسرێت، تێدا بێت.

[3] نەخۆشییەکی

[4] دەبوو لە پاش وشەی (نەزۆک بێ) وێرگوڵ دانرابا نەک خاڵ.

نەبێ، یاخود نەزۆک بێ[1]. کە بە راپۆرتی لیژنەی تایبەتی پزیشکی سەلمێنرابێ.

ج) ئەو پیاوەی ژنی دووەمی دێنێ،[2] توانای دارایی وای هەبێ کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێک بکات و ئەمەش دەبێ بە بەڵگەنامەی فەرمی بسەلمێنێ و لە کاتی ڕێکاری گرێبەندی هاوسەرگیریەکەدا پێشکەش بە دادگای بکات.

د) دەبێ مێردەکە لە بەردەم دادگا بەڵێننامەیەک بە نووسین بەر لە ..[3] گرێبەندیی هاوسەرگیرییەکە پێشکەش بکات بە بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوانی هەردوو هاوسەرەکەی لە چوونە سەرجێی هاوسەری و پەیوەندییەکانی دیکەی هاوسەرگیریی لەڕووی ( مادی و مەعنەوی) یەوە.

---

[1] دەبوو لە بەردەم وشەی (توانای) بنووسرایە (دەبێ).
[2] ڕێککاری، هاوسەرگیرییەکەدا
[3] گرێبەندی نەک گرێبەندیی.

[4] لەم دەقەدا هاتووە: ..... هەر یەک لە بڕگەکانی ا، ب، ج، د، ە لە دووەم..... دەبوایە لەباتی بڕگەکانی (ا، ب، ج، د، ە) بنووسرایە (خاڵەکانی ا، ب، ج، د، ە) ی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە ...... چونکە (ا، ب، ج، د، ە) چوار خاڵن لە بڕگەیەکدا. هەر لەبەر ئەوەیشە داڕێژەرانی ئەم قانوونە نووسیویانە (لە دووەمی) ئەم ماددەیە، دووەمی ئەم ماددەیە چییە؟

ه) نابێ ژنەکە ئەو مەرجەی لە گرێبەندی هاوسەرگیریی دانابێ، کە هەوێی بەسەرنەیەت[1].

و) هەر کەسێکی گرێبەندی هاوسەرگیریی بۆ زیاتر لە ژنێک بە پێچەوانەی هەریەک لە برگەکانی(ا،ب،ج،د،ه) لە (دووەم)[4]ی ئەم ماددەیە کرد، بەحەپس کردن بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەکی دە ملیۆن دیناریش سزادەدرێ.

ز) نابێ دادوەر جیبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگەی( و) دا هاتوون ڕابگرێ.

ماددەی دووەم:

کارکردن بە حوکمی ماددەی پێنجەم لەیاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

شایستەیی لە گرێبەندی هاوسەرگیریی بە بوونی ئەو مەرجانە دێتە دی، کە پێویستە[2] لە هاوگرێبەندەکان هەبن یان لەوانەی جێیان دەگرنەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی سێیەم

یەکەم: کارکردن بە بەندی/د لە برگەی(١) ی ماددەی شەشەم ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە[3] :

-١

---

[2] دەبێ لە ....، نەک پێویستە لە ..... .

[3] بۆ یەکەمجارە وشەی (بەند) لەم قانوونەدا بە کار بهێنرێت، کە مەبەست لێی خاڵی (د) ە. ئایا وشەی بەند واتای خاڵ دەگەیەنێت؟ هەروەها ئەم نیشانەیەش (/) تەنیا بۆ ئەم ماددەیەی سەرەوە بەکارهاتووە، دەبێ دانایی لە بەکارهێنانی چی بێت؟

[3] وشەی( شایەدی دان) چاوگە دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێت( شایەدیدان)

د- شایەدی دانـی[1] دوو شـایەد کـە شـایستـەیی یاسـاییان هـەبیّ بـۆ گرێبەندی هاوسەرگیرییەکە لێرەدا ژن و پیاو یەکسانن.

دووەم: بڕگەیەک بـەزنجیرە (٥) دەخرێتـە سـەر ماددەکـە بـەم شێوەیە[2] خوارەوە:

٥- هاوسـەرەکە بـۆی هەیـە لـە کـاتی گرێبەنـدی هاوسـەرگیریدا مێردەکەی مافی ئەوەی بداتێ کە بۆی هەبیّ تەڵاقی بەدەست بیّ.

ماددەی چوارەم:

کـارکردن بـە حـوکمی بڕگـە (٢) لـە مـاددەی حەوتـەم لـەم یاسـایەدا ڕادەگیریّ و ئـەمەی خوارەوە جێی دەگرێتـەوە:

٢- دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بدات بەیەک لە دوو هاوسەرەکان[3] گەر نەخۆشی ئەقڵی هەبیّ هاوسەرگیریی بکات ئەگەر بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند دەرکەوت هاوسـەرگیرییەکەی زیـان بـە کۆمـەڵگا ناگەیەنی و لە بەرژەوەندیی خۆیەتی بەمەرجێک هاوسەرەکەی دیکەی بـــە ڕوونـــی و بـــە نووســـین رازی بـــێ لـــە کـــاتی گرێبەنـــدیی هاوسەرگیرییەکەیدا[4].

---

[4] .... بەم شێوەیەی خوارەوە.

[1] دەبوو لەم دەقەدا دەستەواژەی هاوسەر بـە کـار نەهێنرایـە، چونکـە تـا هاوسـەرگیری لـە نێـوان ژن و پیاوەکـە گـریّ نـەدرێت، ناشـیّ پێیـان بڵێـین هاوسـەر، دەبـوو لـەباتی هاوسـەرەکان، وشـەی (لایەنـەکان) یـان (ژن و پیـاو) بـە کـار بهێنـرایە و دەقەکـە بـەم شێوەیە دابڕێژرایە: دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بدات بەو لایەنەی کە نەخۆشی هۆشی هەیە، هاوسەرگیری بکات، ئەگەر بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند دەربکەوێت کە هاوسەرگیرییەکەی زیان بە کۆمەڵگە ناگەیەنێت و لـە بەرژەوەنـدی خۆیدایـە بـە مەرجێک لایەنەکەی دی لە کاتی گرێدانی هاوسەرگیرییەکەدا بە ڕوونی و بە نووسین قایل بێت.

**ماددەی پێنجەم**

**یەکەم:** کارکردن بە حوکمی بڕگە(١) لەماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

**١- هەر کەسێک شازدە ساڵی تەمەنی تەواوکرد و داوای هاوسەرگیریی کرد، دادوەر بۆی هەیە ڕێگەی پێ بدات، ئەگەر دەرکەوت شایستەیی و توانای جەستەیی هەیەو ئەمەش دواى ڕەزامەندیی سەرپەرشتیاری(وەلی)ی شەرعی دەبێ و ئەگەر سەرپەرشتیار ڕێگر بوو،ئەوا دادوەر داوای لێدەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا قایل بێت، ئەگەر ڕەخنەی نەگرت یان ڕخنەکەی شیاوی ئەوە نەبوو گوێی پێ بدرێ، ئەوا دادوەر ڕێگەی ئەو هاوسەرگیرییە دەدات[1].**

**دووەم:** بڕگەیەک بە زنجیرەی(٣) دەخرێتە سەر ماددەکەو بەم جۆرەی خوارەوە:

**٣- دایک بە سەرپەرشتیار(وەلی) ئەمر دادەنرێ کە باوک مردبێ یان، دیارنەبێ و دایکەکە بەخێوی کردبێ و لەلای بێ[2].**

---

2. گرێبەندی، نەک گرێبەندیی.

[1] ئەم دەقەم بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە: **هەر کەسێکی شانزە ساڵی تەمەنی پڕ کردەوە و داوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە ڕێگەی پێ بدات ئەگەر دەرکەوت شایستەیی و توانای جەستەیی هەیە، ئەمەش دواى ڕەزامەندیی سەرپەرشتیاری شەرعی دەبێت. ئەگەر سەرپەرشتیار ڕێگر بوو، ئەوا دادوەر داوای لێ دەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا قایل بێت، ئەگەر ڕەخنەی نەگرت یان ڕخنەکەی شیاوی ئەوە نەبوو گوێی پێ بدرێت، ئەوا دادوەر ڕێ بەو هاوسەرگیرییە دەدات.**

[2] دەبوو (وەلی ئەمر) لە نێو کەوانە بنووسرایە، نەک تەنیا (وەلی) ییەکە، وا باشتر بوو وەلی ئەمرەکە لە پەراوێز ئاماژەی بۆ بکرایە. مردبێت، نەک مردبی. بەخێوی کردبێت، نەک بەخێوی کردبی. لە لای بێت نەک لەلای ... .

**ماددەی شەشەم**

کارکردن بە بڕگەکانی (١،٢) ی ماددەی نۆیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

١- نابێ هیچ خزمێک یان کەسێکی بیانی یەکێک ناچاربکات چ نێر بێ و چ مێ بۆ هاوسەرگیریی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی و گرێبەندی بەزۆری بە نادروست دادەنرێ، ئەگەر نەچووبێتە پەردەوەو لە گەڵی جووت نەبووبێ و ئەگەر چووبیش ئەوا ڕادەگیرێ. هەروەها [1] کەسێک لە خزمان یا جیا لەوانیش ڕێگە لە یەکێک بگرێ کە شایستەیی هاوسەرگیرییە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ هاوسەرگیریی.

٢-هەرکەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگە (١) ی ئەم ماددەیە بکات بە حەپس کردن بۆ ماوەیەک لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ سزادەدرێ ئەگەر لە خزمەکانی پلە یەک بێ، بەڵام گەر سەرپێچی کەر لە ئەوان نەبوو ئەوا سزاکەی حەپس کردن

---

[1] دەبوو لە پاش وشەی (هەروەها) بنووسرایە (نابێ هیچ ...). لەباتی (کەسێک لە خزمان یا جیا لەوانیش ڕێگە لە یەکێک بگرێ ...) بنووسرایە (خزمێک یان کەسێکی بیانی ڕێگە لە یەکێک بگرێ .....). واتە بەو شێوەیەی لە دێڕی یەکەمی دەقەکەدا هاتووە. ئەم دەقەم جارێکی دی بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە: **نابێ هیچ خزمێک یان** کەسێکی بیانی یەکێک ناچار بکات چ نێر بێ چ مێ بۆ هاوسەرگیریکردن. گرێبەندی بە زۆری بە نادروست دادەنرێت ئەگەر نەچووبێتە پەردەوە و لەگەڵی جووت نەبووبێت، ئەگەر چووبیش ئەوا ڕادەگیرێت. هەروەها نابێ هیچ خزمێک یان کەسێکی بیانی ڕێگە لە هاوسەرگیریکردنی کەسێک بگرێت کە بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونە شایستەیی هاوسەرگیری هەیە.

دەبێ بۆ ماوەیەک لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ یاخود بەندکردنی بۆ ماوەیەک لە دە ساڵ زیاتر نەبێ[1].

**ماددەی حەوتەم**

کارکردن بە حوکمی بڕگەکانی(٢،٥) لە ماددەی دەیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

٢- بەیاننامەکە بە راپۆرتێکەوە دەلکێندرێ کە لە لیژنەی پزیشکی تایبەتمەندەوە دەرچووەو پشتگیریی تەندروستی هەردوو هاوسەرەکە[2] دەکەن لە نەخۆشی(کەمی بەرگەگرتن) ی تووشبوو و بەرهەڵستی تەندروستی و بە بەڵگەنامەی دیکەش کە یاسا دەیکاتە مەرج.

٥- هەر کەسێک گرێبەندی هاوسەرگیریی لە دەرەوەی دادگا بکات بە غەرامەیەک سزا دەدریت کە لە ملیۆنێک دینار کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ و سزاکەی حەپس کردن دەبێ بۆ ماوەیەک لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ

---

[1] بڕگەی دووەمی ماددە ٦ م بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە:
هەر کەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگە ١ ی ئەم ماددەیە بکات، بە لانی کەم دوو ساڵ، ئەوپەڕی پێنج ساڵ زیندانی سزا دەدرێت ئەگەر خزمی پلە یەک بێت. بەڵام ئەگەر سەرپێچیکارەکە خزمی پلە یەک نەبوو، سزاکەی لانی کەم سێ ساڵ، ئەوپەڕی دە ساڵ زیندانییە.

[2] دەبوو لەجیاتی (هەر دوو هاوسەرەکە)، بنووسرایە (ژن و پیاوەکە)، چونکە جارێ نەبوون بە هاوسەری یەکتری تاوەکو دەستەواژەی هاوسەریان بۆ بە کار بهێنرێت.

**ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لە ژیانی هاوسەری دا لە دەرەوەی دادگا گرێدا[1].**

**ماددەی هەشتەم:**

کارکردن بە ماددەی بیست و سێیەم لە یاساکەدا ڕادەگیری و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-[2]

**نەفەقەی ژن دەکەوێتە سەرشانی پیاوەکەی[3]، بەلام لەو حالەتەی کە ژنەکە هەبووبێ، ئەوا بەرپرسیاریەکە هاوبەش دەبێ ئەگەر ژنەکە قایل بوو.**

**ماددەی نۆیەم:**

کارکردن بە بڕگە (١) ی ماددەی بیست و چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

**١-نەفەقەی ژنێک کە هیچ پەیوەست بوونی[1] ژن ومێردایەتی تێکنەدابێ کە لەم یاسایەدا هاتوون بە قەرز دادەنرێ و لە ئەستۆی**

---

[1] لە ژیانی هاوسەریدا، نەک لە ژیانی هاوسەری دا. لە دەرەوەی دادگە گرێ دا، نەک لە دەرەوەی دادگا گرێدا. ئەم بڕگەیەم بەم شێوەیە دارشتۆتەوە: **هەر کەسێک گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگە بکات، بە بژاردنی لانی کەم یەک ملیۆن دینار، ئەوپەڕی سێ ملیۆن دینار سزا دەدرێت. بەلام ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لە ژیانی هاوسەریدا لە دەرەوەی دادگە گرێ دا، بە لانی کەم سێ ساڵ، ئەوپەڕی پێنج ساڵ زیندانی سزا دەدرێت.**

[2] هەر لە ختوخۆڕاییی نیشانەی (:- ) بە کار هێنراوە.

3 دەبوو لەباتی( پیاوەکەی) بنووسرایە ( مێردەکەی).

مێردەکەیدا، دەبێ لەو کاتەی کە مێرد لە خەرج کردنی ئەو نەفەقەیە دەوەستێ و نایدات.

**ماددەی دەیەم**

کارکردن بە حوکمەکانی ماددەی بیست و پێنجەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**یەکەم: لاساری( نشوز): بریتیە لە خۆ بە گەورە زانینی یەکێک لە دوو هاوسەرەکە لەسەر ئەوەکەی دیکەیان وەکو ئەم حالەتانەی خوارەوە[2] :**

**١- مێرد ژنەکەی بە جێبێڵێ یاخود، ژنەکە ماڵی مێردی بەبێ مۆڵەت و[3] بەبێ ڕووی شەرعی جێبێڵێ.**

**٢- بە خراپی جێبەجێ کردنی ئەرکی هاوسەرگیریی هەریەک لەدوو[1] هاوسەرەکە یان کەموکوڕی نواند بە مەبەستی زیان گەیاندن بە هاوسەرەکەی دی.**

---

[1] پەیوەستبوونی، نەک ( پەیوەست بوونی). ژنومێردایەتی، نەک (ژن و مێردایەتی). کە لەم یاسایەدا هاتووە، نەک (کە لەم یاسایەدا هاتوون ) لەو کاتەوەی، نەک (لەو کاتەی) .... . دەبوو وێرگوڵ لە پشت وشەی مێردەکەیدا دانەنرابا. خەرجکردنی نەک (خەرج کردنی).

[2] بریتییە نەک بریتیە. خۆبەگەورەزانین نەک (خۆ بە گەورە زانین). دەبوو لەپاش وشەی دیکە- یان وێرگوڵ دانرابا.

[3] ڕاستتر دەبوو لەباتی (بەبێ مۆڵەت)، (بەبێ ئاگاداری یان بەبێ پرسی..) بنووسرایا، چونکە ئەم پەیوەندییە پەیوەندی نێوان دوو کەسە، پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و دەزگایەکی دەوڵەت نییە تا وشەی مۆڵەت بەکاربهێنرێت.

٤ لە دوو، نەک (لەدوو ). نواندن نەک نواند. زیانگەیاندن، نەک (زیان گەیاندن)، لەسەر، نەک (لە سەر).

٣- ئامادە نەکردنی ماڵی شەرعی لەلایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی بە جۆرێک کە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بگونجێ.
٤- قەدەغەکردنی مێرد یان ژن بۆ هاتنە ناو ماڵ بەبێ پاساوێکی شەرعی.[2]

دووەم: پێویستە لە سەر دادگا پەلە نەکات لە دەرچواندنی حوکمەکەی بە لاساری یەک لە دوو هاوسەرەکە تاکو بە تەواوی ئاگاداری هۆیەکانی لاساری نەبێ و دەبێ هەموو هەوڵەکانی بە کاربێنێ بۆ نەهێشتنی ئەو هۆیانەی ڕێگرن لە پێشی.

سێیەم: لاساری بە هۆیەک لە هۆیەکانی لێک جودابوونەوە دادەنرێ دوای تێپەڕبوونی شەشە مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری پلەی یەکلاکەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە:-
١- ئەگەر پیاوەکە خۆی لاسار بوو، ئەوا پێویستە نەفەقەی ژنەکەی بە درێژایی ماوەی لاساری بدات و لە باری جودابوونەوەشدا، پێویستە[3] مارەیی پاشەکی و نەفەقەی عیددە بدات و قەرەبووی ئەوەی کەوتۆتەسەری بکاتەوە، ئەگەر هاتبێتە سەری.
٢- ئەگەر ژنەکە لاسار بوو، ئەوا لە نەفەقە بێبەش دەکرێ و مارەییە پاشەکیەشی ناکەوێ لە حالەتی لێک جودابوونەوە لە یەکتری دوای چوونە پەردە(دخول)، ئەگەر هەموو مارەییەکەی وەرگرتبێ، دەبێ نیوەی ئەوەی وەری گرتووە بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر جودابوونەوەکە

---

٢ ڕەوا
٣ دەبوو لەباتی وشەی (پێویستە)، وشەی (دەبێ) بنووسرایە، چونکە ئەرکێکە لە ئەستۆی ئەو کەسەدا و دەبێت ئەنجامی بدات.

بەر لە چوونە پەردەوە بێت، ئەوا مارەیی پاشەکیەکەی ناکەوێ و ناچار دەکرێ ئەوەی وەری گرتووە لە مارەیی پێشەکی بیگەڕێنێتەوە.

چوارەم: لێک جودابوونەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە بە تەڵاقی(بائین) دادەنرێ لە جۆری(بەینونە) ی بچووک[1].

ماددەی یازدەم:
کارکردن بە حوکمی ماددەکانی بیست و نۆیەم و سییەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە: (ئەگەر مێرد بەبێ نەفەقە ژنەکەی جێهێشت و خۆی بزر کرد یان نەهاتەوە، یاخود ون بوو یان بەندکرا[2]، دادوەر حوکمی خۆی دەدات بە دانی نەفەقە لە ڕۆژی بەجێهێشتن و سندوقی چاودێری کۆمەڵایەتی نەفەقەی خەمڵێندراوخەرج دەکات).

ماددەی دوازدەم
کارکردن بە حوکمی ماددەی سی و سێیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

---

[1] ئەم دەقەم بەم شێوەیە دارِشتۆتەوە: **جیابوونەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە بە تەڵاقی بائین لە جۆری بەینونەی بچووک دادەنرێت.**

[2] بەند کرا، نەک بەندکرا، چاودێریی کۆمەڵایەتی، نەک چاودێری کۆمەڵایەتی، .... خەمڵێنراو خەرج دەکات، نەک (خەمڵێنراوخەرج دەکات). دەبێ دانایی لە جیاکردنەوەی مادده ١١ و ١٢ لە ڕێی خستنە نێو کەوانەوە چی بێت؟

[3] بۆ هەر، نەک (بۆهەر)، ... یاسا بێت، نەک (.... یاسابێ).

( هیچ ملپێکەچکردنێک لەلایەن مێردەوە ناسەپێندرێتە سەر ژن و ژنەکەش نایسەپێنێتە سەر مێردەکەی بۆهەر[1] کارێک کە پێچەوانەی حوکمەکانی شەریعەت و یاسابێ).

ماددەی سێزدەم:

کارکردن بە حوکمی ماددەی سی و چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

یەکەم: تەڵاقدان بریتیە لە هەڵگرتنی پەیوەندیی هاوسەرگیریی بە شێوەیەکی ڕاشکاو کە شەرع و یاسا دەلالەتی لەسەر دەکەن بەبێ بەستنەوە بە دارشتنێکی سنووردار، یان زمانێکی دیاری کراو[2] بە کەوتنی لەلایەن مێرد یان ژن ئەگەر یەکێکی کردە بریکاری خۆی یان سەر پشک کرابێت یاخود لە دادوەرەوە بێ.

دووەم: گوێ بە وەکالەت[3] نادرێ لە کاتی ڕێکارەکانی تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی و تەحکیم و لە کەتنی تەڵاق ئەگەر بەربەستێک نەبێ لە ئامادەبوونی یەکێک لەدوو هاوسەرەکە.

سێیەم: گوێ بە تەڵاق نادرێ بە ئامادەبوونی دوو شایەدی ڕاستگۆ نەبێ لە کاتی کەوتنیدا یان دان پێدانانی لەبەردەم هەردووکیان یان لەبەردەم دادوەردا.

ماددەی چواردەم:

---

[2] دیاریکراو، نەک (دیاری کراو). لە لایەن مێرد یان ژنەوە، نەک (لەلایەن مێرد یان ژن ). سەرپشک، نەک (سەر پشک). لە لایەن نەک لەلایەن.

[3] گوێ بە بریکاری نادرێت، نەک (گوێ بە وەکالەت نادرێ).

کارکردن بە ماددەی سی و پێنجەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

**١- تەڵاقی سەرخۆش یان شێت و کەم ئەقل و ناچارکراو یان ئەو کەسەی شت لێک جیاناکاتەوە لە ئەنجامی توورەیی یان کارەساتی کتوپڕیاخود پیریی یان نەخۆشی ناکەوێ.**

**٢- تەڵاقی ئەو نەخۆشە دەکەوێ کە نەخۆشی مەرگێتی یان لە بارێکدا بووە کە ئەگەری لە ناوچوونی زۆربێ، ئەگەر لەو نەخۆشیەدا یان لەو حاڵەتەدا مرد، بە مەرجێک هەستی جیاکردنەوەی لە دەست نەدابێت، ژنەکەی دەبێتە میراتگری هەرچەندە تەڵاقەکەش(بائین) بێت[1].**

**ماددەی پازدەم:**

کارکردن بە حوکمی بڕگەی(٢) لە ماددەی سی و حەوتەم لە یاساکەدا ڕادەگیریی و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

**ئەو تەڵاقە ناکەوێ کە بە ژمارە گوتراوە یا، بە هێما[2]، مەگەر یەکێک نەبێ و تەڵاقی( موعتەددە) یش ناکەوێ.**

**ماددەی شازدەم:**

---

[١] لەناوچوونی... زۆر بێت. هەرچەندە تەڵاقەکە ( بائین ) یش بێت.

[٢].... بە ژمارە گوتراوە یان بە هێما، ... .

[٢].. لە کاتی عیددەدا...، گرێبەند کردنەوە نەک گرێبەست کردنەوە. پەرلەمانی کوردستان بۆ تەواوی دەقەکان وشەی گرێبەندی بە کار هێناوە، جگە لەم دەقە نەبێت کە وشەی گرێبەستی بۆ بە کار هێناوە.

کارکردن بە حوکمی بڕگەی(١) لە ماددەی سی و هەشتەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

**تەڵاق دوو بەشە:**

**١- گێڕانەوەیی( رەجعی): دەشێ مێرد لەکاتی عیددە سەردانی ژنەکەی بکات بێ گرێبەستکردنەوە بە مەرجێک ئارەزووی هەردووکیان لەسەر چاکبوونەوەبێت[1].**

**ماددەی حەڤدەم:**

یەکەم: کارکردن بە حوکمی بڕگەکانی (٣،٢) ی ماددەی سی و نۆیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

**٢- مێرد ناچار دەکرێت گۆژمە پارەیەک بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ[2] لە سندوقێکی تایبەتی چاودێری خێزان دابنێ لەلای دادگا لەکاتی بەرزکردنەوەی داوای تەڵاق.**

**٣- ئەگەر مێرد ژنەکەی تەڵاق دا و لەلای دادگا ساغ بووەوە کە پیاوەکە[3] خەتابارە لە تەڵاق دانی و ژنەکەی لەو بارەیەوە تووشی زیان بووبوو، ئەوا دادگا حوکم دەدات لەسەر ئەو داوایەی ژنەکە**

---

١ نووسینی ماوەی (٣) سێ مانگ بە ژمارە و بە نووسین کەمتەرخەمییەکی گەورەیە، چۆن دەقی قانوونی بەم شێوەیە دادەڕێژرێت. لە کاتی بەرزکردنەوەی داوای تەڵاقدا نەک لەکاتی بەرزکردنەوەی داوای تەڵاق.

٢ لە لای دادگە ساخ بۆوە یان بۆ دادگە ساخ بۆوە؟ دەبوو بنووسرێت مێردەکە، نەک پیاوەکە، گوناهبارە، نەک خەتابارە، تەڵاقدانی، نەک تەڵاق دانی. گوناه و توندوتیژییەکەیدا، نەک ( خەتاو...).

٣ ژنی تەڵاقدراو کە.... لە لایەن چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە. دەرفەتی کارکردنی بۆ دەڕەخسێت.

پێشکەشی دەکات، بەوەی کە پیاوەکەی تەڵاقی داوە قەرەبووێکی وای بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایی و پلەی خەتاو توندوتیژیەکەیداو تێکڕا تەخمین دەکرێ بە مەرجێک کەمتر نەبێ لە نەفەقەی سێ ساڵ و زیاتریش نەبێ لە پێنج ساڵ جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون.

دووەم: بڕگەیەک بە زنجیرەی(٤) دەخرێتە سەر ماددەکە بەم جۆرەی خوارەوە:

٤- حکومەتی هەرێم چاودێری ژنی تەڵاقدراوکە[1] هیچ دەستکەوتێکی نەبێ دەخاتە ئەستۆی خۆی و پارەیەکی مانگانەی لەلایەن چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ تەرخان دەکرێ، تاکو دەرفەتێکی کارکردنی بۆ دەرەخسێ، یاخود شوو دەکاتەوە.

ماددەی هەژدەم:

کارکردن بە بڕگەی (٥) ی ماددەی چلەمین لە یاساکەدا ڕادەگرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

٥- ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی لێک جودابوونەوەی دەبێ.

ماددەی نۆزدەم:

یەکەم: کارکردن بە(١،٢)[2] لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی چل و سێیەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

---

[2] مەبەست لە کارکردن بە ١ و ٢ چییە؟ دەبێ مەبەست لێی خاڵی ( ١ و ٢) ی بڕگەی یەکەم بێت. ئەم دەقەم دارشتۆتەوە.

١- ئەگەر مێردەکەی بەندکرا بە سزایەک ئازادی موقەییەد بکات بۆ ماوەی(٣) سێ ساڵ و زیاتر، دواى ساڵێک لە جێبەجێ کردنی، هەرچەندە دەرامەتی هەبێ و خەرجی بکات[1].
٢- ئەگەر مێرد ژنەکەی بۆ ساڵێک و زیاتر بە بێ پاساوی ڕەوا بەجێهێشت و هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێبوونی دیاربێ و دەرامەتی وای هەبێ لێی خەرج بکات.

دووەم: کارکردن بە حوکمی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی چل و سێیەم لە یاساکە لە هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێ.

ماددەی بیستەم:

کارکردن بە بە حوکمی ماددەی چل و چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

(دەشی هۆیەکانی لێک جودابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرگیریی بە هەموو هۆیەکانی سەلماندن و لەوانەش ئەو شایەدییانەی کە گوێیان لێگیراوە، ئەگەر بە تەواوتر هاتبێ و ئەمەش دادگا دیاری دەکات، بەدەر لەو حاڵەتانەی کە یاسا هۆیە دیاریکراوەکانی سەلماندنیانی دەستنیشانکردووە.

ماددەی بیست و یەکەم:

کارکردن بە بڕگەکانی(١، ٣) لە ماددەی چل و شەشەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

---

١- لابردنی کۆتی هاوسەرگیری(خولع) بە دەربڕینی(خولع)ە یاخود بەوەی کە ماناکەی دەبەخشێ، بەرامبەر قەرەبوو کردنەوەیەک زیاتر نەبێ لەوەی وەریگرتووە لە مارەیی دیاریکراو و مەرجیش نییە مێردەکە بەو (خولع)ە رازی بێ ئەگەر دەرکەوت بۆ دادوەر لە ڕێگەی تەحکیمەوە کە ژنەکە ناتوانێ لەگەڵیدا بژی[1].

ماددەی بیست و دووەم:

کارکردن بە ماددەی پەنجایەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

( دەبێ نەفەقەی عیددە بۆ ژنە تەڵاقدراوەکە لەسەر مێردە زیندووەکەی بێ و هیچ نەفەقەیەک بە ناوی عیددەی مردن نادرێت).

ماددەی بیست و سێیەم:

کارکردن بە ماددەی پەنجاو هەشتەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

نەفەقەی هەر مرۆڤێک لە ماڵی خۆیەتی تەنیا ژن نەفەقەکەی لەسەر مێردێتی لەکاتی گرێبەندی تەواودا.

ماددەی بیست و چوارەم

کارکردن بە ماددەی حەفتاو چوارەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

---

[1] دیار بێ، نەک( دیاربێ).( بەبێ)، یەک وشەیە نەک دوو، واتە بەسەریەکەوە دەنووسرێت. لە ڕێگەی ناوبژیوانییەوە، نەک (لە ڕێگەی تەحکیمەوە). ئەم ماددەیەشم دارشتۆتەوە.

١- ئەگەر رۆڵەی رۆڵە لەگەڵ رۆڵەدا کۆبوونەوە یاخود رۆڵەی رۆڵەی رۆڵە لەگەڵ رۆلەی رۆڵەدا کۆبوونەوە و ئەگەر هاتنە خوارەوەش جێی باوکی کۆچکردوویان یان دایکی کۆچکردوویان دەگرنەوە و ئەوەی دەیانکەوێ لە میرات بۆیان دێتە خوار هەرچەندە لە ژیانیش دامابێ، بە مەرجێک لە سێیەکی میراتەکە زیاتر نەبێ، ئەگەر میراتیان نەگرت و باپیر یان داپیر ئەوەی دەیان کەوێ پێیان نەدان و ئەگەر کەمتریان پێدان لەوەسیەتی واجیب بۆیان تەواو دەکرێ[1].

٢- حوکمەکانی وەسیەتی واجیب رۆڵەکانی براو خوشکانیش دەگرێتەوە جا ئەگەر نێر بن یاخود مێ و ئەگەر هاتنە خوارەوەش و بۆ هەردوو هاوسەریش دێتە خوار ئەگەر ژنەکە ئەهلی کیتاب بێ[2].

٣- خاوەن میرات لە سەردەمی ژیانیدا بۆی هەیە ماڵەکەی خۆی بەسەر میراتگرانی نێرو مێ بەیەکسانی دابەش بکات، یاخود ئەمە رابسپێرێ بەمەرجێک لەسێ یەکی میراتەکە زیاتر نەبێ و بەڕەزامەندیی ئەوانی تربێ ئەگەر لەسێیەک پتربوو[3].

٤- خاوەن میرات بۆی هەیە رابسپێرێ پتر نەبێ لە سێیەکی میراتەکەی بدات بە میراتگرێک.

---

١ باوکی کۆچکردوو یان دایکی کۆچکردوویان ... لە ژیانیشدا مابێ، نەک (لە ژیانیش دامابێ) ئەم دامابێیەی دوایی بە واتای داماں دێت. برا و خوشکانیش، نەک (براو خوشکانیش).

٢ ئەگەر ژنەکە لە پێڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکان بێت، نەک ئەهلی کیتاب بێ.

١

لە ماوەی ژیانیدا نەک لە سەردەمی ژیانیدا. لە سێیەکی میراتەکە نەک لە سێ یەکی. لە سێیەک پتر بوو نەک لەسێیوک پتربوو.

٥- ئەگەر وەسیەتی ئەرک( واجیب) ناکۆک بوو لەگەڵ وەسیەتی هەڵبژێردراو( ئیختیاری) ئەوەی یەکەمیان پێش هی دووەمیان دەخرێ.

ماددەی بیست و پێنجەم:

کارکردن بە حوکمی برگە(١) لە ماددەی نەوەدو یەکەم لە یاساکەدا ڕادەگیرێ وە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:-

١/ مێرد لەگەڵ لقی میراتگری ژنەکەی چوارەیەکی دەکەوێ و ئەگەر نەیبێ ئەوا نیوەی دەکەوێ. بەڵام ژن لەگەڵ بوونی لقی میراتگر ئەوا هەشت یەک دەگرێ و لەکاتی نەبوونیشی ئەوا چواریەک دەگرێ دوایی دەرهێنانی بەشەکەی خۆی کە بەشداریی کردووە لە پێکەوە نانی جێ ماوەکە(الترکە)(میراتەکە) دا[1].

ماددەی بیست و شەشەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێک ناکرێت ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێ.

ماددەی بیست و حەوتەم:

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران ولایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن[2].

---

[1] دەبێ مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم دوو نیشانەیە ( /، :- ) چی بێت؟ نەوەد و یەکەم، نەک ( نەوەدو یەکەم ). چواریەکی دەکەوێ، نەک ( چوارەیەکی دەکەوێ). هەشتیەک، نەک ( هەشت یەک). بەشداری کردووە. پێکەوەنانی، نەک ( پێکەوە نانی). جێماوەکە، نەک ( جێ ماوەکە).

[٢] ... . ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە..... .

ماددەی بیست و هەشتەم:
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

عدنان موفتی /سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

وا لە خوارەوە تەواوی قانوونەکە دەخەمەڕوو، کە خۆم بەشێکیم دارشتۆتەوە:

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان-ئێراق**[1]

بە پشتبەستن بە حوکمی بڕگە ۱ ی مادده ٥٦ لە قانوونی ژمارە ۱: ۱۹۹۲ی هەموارکراو، لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-ئیراق، پەرلەمانی کوردستان-ئیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ١٥[2] ی ڕۆژی ۱۳/۱۱/ ۲۰۰۸ دا ئەم قانوونەی دەرکرد:

**قانوونی ژمارە ١٥:٢٠٠٨**

**قانوونی هەموارکردنی جێبەجێکردنی قانوونی باری کەسێتی ژمارە ۱۸۸:۱۹٥۹ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-ئێراق**

مادده ۱

**یەکەم:** کارکردن بە بڕگە ۱ ی مادده ۳ ی قانوونی ژمارە۱۸۸:۱۹٥۹ ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-ئێراق ڕادەگیرێت و ئەوەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**۱. هاوسەرگیری، گرێبەندێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاودا، کە بە هۆیەوە هەر یەک بۆ ئەوەکەی دی بەپێی شەرع حەلاڵ دەبێت و**

---

[1] دوای چەند هەفتەیەک لە پەسەندکردنی ئەم قانوونە، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان-ئێراق کرا بە پەرلەمانی کوردستان- ئێراق.

[2] لە بەرگی ژمارە ۹٥ ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا لەباتی قانوونی ژمارە ١٥، قانوونی ژمارە ١٦ نووسراوە. لە کاتێکدا قانوونی ژمارە ١٦ تایبەتە بە قانوونی پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان نەک ئەم قانوونە.

مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و بەزەیی و بەرپرسیاریەتی هاوبەش بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونە.

دووەم: کارکردن بە برگەکانی (٤، ٥، ٦، ٧) ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
نابێ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک پتر بکرێت، مەگەر بە ڕێگەپێدانی دادوەر نەبێت. دەبێ ڕێگەدانیش ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:
ا) لە بەردەم دادگە ڕەزامەندیی هاوسەری یەکەم لەسەر ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێت.
ب) تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێنراو کە ڕێگر بێت لە کاری سەرجێی هاوسەری و هیوای چاکبوونەوەی نەبێت، یان نەزۆک بێت و بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند سەلمێنرا بێت.
ج) ئەو پیاوەی ژنی دووەمی دێنێت، دەبێ[1] توانای دارایی وای هەبێت کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێک بکات و ئەمەش بە بەڵگەنامەی فەرمی بسەلمێنێت و لە کاتی ڕێککاری گرێبەندی هاوسەرگیرییەکەدا پێشکەش بە دادگەی بکات.
د) دەبێ مێردەکە لە بەردەم دادگە بەر لە گرێدانی گرێبەندی هاوسەرگیرییەکە بەڵێننامەیەک بە نووسین پێشکەش بکات بە بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوانی هەر دوو هاوسەرەکەی لە چوونە سەرجێی هاوسەری و پەیوەندییەکانی دیکەی هاوسەری لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە.

[1] من خۆم وشەی (دەبێ)م بۆ دەقەکە سەربار کردووە، کە پەرلەمان لە بیری کردبوو. هەروەها وشەی (دەبێ)ی ڕستەی دووەمیشم هەڵگرتووە.

ه) نابێ ژنەکە مەرجی هەوێ بەسەر نەهاتنی لە گرێبەندی هاوسەرگیرییەکەدا دانابێت[1].
و) هەر کەسێکی گرێبەندی هاوسەرگیری بۆ پتر لە ژنێک بە پێچەوانەی هەر یەک لە خاڵی(ا، ب، ج، د، ه) ی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بکات، بە لانی کەم شەش مانگ، ئەوپەڕی ساڵێک زیندانی[2] و بە بژاردنی دە ملیۆن دیناریش سزا دەدرێت.
ز) نابێ دادوەر جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی لە خاڵی ( و ) دا هاتوون، ڕابگرێت.

ماددە ٢
کارکردن بە ماددە ٥ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
شایستەیی لە گرێبەندی هاوسەرگیریدا بە بوونی ئەو مەرجانە دێتە دی کە دەبێت[3] لە هاوگرێبەندەکاندا هەبن یان لەو کەسانەی کە جێیان دەگرنەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونە.

ماددە ٣

---

[1] داڕشتنی ئەم دەقەم بەم شێوەیە پێ ڕاستترە لەوەی پەرلەمان.
[2] وا باشترە پەرلەمانی هەرێم چیتر کار بە ماددە ٨٧ و ٨٨ ی قانوونی سزای ئێراقی نەکات، بە هۆی ئەوەی کوردی و عەرەبی دوو زمانی جیاوازن، وا باشترە دەستەواژەی زیندانی بە کار بهێنێت و لانی کەمی زیندانیش بە دوو هەفتە دیاری بکات.
دەبوو خاڵی(و ، ز ) لە بڕگەیەک یان ماددەیەکی سەربەخۆدا ڕێک بخرایە، چونکە ئەم دوو خاڵە مەرج نین.

[3] وشەی ( دەبێ) م لەباتی وشەی ( پێویست) داناوە.

**یەکەم:** کارکردن بە خاڵی (د) ی بڕگە ۱ی ماددە ۳ ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
۱.
**د) شایەتیدانی دوو شایەد کە شایستەیی قانوونییان هەبێت بۆ گرێبەندی هاوسەرگیریەکە، لێرەدا ژن و پیاو یەکسانن.**
دووەم: بڕگەیەک بە ژمارە ٥ دەخرێتە سەر ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:
**٥. هاوسەرەکە بۆی هەیە لە کاتی گرێدانی گرێبەندی هاوسەرگیریدا مێردەکەی مافی ئەوەی بداتێ کە تەڵاقی بەدەست بێت.**

ماددە ٤
کارکردن بە بڕگەی ۲ ماددە ۷ لە قانوونەکەدا ڕادەگیرێت و ئەوەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
**دادوەر بۆی هەیە ڕێ بدات بەو لایەنەی کە نەخۆشی هۆشی هەیە، هاوسەرگیری بکات، ئەگەر بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند دەرکەوێت کە هاوسەرگیرییەکەی زیان بە کۆمەڵگە ناگەیەنێت و لە بەرژەوەندی خۆیدایە، بە مەرجێک لایەنەکەی دی لە کاتی گرێدانی هاوسەرگیرییەکە بە ڕوونی و بە نووسین قایل بێت.**

ماددە ٥
**یەکەم:** کارکردن بە بڕگە ۱ ی ماددە ۸ ی ئەم قانوونە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
**هەر کەسێکی شانزەساڵی تەمەنی پڕ کردەوە و داوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە ڕێی پێ بدات، ئەگەر دەرکەوت شایستەیی و توانای جەستەیی هەیە، ئەمەیش دوای ڕەزامەندیی سەرپەرشتیاری**

**شەرعی دەبێت. ئەگەر سەرپەرشتیار ڕێگر بوو، ئەوا دادوەر داوای لێ دەکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا قایل بێت، ئەگەر ڕەخنەی نەگرت یان ڕخنەکەی شیاوی ئەوە نەبوو گوێی پێ بدرێت، ئەوا دادوەر ڕێ بەو هاوسەرگیرییە دەدات.**

**دووەم:** بڕگەیەک بە زنجیرە ( ٢ ) [1] دەخرێتە سەر ماددەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٢. دایک بە سەرپەرشتیار دادەنرێت کە باوک مردبێت یان دیار نەبێت و دایکەکە بەخێوی کردبێت و لە لای بێت.**

ماددە ٦

کارکردن بە بڕگە (١ و ٢ ) ی ماددە ٩ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**١. نابێ هیچ خزمێک یان کەسێکی بیانی کەسێک ناچار بکات چ نێر بێت چ مێ بۆ هاوسەرگیریکردن بەبێ ڕەزامەندیی خۆی. گرێبەندی بە زۆری بە نادروست دادەنرێت ئەگەر نەچووبێتە پەردەوە و لەگەڵی جووت نەبووبێت، ئەگەر چووبیش ئەوا ڕادەگیرێت.**

**هەروەها نابێ هیچ [2] خزمێک یان کەسێکی بیانی ڕێ لە هاوسەرگیریکردنی کەسێک بگرێت کە بەپێی حوکمەکانی ئەم قانوونە شایستەیی هاوسەرگیریکردنی هەیە.**

---

[1] قانوونە کوردستانییەکە لەباتی بڕگەیەک بە زنجیرە ٢، بڕگەیەک بە زنجیرە ٣ نووسراوە، لە کاتێکدا ماددە ٨ ی قانوونە ئێراقیەکە بەسەر بڕگەدا دابەش نەکراوە وەک قانوونە کوردستانییەکە ئاماژەی بۆ کردووە. بەلکو لە ڕێی قانوونە کوردستانییەکەوە بووە بە دوو بڕگە.

[2] دەبوو لە دەقەکەی پەرلەمانیش لە پاش وشەی(هەروەها ) بنووسرایە( نابێ هیچ....). لەباتی( کەسێک لە خزمان یان جیا لەوانیش ڕێگە لە یەکێک

**٢. هەر کەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگە ١ ی ئەم ماددەیە بکات، بە لانی کەم دوو ساڵ، ئەوپەڕی پێنج ساڵ زیندانی سزا دەدرێت، ئەگەر خزمی پلە یەک بێت. بەڵام ئەگەر سەرپێچیکارەکە خزمی پلە یەک نەبوو، بە لانی کەم سێ ساڵ، ئەوپەڕی دە ساڵ زیندانی سزا دەدرێت.**

مادده ٧

کارکردن بە بڕگە (٢ و ٥ ) ی مادده ١٠ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەوەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**٢. بەیاننامەکە بە ڕاپۆرتێکەوە هاوپێچ دەکرێت کە لە لیژنەی پزیشکی تایبەتمەندەوە دەرچووە و پشتگیریی لە تەندروستی ژن و پیاوەکە[1] دەکات لە نەخۆشی (کەمی بەرگەگرتن ) ی تووشبوو و بەرهەڵستی تەندروستی و بەڵگەنامەی دیکەش کە قانوون دەیکاتە مەرج.**

**٥. هەر کەسێک گرێبەندی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگە بکات، بە بژاردنی لانی کەم یەک ملیۆن دینار، ئەوپەڕی سێ ملیۆن دینار سزا دەدرێت. بەڵام ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکەی لە ژیانی هاوسەریدا**

---

بگرێ...) بنووسرایە(خزمێک یان کەسێکی بیانی ڕێگە لە یەکێک بگرێ...). واتە بە شێوەی ئەم دەقەی سەرەوە. هەروەها( بەبێ ڕەزامەندی خۆی)م لە بڕگە ١ مادده ٦ دا هەڵگرتووە بە هۆی ئەوەی ناچارکردنی کەسێک بۆ هاوسەرگیریکردن بە واتای ئەوە دێت کە ئەو کەسە بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نییە، بۆیە پێویستی نەدەکرد [2]پەرلەمانی هەرێم ئاماژە بۆ (بەبێ ڕەزامەندی خۆی) بکات.

[1] پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەباتی (ژن و پیاوەکە) نووسیوویەتی هەر دوو هاوسەرەکە، ناشێ بەو ژن و پیاوە بڵێین هاوسەر، کە جارێ هاوسەرگیرییان گرێ نەداوە. ئەوە هەڵە نییە، بەلکو کارەساتە.

لە دەرەوەی دادگە گرێ دا، بە لانی کەم سێ ساڵ، ئەوپەڕی پێنج ساڵ زیندانی سزا دەدرێت.

ماددە ٨
کارکردن بە ماددە ٢٣ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
بژیویی ژن لە ئەستۆی مێردەکەیدایە. بەڵام ئەگەر ژنەکە هەبوو بێت ئەوا بەرپرسیاریەتیەکە هاوبەش دەبێت ئەگەر ژنەکە قایل بێت.

ماددە ٩
کارکردن بە بڕگە ١ ی ماددە ٢٤ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

١. بژیویی ژنێک کە هیچ پەیوەستبوونێکی ژنومێردایەتی تێک نەدابێت کە لەم قانوونەدا هاتووە، بژێوییەکە بە قەرز دادەنرێت و لە ئەستۆی مێردەکەیدا دەبێت لەو کاتەوەی مێردەکە لە پێدانی بژیوییەکە دەوەستێت و نایدات.

ماددە ١٠
کارکردن بە ماددە ٢٥ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
یەکەم: لاساری بریتییە لە خۆبەگەورەزانینی یەکێک لە هاوسەرەکان لەسەر ئەوەکەی دیکەیان، وەکو ئەم بارانەی خوارەوە:
١. مێرد ژنەکەی بە جێ بهێڵێت یان ژنەکە ماڵی مێردی بەبێ پرس و ڕووی شەرعی بە جێ بهێڵێت.

٢. بە خراپی جێبەجێکردنی ئەرکی هاوسەرگیریی هەر یەک لە دوو هاوسەرەکە یان کەموکوڕی نواندن بە مەبەستی زیانگەیاندن بە هاوسەرەکەی دی.
٣. ئامادەنەکردنی ماڵی شەرعی لە لایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی بە جۆرێک کە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بگونجێت.
٤. قەدەخەکردنی مێرد یان ژن بۆ هاتنە ناو ماڵ بەبێ پاساوێکی ڕەوا.

دووەم: پێویستە لەسەر دادگە پەلە نەکات لە دەرچواندنی حوکمەکەی بە لاساری یەکێک لە دوو هاوسەرەکە تا بە تەواوی ئاگاداری هۆیەکانی لاساری نەبێت و دەبێت هەموو هەوڵەکانی بە کار بهێنێت بۆ نەهێشتنی ئەو هۆیانەی ڕێگرن لە پێشی.

سێیەم: لاساری بە هۆیەک لە هۆیەکانی لێک جیابوونەوە دادەنرێت دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری پلەی یەکلاکەرەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:
١. ئەگەر مێردەکە خۆی لاسار بوو، ئەوا دەبێ بژیویی ژنەکەی بە درێژایی ماوەی لاساری بدات و لە باری جیابوونەوەشدا دەبێ مارەیی پاشەکی و بژیویی عیددە بدات و قەرەبووی ئەوەی کەوتۆتە ئەستۆی بکاتەوە، ئەگەر کەوتبێتە ئەستۆی.
٢. ئەگەر ژنەکە لاسار بوو، ئەوا لە بژیوی بێبەش دەکرێت و مارەیی پاشەکیشی ناکەوێت، کاتێک جیابوونەوەکە دوای چوونە پەردەوە بێت، ئەگەر هەموو مارەییەکەی وەرگرتبێت، دەبێ نیوەی ئەوەی وەریگرتووە، بیگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەگەر جیابوونەوەکە بەر لە چوونە پەردەوە بێت، ئەوا مارەیی پاشەکی ناکەوێت و ناچار دەکرێت ئەوەی لە مارەیی پێشەکی وەریگرتووە، بیگەڕێنێتەوە.

**چوارەم: جیابوونەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە بە تەڵاقی بائین لە جۆری بەینونەی بچووک دادەنرێت.**

**مادده ١١**

کارکردن بە مادده ٢٩ و ٣٠ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێیان دەگرێتەوە:

**ئەگەر مێرد ژنەکەی بەبێ بژیوی بە جێ هێشت و خۆی بزر کرد، نەهاتەوە، ون بوو یان بەند کرا، دادوەر بڕیاری خۆی دەدات بە پێدانی بژیوی لە ڕۆژی بەجێهێشتنەوە، سندوقی چاودێریی کۆمەڵایەتیش بژیویی خەملێنراو خەرج دەکات.**

**مادده ١٢**

کارکردن بە مادده ٣٣ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**هیچ ملپێکەچکردنێک لە لایەن مێردەوە ناسەپێنرێتە سەر ژن و ژنیش نایسەپێنێتە سەر مێردەکەی بۆ هەر کارێک کە پێچەوانەی حوکمەکانی شەریعەت و قانوون بێت.**

**مادده ١٣**

کارکردن بە مادده ٣٤ ی قانوونەکەدا ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**یەکەم: تەڵاقدان بریتییە لە هەڵگرتنی پەیوەندیی هاوسەرگیری بە شێوەیەکی ڕاشکاو کە شەرع و قانوون دەلالەتی لەسەر دەکەن بەبێ بەستنەوە بە داڕشتنێکی سنووردار یان زمانێکی دیاریکراو،**

بە کەوتنی لە لایەن مێرد یان ژنەوە بێت، یان ئەگەر یەکێکی کردە بریکاری خۆی یان سەرپشک کرابێت یان لە دادوەرەوە بێت.
دووەم: لە کاتی ڕێککارەکانی تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی و ناوبژیوانی و کەوتنی تەڵاقدا[1] گوێ بە بریکاری نادرێت، ئەگەر بەربەستێک نەبێت لە ئامادەبوونی یەکێک لە دوو هاوسەرەکە.
سێیەم: بە ئامادەبوونی دوو شایەدی ڕاستگۆ نەبێت گوێ بە تەڵاق نادرێت لە کاتی کەوتنیدا یان دانپێدانانی لە بەردەم هەر دووکیان یان لە بەردەم دادوەردا.

ماددە ١٤

کارکردن بە ماددە ٣٥ ی قانوونەکەدا ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
١. تەڵاقی سەرخۆش، شێت، کەمهۆش[2] و ناچارکراو یان ئەو کەسەی شت لێک جیا ناکاتەوە لە ئەنجامی تووڕەیی، کارەساتی کتوپڕ، پیریی یان نەخۆشی، ناکەوێت.
٢. تەڵاقی ئەو نەخۆشە دەکەوێت کە نەخۆشی مەرگێتی یان لە بارێکدا بووە کە ئەگەری نەمانی زۆر بێت، ئەگەر لەو نەخۆشییە یان لەو بارەدا مرد، بە مەرجێک هەستی جیاکردنەوەی لەدەست نەدابێت ژنەکەی دەبێتە میراتگری، هەرچەندە تەڵاقەکە بائینیش بێت.

ماددە ١٥

[1] لە دەقەکەدا لەباتی (..کەوتنی تەڵاقدا ) نووسراوە (..کەتنی تەڵاقدا)، کە دوو وشەی زۆر جیاوازن و نێوەڕۆکی دەقەکەی تەواو شێواندووە.

[2] کەمئەقڵ.

کارکردن بە بڕگە ٢ ی ماددە ٣٧ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
**ئەو تەڵاقە ناکەوێت کە بە ژمارە گوتراوە یان بە هێما، مەگەر یەکێک نەبێت، و تەڵاقی موعتەددەش ناکەوێت.**

**ماددە ١٦**
کارکردن بە بڕگە ١ ی ماددە ٣٨ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
**١. گێڕانەوەیی (ڕەجعی): دەشێ مێرد لە کاتی عیدەدا سەردانی ژنەکەی بکات بەبێ گرێبەند کردنەوە، ئەمە بە مەرجێک ئارەزووی هەر دووکیان لەسەر چاکبوونەوە بێت.**

**ماددە ١٧**
**یەکەم:** کارکردن بە بڕگە ( ٢ و ٣ ) ی ماددە ٣٩ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
**٢. لە کاتی بەرزکردنەوەی داوای تەڵاقدا، مێرد ناچار دەکرێت بڕە پارەیەک بۆ ماوەی سێ مانگ لە سندوقێکی تایبەتی چاودێریی خێزان لە لای دادگە دابنێت.**
**٣. ئەگەر مێرد ژنەکەی تەڵاق دا و بۆ دادگە ساخ بووەوە کە مێردەکە گوناهبارە لە تەڵاقدانی و ژنەکەی لەو بارەیەوە تووشی زیان بووبوو، ئەوا دادگە بڕیار لەو داوایە دەدات کە ژنەکە پێشکەشی دەکات بەوەی ئەو پیاوە قەرەبوویێکی وای بکاتەوە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایی و پلەی گوناە و توندوتیژییەکەیدا، تێکڕای دەخەملێنرێت بە مەرجێک کەمتر نەبێت لە بژێویی سێ ساڵ و پتریش نەبێت لە پێنج ساڵ، جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراون.**

**دووەم:** بڕگەیەک بە زنجیرە ٤ دەخرێتە سەر ماددەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٤. حکومەتی هەرێم چاودێریکردنی ئەو ژنە تەڵاقدراوەی کە هیچ دەستکەوتێکی نییە دەخاتە ئەستۆی خۆی و پارەیەکی مانگانەی لە لایەن چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە بۆ تەرخان دەکات تا دەرفەتی کارکردنی بۆ دەرەخسێت یان شوو دەکاتەوە[1].**

**ماددە ١٨**

کارکردن بە بڕگە ٥ ی ماددە ٤٠ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەمی مافی داواکردنی جیابوونەوەی دەبێت.

**ماددە ١٩**

**یەکەم:** کارکردن بە خاڵی (١ و٢ ) ی بڕگە ١ی ماددە ٤٣ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوەجێی دەگرێتەوە:

**١. ئەگەر مێردەکەی بە سزایەکی ئازادیبەند بۆ ماوەی سێ ساڵ و پتر حوکم درا، دوای ساڵێک لە جێبەجێکردنی،هەرچەند دەرامەتی هەبێت و بتوانێ لێیشی خەرج بکات.**

**٢. ئەگەر مێرد ژنەکەی بۆ ساڵێک و پتر بەبێ پاساوی ڕەوا بە جێ هێشت، هەرچەندە مێردەکە شوێنی نیشتەجێبوونیشی دیار بێت و دەرامەتی ئەوتۆیشی هەبێ لێی خەرج بکات.**

---

[1] ئەم دەقەشم وەکو چەند دەقێکی دیکەی ئەم قانوونە داڕشتۆتەوە، کە لە دەقەکەی پەرلەمانی کوردستان ڕوونترە.

دووەم: کارکردن بە بڕگە ٣ ی ماددە ٤٣ ی قانوونەکە لە هەرێمی کوردستان ڕادەگیرێت.

ماددە ٢٠

کارکردن بە ماددە ٤٤ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**دەشێ هۆکارەنی جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرگیری بە هەموو هۆیەکانی سەلماندن بسەلمێنرێت،لەوانەیش ئەو شایەدییانەی کە گوێیان لێ گیراوە، ئەگەر بە تەواوتر هاتبێت و ئەمەیش دادگە دیاری دەکات، بەدەر لەو بارانەی کە قانوون هۆیە دیاریکراوەرکانی سەلماندنیانی دەستنیشان کردووە[1].**

ماددە ٢١

کارکردن بە بڕگەکانی ١ و ٣ ی ماددە ٤٦ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**١. لابردنی کۆتی هاوسەرگیری(خولع ) بە دەربڕیتی( خولع )ە یان بەوەی کە ماناکەی دەبەخشێت، بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەک پتر نەبێت لەوەی لە مارەیی دیاریکراو وەریگرتووە و مەرجیش نییە مێردەکە بەو(خولع)ە قایل بێت ئەگەر دادوەر بۆی دەرکەوت کە ژنەکە لە ڕێی نێوبژیوانییەوە ناتوانێت لەگەڵیدا بژیەت.**

---

[1] ئەو هەموارکارییەی لەم ماددەیەدا کراوە، سەربارکردنی (**هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرگیری**) – یە بۆ دەقەکە. پەرلەمانی کوردستان لە داڕشتنی ئەم دەقەدا لە بیری کردووە لە پاش وشەی سەلماندن، وشەی ( بسەلمێنرێت) بنووسێت.

**مادده ٢٢**

کارکردن بە مادده ٥٠ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**دەبێ بژێوی عیددە بۆ ژنە تەڵاقدراوەکە لە ئەستۆی مێردە زیندووەکەیدا بێت و هیچ بژێوییەک بە ناوی عیددەی مردن نادرێت.**

**مادده ٢٣**

کارکردن بە مادده٥٨ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**بژێویی هەر مرۆڤێک لە ئەستۆی خۆیدایە، تەنیا بژێویی ژن لە ئەستۆی مێردەکەیەتی لە کاتی گرێبەندی تەواودا.**

**مادده ٢٤**

کارکردن بە مادده ٧٤ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**١. ئەگەر ڕۆڵەی ڕۆڵە لەگەڵ ڕۆڵەدا کۆبوونەوە یان ڕۆڵەی ڕۆڵە لەگەڵ ڕۆڵەی ڕۆڵەدا کۆبوونەوە و ئەگەر هاتنە خوارەوەش جێی باوکی کۆچکردوو یان دایکی کۆچکردوویان دەگرنەوە و ئەوەی لە جێماو دەیانکەوێت بۆیان دێتە خوار، هەرچەندە لە ژیانیشدا مابێت، بە مەرجێک لە سێیەکی جێماوەکە پتر نەبێت، ئەگەر میراتیان نەگرت و باپیر یان داپیر ئەوەی دەیانکەوێت پێیان نەدان و ئەگەر کەمتریان پێدان لە وەسیەتی واجیب بۆیان تەواو دەکرێت.**

٢. حوکمەکانی وەسیەتی واجیب رۆڵەکانی برا و خوشکانیش دەگرێتەوە جا ئەگەر نێر بن یان مێ و ئەگەر هاتنە خوارەوەش و بۆ هەر دوو هاوسەریش دێتە خوار ئەگەر ژنەکە لە پێڕەوانی ئایینە ئاسمانیەکان بێت.
٣. خاوەن میرات لە ماوەی ژیانیدا بۆی هەیە سامانی خۆی بەسەر میراتگرانی نێر و مێ بە یەکسانی دابەش بکات، یان سامانەکە ڕابسپێرێت بە مەرجێک لە سێیەکی جێماوەکە پتر نەبێت و بە ڕەزامەندیی ئەوانی دیکە بێت ئەگەر لە سێیەک پتر بوو.
٤. خاوەن میرات بۆی هەیە سامانەکەی ڕابسپێرێت،کە لە سێیەکی میراتەکەی پتر نەبێت.
٥. ئەگەر ڕاسپێریی[1] ئەرک ناکۆک بوو لەگەڵ ڕاسپێریی هەڵبژێردراو، ئەوەی یەکەمیان پێش هی دووەمیان دەخرێت.

مادده ٢٥
کارکردن بە بڕگە١ ی مادده ٩١ ی قانوونەکە ڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
١. مێرد لەگەڵ لقی میراتگری ژنەکەی چواریەکی دەکەوێت، ئەگەر نەیبێت ئەوا نیوەی دەکەوێت. بەڵام ژن لەگەڵ بوونی لقی میراتگر ئەوا هەشتیەک دەگرێت و لە کاتی نەبوونیشی ئەوا چواریەک دەگرێت دوای دەرهێنانی بەشەکەی خۆی کە بەشداری کردووە لە پێکەوەنانی جێماوەکەدا.

مادده ٢٦

[1] وەسێت، وەسیەت.

کار بە هیچ دەقێکی قانوونی یان بڕیارێک ناکرێت ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم قانوونەدا ناکۆک بێت.

ماددە ٢٧

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم قانوونە جێ بەجێ بکەن.

ماددە ٢٨

ئەم قانوونە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا جێ بەجێ دەکرێت.

عدنان موفتی/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

سوپاس

- سوپاسی کاک محەمەد موهتەدی دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی بەشێکی ئەم پەرتووکەی لە ئەستۆ گرت.

- سوپاسی کاک خەبات عارف دەکەم کە بە چەند تێبینیەکی زمانەوانی کۆمەکی پێ کردم.



کاوە ب. محەمەدئەمین( کاوە بەکر مەنسور)
لەدایکبووی ١٩٦١- کۆیە
دەرچووی کۆلێژی قانوون و ڕامیاری- بەشی قانوون/ ١٩٨٢-١٩٨٣
لە بەرهەمەکانی نووسەر:
١. سزای کوشتن
٢. تاوانە سێکسییەکان لە قانوونی سزای سویدیدا
٣. پیتاندنی دەستکرد لە ڕوانگەی پەیمانی مافەکانی منداڵ و قانوونی سویدیدا
٤. توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە کۆمەڵگەی سویدیدا